# بەدەست خۆمانە
# توندوتیژی دژی ژنان راگرین!

# بەدەست خۆمانە
# توندوتیژی دژی ژنان راگرین!

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
پەری شاكەلی

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

● بەدەست خۆمانە توندوتیژی دژی ژنان راگرین!
● وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پەری شاکەلی
● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
● بەرگ: ئاسۆ مامزادە
● ژمارەی سپاردن: ١٦٢٤
● نرخ: ١٥٠٠ دینار
● چاپی یەکەم ٢٠٠٩
● تیراژ:١٠٠٠ دانە
● چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٤٠٦)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com



سوپاس و پێزانین

بۆ دادە (دایکم)، بۆ هاندانەکانی، بۆ بوونی.
بۆ مەجید، کە هەموو کات هاوکاری کردم...

## ناوەرۆك

**پێشەکی** ........................................................ ٧

**بەشی یەکەم**

بەدەست خۆمانە "توندوتیژی دژی ژنان راگرین!" ........................ ١٣

**بەشی دووەم**

سێکسوالیتە و توندوتیژی و مافەکان .................................. ٣٧

**بەشی سێیەم**

کولتور، کۆمەڵ و گەردونیبوون (جیهانیبوون)............................. ٥٧

**بەشی چوارەم**

مەترسیی چەندلایەنە- هەژاری، ناوزڕاندن و هەڵاواردن .................. ٧١

**بەشی پێنجەم**

ناکۆکی و توندوتیژی دژی ژن ........................................... ٨٥

**بەشی شەشەم**

چاوپۆشی، رووبەڕوونەبوونەوە و سزا نەدانی توندوتیژی ................... ١١٣

**بەشی حەوتەم**

یاسای نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ و توندوتیژی دژی ژن ..................... ١٣٩

**بەشی هەشتەم**

سیستەمە یاساییە هاوتەریبەکان ........................................ ١٥٩

**بەشی نۆیەم**

خۆڕێکخستن بۆ گۆڕانکاری- دروستکردنی جیاوازی ......................... ١٦٩

# پێشەکی

**ئێرین خان، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی**

سالّی پار لە بەندیخانەی ژنـان لـە کـابول چـاوم بـە جـەمیلـەی ١٦ سـالآن کـەوت. بەندیخانەکە پڕ بوو لەو ئافرەتانەی کە تاوانبار کرابوون بـە خیانـەت، لـە دەسـت مێـردی دلّڕەق هەلّهاتن یان ویستی شووکردن بە پیاوی هەلّبژاردەی خۆیان. سالّێك پێشتر جەمیلە لە مالّەکەی خۆی ڕفێندرابوو، ناچارکرابوو کە مێرد بکات و ئازار و لاقەکرابـوو. کاتێـك مامی مێردەکەی هەرەشەی لاقەکردنی لێکرد، چیدی بەرگەی نەگرت و هەلّهـات. بـەلاّم پۆلیس گرتیانەوە و بە تۆمەتی جێهێشتنی مێردەکەی خرایە بەندیخانەوە. جـەمیلـە پێـی گوتم کە دەیەوێت بگەڕێتەوە لای دایك و باوکی، بەلاّم دەترسێت باوکی بیکوژێت، چونکە بەگوێرەی بیروباوەڕی باوکی ئەم شـەرەفی بنـەمالّـەکـەی شـکاندووە. ئـەگـەر باوکیـشی نەیکوژێت، ئەو پیاوەی کە بەزۆر شووی پێکردووە بە دلّنیاییەوە دەیکوژێت. ترسەکەی بێ بناغە نییە. لە سەرەتای هەمان سالّدا سەرۆکی ئـەفغانـستان، حامـد کـەرازی، بڕیـاری لێبوردنی بۆ ٢٠ کچی وەکو ئەم دەرکرد. هەندێك لەو کچانە لەلایەن بنـەمالّـەکانیانـەوە کوژران و ئەوانی دیکەش "بزر بوون". لەگەلّ ئەمەیـشدا چـاوەکـانی جـەمیلـە تریفـەی هیوایان تێدا دەبینرا، کاتێك پێی گوتم کە "ڕۆژێك دێت لە بەندیخانە دێمە دەرەوە، مێـرد بە پیاوێك دەکەم کە خۆم هەلّمبژاردبێت و لە ئازادیدا دەژیم."

هەرگیز پالۆما-م نەدیووە بەلاّم لەڕێگەی دایکییەوە شتم لە بارەیەوە بیـستووە. پالۆمـا یەك لە سەدان ژنی گەنج بوو کە لە شاری (سویداد خوارێز) لەسـەر سـنووری مـەکـسیك و ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکـا کـوژران. لـە قۆنـاغێکی پـتر لـە ١٠ سـالّدا ئـەم ژنانـە دەرفێندران، ئەشکەنجە دەدران، لاقەدەکران و دەکوژران. دەسەلاّتـداران کـارێکی ئـەوتۆیـان نەکرد بۆ لێکۆلّینەوە، بەدواداچوونی یاسایی یان ڕاگرتنی ئەو تاوانانە، چونکە قوربانییەکـان ئافرەتانی هەژارو بێدەسەلاّت بوون و هیچ لایەنگرێکـی سیاسـییان نـەبـوو. زۆربـەیـان بـۆ کارکردن هاتبوونە (سویداد خوارێز) لە ماکیلادۆراس ـ کێلّگەگەلێکی هاوبەش کە لەلایـەن



کۆمپانییە فرە-نەتەوەییەکانەوە لەسەر سنووری مەکـسیك دامـەزرابـوون بـە مـەبـەسـتی سوودوەرگرتن لە نەدانی باج و دەستی کاری هەرزان. ژنانی گەنجـی وەکـو پالۆمـا ئـابووری جیهانییان خستەگەڕ بە هیوای سوودوەرگرتن لێی بەلاّم بوون بە قوربانی جیهانیبوون. ئەوەی لەم کەیسەدا دەرکەوت ئازایەتی دایکی ئەو ژنانە بوو کە لـە (سـویداد خـوارێز)دا کـوژران. ئەوان خۆیان ڕێکخست و دادپەروەرییان خستەگەڕ. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لەگـەلّ ئەوان و کەسانی دیکەدا سەرکەوتن لە گوشار خستنەسەر حکوومەتی فیدرالّیی مەکـسیکی بۆ ئەوەی هەولّبدەن کۆتایی بە کوشتنەکانی (سویداد خوارێز) بهێنن.

چیرۆکی جەمیلە و پالۆما تەنیا دوو نموونەی ناو ملیۆنـان زالّمانـەتـرین گـەنـدەلّیـی مافەکانی مرۆڤی سەردەمی ئێمەن: توندوتیژیی دژی ئافرەتان.

**تایبەتە بەو وێنەیەی خوارەوە** «ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی خۆی ئامادە دەکات بۆ وەگەڕخستنی هەلّمەتە جیهانییەکەی سەبارەت بە ڕاگـرتنی توندوتیـژی دژی ئافرەتـان لەڕێگەی بەرزکردنەوەی ئەم پرسە لە کۆبوونەوەی دووسالّەی ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی لـە مەکسیك لە ئابی ٢٠٠٣دا. دروشمێکی گەورە کە چاپی دەستی بەشـداربوانی لـەسـەرە، لەگەلّ پۆستەرێك کە داوای دادپەروەری بۆ سەدان ژن لە شاری مەکسیکی سویداد خوارێز و چیواوا، پیشاندەدرێت.»



ئافرەتان لە ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر ناوی شەرەفدا دەکوژرێن. کچانی ئەفریقای رۆژئاوا لە ژێر ناوی دابونەریتدا خەتەنە دەکرێن. کۆچبەر و ئاوارەکان لە رۆژئاوای ئەوروپا بەهۆی قەبووڵنەکردنی دابی کۆمەڵایەتیی وڵاتی خانەخوێ دەکەونە بەر هێرش و پەلامار. کچانی گەنجی باشووری ئەفریقا لاقەدەکرێن و تووشی HIV/AIDS دەکرێن، چونکە بەگوێرەی باوەڕی تاوانکارەکان ئەگەر سێکس لەگەڵ کچدا بکەن لەو نەخۆشییە رزگاریان دەبێت. هەروەها لە دەوڵەمەندترین و پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیادا ئافرەتان تا مردن لەلایەن هاوژیانەکانیانەوە دارکاری دەکرێن.

هۆکاری پەرەسەندنی بەم شێوەیەی توندوتیژیی، بۆ چاوپۆشین و رێگەدانی زۆربەی حکوومەتەکان لە ئاست پێڕەوکردنی توندوتیژیی دژی ژنان دەگەڕێتەوە. لە زۆربەی وڵاتاندا یاسا، سیاسەت و کردەوەکان دژی ژنان هەڵاواردن ئەنجامدەدەن، نکۆڵی لە یەکسانییان لەگەڵ پیاودا دەکەن، وایان لێدەکەن کە زۆرتر رووبەڕووی توندوتیژیی ببنەوە. لە زۆر بەشی دنیادا ژنان کەوتوونەتە نێو بازنەی هەژاری، کە بۆ خۆی دەبێتە هۆی پەروەردەکردنی توندوتیژیی. زۆربەی جار رۆڵی ژێندەری و ساختارە (بنیادە) پەیوەندیدارەکان بە کۆمەڵەوە، دەسەڵاتی پیاو لەسەر ژیان و لەشی ژن بەهێز دەکات. لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا رێبەرە ئایینی و میدیاکان ئەو رۆڵ، هەڵوێست و نەریتانە بڵاودەکەنەوە کە دەیانەوێت ژنان بە پلە نزم و ژێردەستە بناسرێنەوە. زۆر جار گرووپە چەکدارەکان یاسا مرۆییە نێونەتەوەییەکان بە گەپجاڕ دەگرن و لاقەکردن وەکو تاکتیکی شەڕ بۆ شکاندن و سووکایەتیکردن بە دوژمن بەکاردەهێنن و تێدا سەرکەوتوو دەبن.

زۆربوونی چەکی سووك، میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگەیەکی فراوان و کاردانەوەی سیاسی دژی مافەکانی مرۆڤ لە چەمکی "شەڕ دژی تیرۆر" تەنیا بۆتە هۆی خراپترکردنی بارودۆخی ژنان.

مافەکانی مرۆڤ گەردوونین ـ توندوتیژیی دژی ئافرەتان پێشێلکردنەکانی مافەکانی مرۆڤی گەردوونی کردووە. ئافرەتانی وڵات و کیشوەری جیاواز، سەر بە



ئایین و کولتوور و کۆمەڵگەی جیاواز، خوێندەوار و نەخوێندەوار، دەوڵەمەند و هەژار، چ ئەوانەی لە نێوەندی شەڕدان و چ ئەوانەشی لە ئاشتیدا دەژین، هەموویان هەڕەشەیەکی هاوبەشیان لێدەکرێت: توندوتیژیی ـ زۆر جار لەلایەن دەوڵەت یان گرووپە چەکدارەکان، کۆمەڵ یان خێزانەکانی خۆیانەوە پەیڕەو دەکرێ.

گەورەترین بەرەنگاری بەرامبەر ئەم بەڵایە لەلایەن تاك تاکەی ئافرەتان و گرووپی ژنان کە هەستانە سەر پێ و دەنگیان هەڵبڕی کە زۆر جار ژیانیشیان لەسەر داناوە، کرا. ئەوان خۆیان بە مەبەستی داواکردنی دادپەروەری رێکخست. ئەوان داوایان کرد رێز لە مافە مرۆڤایەتییەکانیان بگیردرێ، پارێزگارییان لێبکرێ و تەواو بکرێن. لە وەڵامی هەوڵەکانیان، هەنگاوی رچەشکێنی گرنگ لە شێوەی پەیماننامەی نێونەتەوەیی، میکانیزم، یاسا و سیاسەتدا هەڵگیراوە. بەڵام مخابن ئەم دەستکەوتانە بەگوێرەی ویستە راستەقینەکان نین و ئەو بەڵێنانەی کە لە پەیماننامەکاندا هاتوون، هەر لەوێدا دەمێننەوە.

پەیماننامە نێونەتەوەییەکان و میکانیزمەکان کاتێك بەکەڵکن کە بە شێوەیەکی گونجاو ئەنجامبدرێن. ئەگەرنا تەنیا بڵقی سەر ئاون. یاسا و پۆلیسەکان تەنیا کاتێك دەتوانن پارێزگاری پێشکەشبکەن کە رێزیان لێبگیردرێت. ئەگەرنە تەنیا وەکو وشەی سەر کاغەز وان. مافەکانی مرۆڤ کاتێك راستن کە بە شێوەیەکی یەکسان پارێزگارییان دابینبکرێت. کەواتە بەرەنگارییەکە هەر دەمێنێتەوە تا ئەو دەمەی، کە گۆڕانکارییەکان گۆڕانی راستەقینە لە ژیانی ژناندا پێکبهێنن. ئەمە ئەوەیە کە ژنانی سەرانسەری دنیا بانگەشەی بۆ دەکەن.

لەڕێگەی هەڵمەتی "توندوتیژیی دژی ئافرەتان راگرن" رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ ئەو بانگەوازە بۆ چالاکی نواندن. ئێمە لەگەڵ دەستەیەکی فراوانی خەڵك لەناوەوە و دەرەوەی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە رێگەی ئەکتەر و چالاکی هەموو جۆرەوە، بۆ داڕشتنی هەڵمەتێکی چەند لایەنە کە داوای گۆڕان لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی، نەتەوەیی و ناوچەیی بکات، کردووە.

ئێمە داوا لە ڕێبەران، ڕێکخراو و تاکەکەسان دەکەین کە لە بەردەم ڕای گشتیدا پێبەندبوونی خۆیان ڕابگەیەنن بەوەی کە مافەکانی مرۆڤ ڕاستییەك بن بۆ هەموو ژنێك. ئێمە حکوومەتەکان هاندەدەین کە بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بنبڕکردنی هەموو شێوازێکی هەڵاواردن دژی ئافرەتان و پرۆتۆکۆلی هەڵبژاردە بەبێ هیچ مەرجێك، دەنگ بدەن. لە هەندێك وڵاتدا ئێمە داوای لابردنی ئەو یاسایانە دەکەین کە هەڵاواردنیان دژی ژن تێدایە و توندوتیژیی تێیدا زیندوو ڕادەگرێت. لە وڵاتی دیکەدا داوای پەسندکردنی ئەو یاسایانە دەکەین کە پارێزگاری لە ئافرەتان دەکەن، لاقەکردن و شێوازەکانی دیکەی توندوتیژیی سێکسی بە تاوان دەزانن. ئێمە گوێ لە دەنگی ژنان دەگرین، کاریان لەگەڵدا دەکەین و لە ڕێکخستنی خۆیاندا پشتیوانیان دەبین. ئێمە لەگەڵ ئەو کۆمەڵ و دەسەڵاتە ناوچەییانە هاوکاری دەکەین بۆ پشتیوانیکردنی پرۆگرامگەلێك کە یارمەتی ژنان دەدەن بۆ وەدەستهێنانی ژیانێکی بێ توندوتیژی.

ئێمە خەبات دەکەین بۆ دەستڕاگەیشتنی یەکسانی ژنان بە دەسەڵاتی سیاسی و سەرچاوەی ئابووری. ئێمە ڕووبەڕووی ئەو هەڵوێستە ئایینی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە دەبینەوە کە ئافرەتان بە کەم دەگرن و دەیانخەنەبەر مەترسییەوە. ئێمە هەڵمەت بەڕێوەدەبەین بۆ ئەوەی چاوپۆشی لە ئاست توندوتیژیی دژی ئافرەتان، جا چ لە بەرەی شەڕدا یان لە ژووری نووستندا بێت، کۆتایی پێبیت.

ئێمە بەدووی هاوکاریی پیاوان دەگەڕێین. پیاوانیش لە کاتێکدا کە ئافرەتان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە ئازار دەبینن، هەروەها زۆر لەوان لەو بزووتنەوانەی کە دەیانەوێت توندوتیژی دژی ژنان بنبڕبکرێت، بەشداریدەکەن.

ئامانجی هەڵمەتەکەمان ئەوە نییە کە ژنان وەکو قوربانی پیشانبدەین و پیاوان وەکو تاوانکار تۆمەتبار بکەین، بەڵکو مەحکوومکردنی خودی کردەوەی توندوتیژییە. ئەمەیش پێویستی بە گۆڕانکاری لە هەمووماندا هەیە، نەتەنیا وەکو ڕێکخراوە و ئەنستیتۆ بەڵکو وەکو تاکەکەسیش.



ئەم هەڵمەتە وەکو هیچ لەو هەڵمەتانەی کە تا ئێستا ڕێکمانخستوون نییە، چونکە ئەمە داوامان لێدەکات کە بەرپرسیارێتیمان هەبێت. توندوتیژی دژی ژنان کاتێك کۆتایی پێدێت کە هەر کام لە ئێمە ئامادە بێت کە بەڵێن بدات: ئەو کارە نەکات، یان ڕێگە بە کەسانی دیکە نەدات کە بیکەن، یان گوێی پێ نەدات، یان دانەنیشێت تا بنبڕدەکرێت.

توندوتیژیی دژی ئافرەتان گەردوونییە بەڵام شتێکی ناچاری نییە. بەدەستی ئێمەیە کە ڕایگرین. ئێمە دەتوانین توندوتیژیی دژی ئافرەتان کۆتایی پێبهێنین و بە پشتیوانیی خۆمان کۆتایی پێدەهێنین.

# بەشی یەکەم

## بەدەست خۆمانە "توندوتیژی دژی ژنان راگرین!"

"بەڕاستی نازانم چ وای لێکردم ئەو ئێوارەیە بڕیار بدەم تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەم، بەڵام هەمیشە دەڵێم دیمەنی شۆردنەوەی خوێنی خۆم پاڵی پێوەنام." لۆراین ژنێکی بریتانی بوو کە هەمیشە هاوژیانەکەی بۆ ماوەی هەشت ساڵ بوو لێیدەدا، پێش ئەوەی لای هیچ کەس بیدرکێنێت. "خەڵکی لێم دەپرسن بۆ جێم نەهێشتووە، بەڵام هاوسەرەکەم هەڕەشەی لێدەکردم و هەڕەشەکانیشی دەبردنەسەر. من زۆری لێ دەترسام. ترسێکی وا کە لەگەڵێدا بژیت، دەبێتە بەشێکی سروشتیی ژیانت، خۆتی لەگەڵ دەگونجێنی، بەرگەی دەگریت و دەیشاریتەوە". بەشی خزمەتگوزاری فریاکەوتنی بریتانیا لە هەر خولەکێکدا تەلەفۆنێکی بۆ دەکرێت سەبارەت بە توندوتیژیی لەنێو خێزاندا [1]

سێ سەرباز، لە کێڵگەیەکی نزیك یوڤیرای ناوچەی باشووری کیڤۆی بە شەڕ پارچەکراوی کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆ لاقەی نادامبۆی ١٦ ساڵەیان کرد و تەقەیان لە دایکیشی کرد کاتێك ویستی لەسەر کچەکەی بکاتەوە و بیپارێزێت. پاش ئەو پەلامارە، لەکاتێکدا کچەکە خۆی بەپێوە نەدەگرت، بردرایە نەخۆشخانە. لەوێ لەبەر بێ پارەیی تیماریان نەکرد و داوودەرمانیان پێنەدا و نەیتوانی هیچ بەڵگەیەکیش بۆ سەلماندنی لاقەکردن (اغتصاب)ەکە بخاتەڕوو. ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری هاوکارییە مرۆڤایەتییەکان رادەی لاقەکردنی ژنان لەو ناوچەیەدا بەم شێوەیە دەخەملێنێت: ٥٠٠٠ ژن لەو ناوچەیەدا لە نێوان ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ هەتا شوباتی ٢٠٠٣ لاقەکراون. واتە بە رێژەی ٤٠ ژن لە رۆژێکدا.

لە یازدەی مارسی ٢٠٠٢دا لە قوتابخانەیەکی مەککەی عەرەبستانی سعودیدا، پازدە کچی فێرخواز بەسووتان مردن و دەیانی دیکەیش لەنێو ئاگرەکەدا بریندار بوون. پۆلیسە ئایینییەکان رێگەیان نەدا کچەکان لە فێرگەکە بێنە دەرەوە، چونکە سەرپۆشیان بەسەرەوە نەبوو و هیچ کەسوکارێکی نێرینەشیان لەوێ نەبوون تا بەهانایانەوە بچن و وەریانگرنەوە. بەگوێرەی راپۆرتەکانیش رێگەیان لەو کەسانەش گرت کە دەیانویست بچنە ژوورەوە و یارمەتییان بدەن.



توندوتیژیی دژی ژنان گەورەترین سکاندالی مافی مرۆڤە لە سەردەمی ئێمەدا.

لە لەدایکبوونەوە تا مردن، هەم لە کاتی ئاشتی و هەم لە شەڕدا ژنان رووبەڕووی هەڵاواردن و توندوتیژی بەدەستی حکوومەت، کۆمەڵگە و خێزان دەبنەوە. کوشتنی کۆرپەی مێ، هەموو ساڵێك خودی ژیان لە کۆمەڵێکی لە ژمارە نەهاتووی ئافرەتان دەستێنێتەوە. ملیۆنان کچ و ژن لەلایەن کەسوکار، پیاوی دیکە و ئاساییش و شەڕکەرە چەکدارەکانەوە دووچاری لاقەکردن و دەستدرێژی و بێزارکردنی سێکسی دەبنەوە. هەندێك شێوەی توندوتیژی پێوەندییان تەنیا بە ئافرەتانەوە هەیە: وەکو بەزۆر زگپڕکردن، بەزۆر منداڵ پێ لەباربردن، سووتاندنی بووك و گرفتی پەیوەندیدار بە مارەیی و پێشەکی. هەندێکی دی وەکو توندوتیژیی نێوماڵ- کە بە توندوتیژیی نزیکیی ژنومێردیش ناسراوە- و لێدانی هاوسەر زۆرتر رووبەڕووی ژن دەبێتەوە. لە کاتی ناکۆکییەکان و شەڕدا توندوتیژی دژی ئافرەتان زۆربەی جار وەکو چەکێك بۆ لە مرۆڤایەتی خستنی ژن لەلایەك و سووکایەتیکردن بەو کۆمەڵگەیەی کە ئافرەتان سەر بە ئەوێن، بەکاردەهێنرێت.

توندوتیژیی دژی ژنان بەتەنیا نەبەستراوەتەوە بە سیستەمێکی سیاسی و ئابووریی تایبەت، بەڵکو ئەمە لە هەموو کۆمەڵێك، لە تەواوی جیهاندا هەیە و هەموو سنوورێکی نێودەوڵەتی، ڕەگەز و کولتوری بەزاندووە. ئەو هێزە بنەڕەتییەی لەنێو کۆمەڵدا کە دەبێتە هۆی مانەوەی توندوتیژی بە قووڵی رەگی داکوتاوە و سەختتر بووە. ئەزموون یان هەڕەشەی توندوتیژی دەبێتە بەرگرێك بۆ ژنان لەوەی کە بەتەواوی لە مافەکانی مرۆڤ کەڵك وەرگرن و بەکاری بهێنن.

ژنان لە سەرانسەری جیهاندا خۆیان رێکخستووە بۆ دەرخستن و زانیاری بڵاوکردنەوە لە بارەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان. ئەوان گۆڕانی گەورەیان لە بوارەکانی یاسا، سیاسەت و پراکتیکدا کردووە. ئەوان ئەو پێشێلکارییانە کە تایبەتمەندییەکی شاراوەیان هەیە، ئاشکرا کردووە و بەڕای گشتییان ناساندووە. ئەوان بناغەیەکیان داناوە کە توندوتیژیی دژی ئافرەتان پێویستی بە یارمەتی و وەڵامدانەوەی

حکوومەت، کۆمەڵگە و تاکەکان هەیە. لە سەرووی هەمووشیانەوە، ئەوان بەرەنگاری ئەو تێڕوانینە بوونەتەوە کە ژن بە قوربانییەکی دەستەوەستانی توندوتیژی دەزانێت. تەنانەت لە کاتی تەنگانە، هەژاری و زەحمەتەکاندا ئافرەتان ڕێبەرایەتی خەبات بۆ ڕێگەگرتن لە توندوتیژی دژی ئافرەتان دەکەن.

دەستپێشخەری بۆ دەستنیشانکردن و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لەم ساڵانەی دواییدا لە سەرانسەری جیهاندا بەخێرایی زیادیکردووە. هەرچەند لە زۆر وڵاتدا چالاکیی بواری مافەکانی ژنان ڕووبەڕووی هێزێکی نوێی وەگەڕخراو بوونەتەوە کە یەکسانیی ژێندەر بە هەڕەشەیەك بەرامبەر سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دەزانن. لە هەندێك بەشی جیهاندا دەستکەوتە یاسایی و سیاسییەکان کە ژنان بەدەستیان هێناون، گۆڕدراون، کاڵبوونەوە یان لەبیرکراون. زۆربەی حکوومەتەکان هۆشیاری و ویستی سیاسییان نییە بۆ خۆگونجاندن و کارکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە. لەبەرامبەر هەڵوێستی دوورەپەرێزانە و بەرژەوەندییەکان، هەوڵە ناوچەیی و جیهانییەکان بۆ بنبڕکردنی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە سەرەتاوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە.

**سکاندالی مافەکانی مرۆڤ:**

ئامارەکانی توندوتیژیی دژی ئافرەتان کارەساتێکی جیهانیی مافی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن.

– بەگوێرەی پەنجا توێژینەوە کە لە سەرانسەری دونیادا کراوە، بە لایەنی کەمەوە لە هەر سێ ژن، ژنێك لێیدراوە، بەزۆر سێکسی لەگەڵدا کراوە یان ئەوەتا بە شێوەیەك لە ژیانیدا تووشی هەڵاواردن بووە. زۆربەی دەستدرێژیکەران ئەندامێکی بنەماڵەی ژنەن یان کەسێکی ئاشنان [٢].



توندوتیژیی دژی ئافرەتان بریتینە لە، بەڵام تەنیا بەوانەوە سنووردار نەکراون:

* توندوتیژی لەنێو خێزاندا. ئەمە بریتییە لە لێدان لەلایەن هاوژییانەوە، ئازاردانی سێکسیی منداڵانی مێینەی نێوماڵ، توندوتیژیی پەیوەندیدار بە مارەیی، لاقەکردن لەلایەن مێرد و خەتەنەکردنی ژنان و کردارە نەریتییەکانی دیکە کە زیانیان بۆ ژنان هەیە. ئازاردانی کارەکەری نێوماڵ ـ وەکو گلدانەوەی بەزۆرەملێ، دارکاریکردنی دڕندانە، هەلومەرجی وەکو کۆیلایەتی و هێرشی سێکسی ـ یش دەکرێت بخرێتە چوارچێوەی ئەم کاتەگۆرییەوە.

* توندوتیژیی دژی ژنان لەنێو کۆمەڵدا. ئەمە بریتییە، لە لاقەکردن، ئازاردانی سێکسی، هەراسانکردنی سێکسی و هێرشکردنە سەریان لەسەر کار، لە ئەنستیتۆی خوێندن و شوێنەکانی دیکە. قاچاخچێتیکردن بە ژنان، لەشفرۆشی زۆرەملێ و کرێکاری زۆرەملێیش دەکەونە ئەم خانەوە، کە لاقەکردن و ئازارەکانی دیکەیش کە لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە دەکرێن، دەگرێتەوە.

* توندوتیژی لەسەر بنەمای ژێندەر کە لەلایەن دەوڵەت یان "ئەکتەرە دەوڵەتییەکانەوە" ـ پۆلیس، پاسەوانی بەندیخانە، سەرباز، پاسەوانی سنوورەکان، کارمەندانی ئیدارەی پەنابەری و هەتا دوایی، ئەنجامدەدرێت یان چاوپۆشی لێدەکرێت. ئەمە بریتییە لەبۆ نموونە: لاقەکردن بەدەستی هێزەکانی حکوومەتەوە لە کاتی شەڕی چەکداریدا، بەزۆر نەزۆککردن، ئەشکەنجە لە بەندیخانەدا و توندوتیژیی کارمەندان دژی ژنانی ئاوارە.

لە هەریەك لەو خاڵانەی سەرەوە، توندوتیژی دەکرێت فیزیکی، دەروونی یان سێکسی بێت. ئەمە دەکرێت ڕاگەیاندنی نەبوونی و گوێنەدان بەرامبەر بە بڵاوبوونەوەی کرداری توندوتیژی و هەراسانکردن بێت. ئەمانە کاتەگۆرییەکی تایبەت و یەکلایەنە نین. توندوتیژیی فیزیکی کە لەلایەن هاوژییانەوە ئەنجامدەدرێت دەکرێت هاوڕێ لەگەڵ توندوتیژیی سێکسی، تەریککردن، خستنەپەراوێز و گوێپێنەدان، هەروەها ئازاری دەروونی ئەنجامبدرێت.

– ئەنجوومەنی ئەورووپا پیشانیدەدات کە توندوتیژیی نێومالّ، هۆیەکی سەرەکییە بۆ مردن و لەکارخستنی توانایی ژن لە تەمەنەکانی نێوان ١٦ تا ٤٤ ساڵان و لە نەخۆشی شێرپەنجە و کارەساتی ڕێگەوبان پتر دەبنە هۆی مەرگ و نا- تەندروستی[٣].

– بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە لەلایەن **ئامارتیا سەن**، براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئابووری ساڵی ١٩٩٨[٤]، کراوە، پتر لە ٦٠ ملیۆن ژن ئەمڕۆ لە جیهاندا بزر بوون بەهۆی لەباربردنی کۆرپەی مێ (هەڵبژاردنی ڕەگەزی منداڵ) یان کوشتنی کۆرپە. دواپین ئامار لە چین لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئاشکرای دەکات کە ڕێژەی کچی تازە لەدایکبوو لە بەرامبەر کوڕدا ١١٩:١٠٠یە لە کاتێکدا نۆرمە بایۆلۆژییەکە دەبێت ١٠٣:١٠٠ بێت.

– بەگوێرەی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی توندوتیژیی دژی ژنان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٩٦دا ٨٥٪ی قوربانییانی توندوتیژیی ناو بنەماڵە، ژنن. ئەم ڕێژەیە ٦٧١١١٠ ژن بەرامبەر بە ١٢٠١٠٠ پیاوە[٥].

– بە مەزندەی حکوومەتی رووسی ١٤٠٠٠ ژن لە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە کوژراون، تا ئێستایش ئەو وڵاتە هیچ یاسایەکی نییە کە بەتایبەتی ئاماژە بکات بە توندوتیژیی نێومالّ[٦].

– ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای دەکات کە ٧٠٪ ژنە قوربانییە کوژراوەکان لەلایەن هاوسەرە نێرەکانیانەوە کوژراون[٧].

تایبەتمەندیی توندوتیژیی دژی ئافرەتان ئەوەیە کە کەمتر راپۆرت کراون، چونکە ئافرەتان شەرم دەکەن یان ترس و گومانیان هەیە یان بێ باوەڕن و لە رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دیکە دەترسن. جگە لەوەش، پێناسەی شێوەکانی توندوتیژی بە شێوەیەکی بەربلاو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، کە دەبێتە هۆی ئاستەنگ بەرامبەر بەراوردکردنیان. زۆرێك لە دەوڵەتان سیستەمێکی راپۆرتدانی ئەوتۆیان نییە کە چۆنیەتی و بەربلاوی توندوتیژیی دژی ئافرەتان پێناسە



بکات و بناسێنێت. سەرنەکەوتن لە سەرمایەگوزاری و دەرخستنی بەربلاوی ڕاستەقینەی توندوتیژی ڕێگە بە حکوومەت، بنەماڵە و کۆمەڵگە دەدات کە بەرپرسیارێتی خۆیان لەبیر بکەن.

**توندوتیژیی دژی ئافرەتان:**

پێناسەیەك

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی "ئەمنستی" کارەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئەو پێناسەیەی کە جاڕی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژنان هەیە، بەڕێوەدەبات: "هەر کردەوەیەکی توندوتیژی لەسەر بنەمای ژێندەر کە ببێتە هۆی، یان پێبچێت کە ببێتە هۆی، زیانی فیزیکی، سێکسی یان دەروونی یان خەم بۆ ژنان، کە هەڕەشەی ئەنجامدانی کردەوەی بەم جۆرە، زۆرکردن یان ملهوڕانە ڕێگەگرتن لە ئازادی، چ لە شوێنی گشتی یان ژیانی تایبەتی رووبدات، دەگرێتەوە." (بڕگەی- ١)

توندوتیژی لەسەر بنەمای ژێندەر Gender ئەو توندوتیژییەیە کە "ئاراستەی ژن دەکرێت چونکە ژنە یان بە شێوەیەکی نەگونجاو کاردانەوەی لەسەری هەیە"[٨]. بە واتایەکی دیکە، هەموو کردەوەیەك کە زیان بە ژن دەگەیەنێت لەسەر بنەمای ژێندەر نییە و هەموو قوربانییانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ژێندەر، مێ نین. هەندێك لە پیاوان قوربانیی توندوتیژین لەسەر بنەمای ژێندەر، بۆ نموونە، پیاوە هاوجنسبازەکان کە هەراسان دەکرێن، لێیان دەدرێ و دەکوژرێن چونکە پەیڕەوی لە روانگەی پیاوانەی پەسندکراو لەلایەن کۆمەڵگەوە ناکەن.

تێگەیشتنێکی پێشکەوتووتر لەم پێناسەیەی کە لە جاڕی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە دەیسەلمێنێت کە کرداری چاوپۆشی- وەکو گوێپێنەدان یان ڕێگەنەدان- پێکهێنەری توندوتیژیی دژی ژنانە. ئامرازە یاساییە نێونەتەوەییەکان ئەم پێناسەیان فراوانتر کردووە، بەتایبەت جێکردنەوەی توندوتیژیی ساختاری- واتە، ئەو زیانانەی کە بەهۆی کاردانەوەی ڕێکخراوە ئابوورییەکان لەسەر ژیانی ژنان هەیانە[٩]- لەنێو پێناسەکەدا.

**تایبەتە بەو وێنەیەی خوارەوە** ((ئەلبانییەکان ئەو دارستانانە بەجێدەهێڵن کە لە ماوەی سێ رۆژدا خۆیان تێدا حەشار دابوون چونکە لە گوندەکانی خۆیان لە کۆسۆڤۆ کە وێرانکرابوون هەڵهاتبوون. ئاوارەکان پێش هەڵهاتن لە کاتی هەڵهاتن و پاش هەڵهاتنیان بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی ئارام هەر لە مەترسیدان. ملیۆنان ژن بەهۆی شەڕ و ناکۆکییەکانەوە لە سەرانسەری دونیادا ناچارن لەماڵەکانیان هەڵبێن.))




**ریشەکانی توندوتیژی:**

هۆی دیار و زەقی توندوتیژیی دژی ژنان هەڵاواردن Discrimination ە کە نکوڵی لە وەکیەکی ژن و پیاو دەکات لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. توندوتیژی رەگی لەنێو هەڵاواردندا هەیە و هەڵاواردنیش بەهێز دەکات و رێگە لە ژنان دەگرێت کە مافەکانی خۆیان و ئازادییەکانیان بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاودا ئەنجامبدەن.



لە جاڕی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژنان هاتووە: "توندوتیژیی دژی ئافرەتان مانیفێستی ئەو هێزە نایەکسانە مێژووییەی پەیوەندی نێوان ژن و پیاوە کە بۆتە هۆی بالادەستبوون و هەڵاواردن دژی ئافرەتان لەلایەن پیاوەوە." هەروەها "ئەم توندوتیژییەی دژی ئافرەتان یەکێك لە قەیرانەکانی میکانیزمی کۆمەڵایەتییە کە ژنان بەرەو پلەی نزمتر بە بەراورد لەگەڵ پیاواندا دەبات."

لەگەڵ بەربڵاوی توندوتیژی، توندوتیژیی لەسەر بنەمای ژێندەر شتێکی "سروشتی" یان زۆرەملێ" نییە. توندوتیژیی دژی ژنان دەربڕینێکی مێژوویی و کولتوری و هەندێك نرخاندن و ستانداردی تایبەتە. رێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ژێردەستەیی و توندوتیژیی دژی ژنان پەروەردە دەکەن. هەندێك دابونەریتی کولتوری، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە باوەڕی پاکیزەیی و رەوشتەوە هەیە، لەوانەیە بەهانەیەك یان روونکردنەوەیەك بێت بۆ دروستبوونی توندوتیژیی بەم شێوەیە.

هەرچەند توندوتیژیی دژی ئافرەتان شتێکی جیهانییە، زۆرینەی ئافرەتان دەبنە نیشانەی شێوازی تایبەتی توندوتیژی بەهۆی چەندین لایەنی تایبەتمەندی وەکو ناسنامە، رەگەز، ئیتنیك، کولتوور، زمان، ناسنامەی سێکسی، هەژاری و تەندروستی و (بەتایبەت باری HIV). ئەمانە هەندێك لەو مەترسییانەن کە دەبنە هۆی توندوتیژیی دژی ئافرەتان.

هەژاری و لە پەراوێزبوونی ژنان دوو فاکتەری هەرەمەکین کە دەبنە هۆی توندوتیژیی دژی ژنان، هەروەها بەرئەنجامێکی توندوتیژیشن. یەکێك لە کاردانەوە خراپەکانی بەجیهانیبوون، وێڵکردنی ژنانە لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا. زۆر دژوارە بۆ ژنێك کە لە هەژاریدا دەژی لە هەلومەرجێکی توندوتیژیی رزگاری بێت، پارێزگاری بەدەست بێنێت، هەروەها دەستی بگاتە سیستەمی دادی تاوان بۆ یارمەتی وەرگرتن. نەخوێندەواری و هەژاری توانایی ئافرەتان بۆ رێکخستن و شەڕ بۆ گۆڕانکاری سنووردار دەکەن.

زۆربەی جار ئافرەتە جحێڵەکان دەکەونە بەر هێرشی سێکسی نەتەنیا لەبەر ئەوەی ئافرەتن، بەڵکو لەبەر ئەوەی لاو و بێهێزن. لە هەندێك کۆمەڵگەدا کچان تووشی سێکسی زۆرەملێ دەبن، بەهۆی ئەو باوەڕە هەڵەیەی کە گوایە سێکس لەگەڵ کچدا، پیاو لە نەخۆشی HIV/AIDS چاکدەکاتەوە. ئامارێکی نوێ کە لەلایەن UNIAIDSەوە کراوە، پیشانیدەدات کە کچانی نیمچەبیابانی ئەفریقا لە تەمەنی ١٥-١٩ ساڵاندا شەش جار پتر لە کوڕانی هاوتەمەنی خۆیان HIV پۆزەتیڤن، زۆرینەیشی لەبەر دەستدرێژی، سێکسی زۆرەملێ و نەتوانین و نەگەیشتن بە دەرئەنجام لە بارەی سێکسی بێزەرەر.(١٠)

تەمەن هەڵگری هیچ پارێزگارییەك نییە لە پێڕەو نەکردنی توندوتیژیی دژی ئافرەتان. لە کاتێکدا لە هەندێك کۆمەڵگەدا ژیریی ئافرەتانی بە تەمەن جێگەی ڕێز و پلەوپایە و ئازادییەکی زۆرتریان دەداتێ. لە هەندێك شوێنی دیکەشدا بە پێچەوانەیە، ئەوانەی تەنیا و بێهێزن دەکەونە بەر دەستدرێژی، بەتایبەت بێوەژنان. ڕێکخراوەکانی زیمبابوێ، بۆ نموونە بەرزبوونەوەی ڕادەی گێچەڵکردن بە بێوەژنانی تۆمارکردووە کە تاوانبارکراون بەوەی جادووگەر یان تاوانبارکراون چونکە بوونەتە هۆی زۆربوونی ڕادەی نەخۆشی HIV/AIDS.(١١)

کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتەی ژن هۆیەکی بەهێزە کە پیاوان بە شێوەیەکی بەربڵاو بۆ باڵادەستبوونی خۆیان بەسەر ژناندا سوودی لێوەردەگرن. ئەو ئافرەتانەی کە لە نۆرمە ئەخلاقی و ڕەفتاری ئافرەتانەی خۆیان لادەدەن ڕووبەڕووی سزادانێکی زۆر توند دەبنەوە و هیوایەکی کەمیان دەبێت بە چاکتربوونەوە. دەسەڵاتی پیاوان بۆ کۆنترۆڵکردنی دەربڕینە سێکسوالیتەکانی ئافرەتان و توانایی زاوزێکردنیان بە دەستپێشخەری و پشتیوانی دەوڵەتەکانیانەوە بەستراوەتەوە. ڕیشەی توندوتیژیی دژی ژنان هەڵاواردنە چونکە هەڵاواردن نکۆڵی لە یەکسانی ژن لەگەڵ پیاودا دەکات لە کۆنترۆڵکردنی لەشی خۆیان، هەروا سەلامەتی فیزیکی و *دەروونی*.



*سێپتەمبەری ٢٠٠٢، پیاوێکی ٢٠ ساڵەی ئەردەنی لەبەر کوشتنی خوشکەکەی تەنیا بە ١٢ مانگ زیندانی حوکمدرا. کاتێك زانی خوشکەکەی لە کاتی شووکردنیدا دووگیان بووە، بە وایەری تەلەفۆن خنکاندی. لە حوکمەکەدا دادگە بڕیاری کەمکردنەوەی تاوانی کوشتنەکەی دا چونکە ژنەکە "شەرەف و ناوی بنەماڵەکەی لەکەدار کردبوو.*(١٢)

توندوتیژی لە کاتی شەڕدا ژیانی ژن و پیاو لەنێودەبات، بەڵام لاقەکردنێکی سیستەماتیك کە لە زۆربەی ناکۆکییەکانی ئەم دواییەدا بینراوە، یەکەمجار بەرۆکی کچان و ژنان دەگرێتەوە. لاقەکردن، بریندارکردن و کوشتنی ژنان و کچان کردەوەیەکی هاوبەشی سەردەمی شەڕە کە لەلایەن هێزی دەوڵەتی و گرووپە چەکدارەکانەوە ئەنجام دەدرێت. شێوازی توندوتیژیی تایبەت بە ژێندەر پەتایەکە کە لەنێو کۆمەڵگە سەربازی و بە شەڕ پارچە-پارچەکراوەکاندا بڵاوبۆتەوە. لەو کۆمەڵگەیانەدا کە بەچڕی لەژێر کارلێکردنی کولتوری چەکدایە، خاوەندارێتی و بەکارهێنانی هێز هۆیەکە بۆ بەهێزکردنی بوونی نایەکسانی ژێندەری و بەهێزکردنی پلەی باڵادەستیی پیاوان و هەروا مانەوەی ئافرەتان لە پەراوێزدا. توندوتیژی لە ئەنجامی لەیەك تێنەگەیشتن لەنێو بنەماڵەدا زۆربەی جار ئەنجامێکی کوشندەی دەبێت بۆ ئەو ژن و کچانەی کە پیاوەکانیان چەکدارن. لە وڵاتە یەکگرتووەکان ٥١٪ی ئەو مێیانەی کوژراون، تەقەیان لێکراوە. لە باشووری ئەفریقا ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە بەهۆی توندوتیژیی نێوماڵەوە تەقەیان لێکراوە لەوانە زۆرترە کە لەلایەن بێگانە و دز و جەردان لەسەر جادان کوژراون.(١٣)

*ساڵی ١٩٩٧ کچێکی کۆلۆمبیایی لە سانتاندەر، لەلایەن دوو هاوسێیەوە لاقەکرا. کاتێك هێزی نیوچەسەربازیی ناوچەیی بەمەیان زانی، ئەو دوو پیاوەیان لەپێش چاوی کچەکە کوشت، "تا جارێکی دیکە شتی وا ڕوونەداتەوە." کچەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە گۆ کەوت، چونکە وای دەزانی ئەمیش دەکوژن، هەروەها بەهۆی کوژرانی ئەو دوو پیاوەوە هەستی بە تاوان دەکرد* [١٤]

## زیانی درێژخایەن، ئازاری بەربڵاو:

بەرئەنجامی توندوتیژیی دژی ئافرەتان زۆرترە لەو زیانە فیزیکییە خێرایەی کە قوربانییەکە تووشی دەبێت. زیانی دەروونی و هەڕەشە بە ئەنجامدانی توندوتیژیی زۆرتر، باوەڕبەخۆنەمانی ژن، کەمبوونەوەی توانایی بەرگری لە خۆ کردن دژی بکەری توندوتیژی، دەگرێتەوە. نەبوونی پێناسەیەکی روون و زانیاری لەبارەی توندوتیژی، دەبێتە هۆی پتربوونی بەرئەنجامی دەروونی و ژنیش کەمتر بەدوای یارمەتیدا دەگەڕێت. یەکێك لە ئەنجامەکانی توندوتیژیی درێژخایەن دژی ئافرەتان بەکارهێنانی ئەلکۆل و دەرمانە سڕکەرەکان، خەمۆکی و نەخۆشییە دەروونییەکان و خۆکوژییە.

*لاقەکردن و شێوازەکانی دیکەی توندوتیژیی سێکسی دژی ژنان و کچان نیشانەیەکی بەرجەستەی ١٤ ساڵ ناکۆکیی چەکداری بەردەوامە لە لیبریا. لە ئاگۆستی ٢٠٠٣دا لە دەوروبەری ئەو کاتەی کە سەرۆك چارلز تایلەر دەستی لە حکوومەت کێشایەوە و لیبریای بەجێهێشت، هێزە چەکدارە بەرهەڵستکارەکان، سەربازانی حکوومەت و میلیشیاکان ژمارەیەکی زۆری کچ و ژنیان لاقە کردن و هێرشیان کردنەسەر. بچووکترین قوربانی راپۆرتکراو، کچێکی ٨ ساڵان بوو.*



ئەنجامەکانی توندوتیژیی دژی ژنان لەنێو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا رەنگدەدەنەوە. لێکۆڵینەوەکان پیشانیدەدەن ئەو منداڵانەی رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە پتر رێی تێدەچێت ببنە قوربانی یان تاوانکار.[١٥] لە نیکاراگوا ئەو منداڵانەی کە باوکیان لە کاتی لێدانی دایکیاندا دیتووە، دوو جار پتر لە منداڵانی دیکە گرفتی فێربوون، سۆز و رەفتاریان هەبووە. هاوڕێ و هاوسێکانیش تووشی چەرمەسەری دەبن.[١٦] بەگوێرەی زانیارییەکی نوێ لە تۆکیۆ، پیشاندەدرێت کە کاتێك کەسێك دووچاری توندوتیژی دەبێت و کەسوکار و هاوڕێکانی پەنای دەدەن، بۆ خۆیان دەبنە نیشانە و تووشی گێچەڵ و رەفتاری توندوتیژانە دەبنەوە لەلایەن کەسی تاوانبارەوە.[١٧]

هەڕەشەی توندوتیژی بارودۆخێکی بەرتەسکی ترسناك و سنوورداری بۆ ژیانی ئافرەتان دروستکردووە، کە ئازادیی جووڵانەوە، هەروەها توانای بەشداریکردنیان لەو شوێنانەی کە بڕیاردەرن سنووردارکردووە. ئەمانەش کاردەکەنە سەر ئاستی ستانداردی ژیانیان. بەهۆی ئەو رۆڵە چالاکانەی ئافرەتان لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکەیاندا دەیبینن، بوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەبێتە هۆی لاوازکردنی باری ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵ. باجی توندوتیژی کە کۆمەڵ دەبێت بیدات، کارێکی دژوارە، بەڵام زۆربەی لێکۆڵینەوەکان پیشانیدەدەن کە توندوتیژی کارلێکردنێکی جیددیی لەسەر ئابووری هەیە. وەکو بەفیڕۆچوونی کاتی بەرهەمهێنان، بەفیڕۆچوونی پارە بەدەستهێنان، هەروەها باجی دەرمانکردن. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا لە ٥٪ی کاتی کاریی ئافرەتان بەهۆی بێتوانایی، نەخۆشی کە ئەویش بەهۆی توندوتیژی لەسەر بنەمای ژێندەر و لاقەکردن تووشیان دەبێت، بەفیڕۆ دەچێت.[١٨] لێکۆڵینەوەکان لە هیندستان پیشاندەدەن کە ژنان پاش هەر کارەساتێکی توندوتیژی ٧ ڕۆژی کاریان لەدەست دەردەچێت.[١٩] قوربانییە مێیەکانی توندوتیژیی نێوماڵ لە شیللی نزیکەی ١,٥٦ بیلیۆن دۆلاری ئەمریکی مووچەکەیان لە ساڵی ١٩٩٦ لەدەستداوە. ئەمە نزیکەی لە سەدا دووی بەرهەمی نەتەوەیی ئەو وڵاتە دەگرێتەوە.[٢٠]

**بەرەنگارنەبوونەوەی توندوتیژی:**

هەتا تاوانبارانی توندوتیژیی دژی ژنان بتوانن تاوانەکانیان دوور لە مەترسی دادگەییکردن و سزادران بکەن، هەرگیز سووڕی توندوتیژی تەواو نابێت. لێبوردن بۆ تاوانی توندوتیژیی دژی ئافرەتان شتێکی ئالۆزە. زۆربەی ژنان نایانەوێت لەڕێگەی سیستەمی یاساییەوە هاوسەرەکانیان بدەنە دادگە. هۆکار بۆ ئەمە، پەیوەندییە عاتفییەکان، هەروەها ترسی لەدەستدانی *منداڵەکانیانە*.

*ئەو شەوە تەلەفۆنی ئامبۆلانسم کرد، هیچ ئامبۆلانسێك نەهات، تەلەفۆنی پۆلیسم کرد، هیچ پۆلیسێك نەهات."*
*جۆی ماوەی ١٠ ساڵ لەگەڵ توندوتیژییەکی دڕندانە کە لەلایەن مێردەکەی، ئەفسەری پۆلیس لە باربادۆس، دەکرا، دەستەویەخە بوو. لە ئاگۆستی ٢٠٠٠دا مێردەکەی ویستی بە بلۆك بیکوژێت، بەڵام بنەماڵەی مێردەکەی بوونە هۆی رزگاربوونی جۆی. مێردەکەی جۆی ئێستە لەژێر چاودێریدایە بۆ ئەوەی نەهێڵن ژنەکەی ئازار بدات.* (٢١)

هەروەها ژنان هان نادرێن بۆ ئەوەی لە رێگەی دادگەوە هەنگاو بنێن، چونکە زۆربەی جار سیستەمی دادگەی تاوان ئەوان (ئافرەتان) بە بەرپرسی توندوتیژییەکان دەزانن، ئەوان جەخت دەکەنەسەر ئەوەی کە ئەوە رەفتاری ژنان خۆیانە، کە پیاوان هانددەدا پەنا بۆ توندوتیژی و لێدان ببات. لەبەرئەوەی زۆربەی جار نکۆڵی لەوە کراوە کە ژنان وەك پیاوان بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان شادبن و دەستیان پێ رابگات، زۆربەی ژنان ئەو سەرچاوە ئابوورییەیان نییە کە دەستیان بگاتە سیستەمی یاسایی.

لە هەندێك وڵاتدا هەڵاواردن دژی ژنان لەنێو یاسادا نووسراوە. تەنانەت ئەگەر یاساکە لە خۆیدا دژەهەڵاواردن بێت، بەڵام لەڕاستیدا کاربەدەستانی حکوومەت، پۆلیس و پیاوانی یاسا رۆحی هەڵاواردن و توندوتیژیی دژی ژنان پەروەردە دەکەن. مەگەر ئەوەی ژنان بتوانن نیشانەی فیزیکی ئەو توندوتیژییەی کە تووشی بوون وەکو بەڵگە پیشانبدەن، ئەگەرنا پۆلیس و دەسەڵاتەکانی تری جێبەجێکردنی یاسا لەوانەیە نەیانەوێت باوەڕی پێبکەن و یارمەتی بدەن. لەوانەیە کۆمەڵگە ئاسانکاری لە چاوپۆشی و لێبوردنی ئەوانە بکات کە توندوتیژیی دژی ژنان بەکاردێنن. ئەوان لەوانەیە بەم بێدەنگییە هەڵەکانی دەوڵەت لە هێنانی تاونباران بۆ بەردەم دادگە بسەلمێن.

***بەرپرسیارێتی:***

هەندێك جار کاربەدەستانی حکوومەت و کارمەندانی دەوڵەت، وەکو پۆلیس، دادوەر، داواکاری گشتی، پاسەوانی بەندیخانە، هێزەکانی ئاسایش، کارمەندانی نەخۆشخانەگشتییەکان یان دامودەزگای فێرکردن راستەوخۆ بەرپرسیاری توندوتیژیی دژی ژنانن.

*شوباتی ١٩٩٦ ئەفسەرێکی پۆلیس، گرەیس پاتریك ئاکپەن-ی بۆ پرسینی ناسنامەی لە کاتانزارۆ، ئیتالیا راگرت. کاتێك گوتی کە هاووڵاتی ئیتالیایە، ئەوان لە وەڵامدا گوتیان کە "ژنێکی رەش ناکرێت هاووڵاتی ئیتالی بێت"، لە رادیۆی پۆلیسەوە بەم شێوەیە ناویان برد "سۆزانییەکی رەش". بەشێوەیەکی وا هێرشیان کردە سەری کە پێویست بوو دوو هەفتە بۆ چارەسەری لە نەخۆشخانەدا بمێنێتەوە. لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٩، سێ ساڵ پاشتر، ئەفسەر و پۆلیسەکان بە تاوانی کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی خۆیان بۆ ئازاردانی گرەیس پاتریك ئاکپەن و بریندارکردنی تەنیا بە دوو مانگ بەشداری لە خولی چاکسازی کۆمەڵایەتی حوکمدران.*

هەرچەند زۆربەی جاران تاوانبار کارمەندی دەوڵەت نییە بەڵکو تاکێکی ئاسایی یان کۆمەڵە تاکێکی ئاسایین یان ڕێکخراوێکن، مێرد، ئەندامانی بنەماڵە، دکتۆر، ڕێبەری ئایینی، ڕاگەیاندن، بەڕێوەبەر و بازرگانن. دەکرێ ئەمانە هەموو بەرپرسیارێتی دەرهەق بە توندوتیژیی دژی ئافرەتان هەڵبگرن. ڕێکخراوی لیبوردنی نێونەتەوەیی (ئەمنستی) پێیوایە تاکی ئاسایی (نادەوڵەتی) و لایەنە ئابوورییەکانیش وەکو بازرگانەکان هەموو دەبێت ڕێز لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بگرن. هەموو کەسێك لەڕاست مافەکانی مرۆڤدا ئەرکگەلێکی بنچینەیی بەئەستۆوەیە.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی حکوومەتەکان بە بەرپرسیار دەزانێت لە ئاست سەرنەکەوتنیان لە پێشگرتن لە ئەنجامدانی توندوتیژیی دژی ئافرەتان. هەروا چاودێریی حکوومەتەکان دەکات بۆ پێڕەوکردنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ. لە کاتێکدا کە ئەرکی سەرەکی بەئەستۆی حکوومەتەکانەوەیە، بەڵام ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی وەکو بەشێك لە ستراتیژیی خۆی بۆ ڕێگەگرتن لە توندوتیژیی دژی ئافرەتان، ڕۆڵ و بەرپرسیارییەتی بەشێکی فراوانی ئەکتەرەکان هاوشان لەگەڵ دەسەڵاتی یاسایی و دەسەڵاتی ناوچەیی، هەرێمی و شارەوانی و هەروەها گرووپە چەکدارەکانیش دیاریدەکات.

لە زۆر وڵاتدا دەسەڵاتە "هاوتەریب"ەکان، کە لەلایەن ریش سپییان، سەرۆك هۆز یان ڕێبەرانی ئایینییەوە بەڕێوەدەچن، بە شێوەی ڕەسمی و ناڕەسمی دەسەڵاتیان بەسەر ژیانی ئافرەتاندا هەیە و بەرپرسیارن لە توندوتیژیی دژی ژن و مافە مرۆڤایەتییەکانیان. هەندێك جار ئەوان کاری توندوتیژیی دژی ژنان دەکەن، هەندێك جار ئەوان هانی توندوتیژی دەدەن و ڕێگەی پێدەدەن. بەهەرحاڵ، لەو وڵاتانەی کە سیستەمی دادوەریی تاوانگەری، کاریگەریی نییە، ئەم دەسەڵاتانە لە هەندێك کەیسدا تەنیا ڕێگەی چالاك و کاریگەرە بۆ فریاخستنی یارمەتی بۆ ئەو ژنانەی داوای مافەکانیان دەکەن.

مافە سەرەتاییەکانی ژن وەکو خوێندن و وەرگرتنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی،



پتر لەژێردەست دەسەڵاتە ناوچەیی و شارەوانییەکانە لەوەی کە بەدەست حکوومەتەوە بن. ئەم دەسەڵاتانە دەکرێت لەڕێگەی پۆلیس، دادگە و سەرپەناوە ئافرەتان لە توندوتیژییی بپارێزن. وەگەڕخستنی ئەم دەسەڵاتە ناوچەییانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان کارێکی زۆر گرنگە.

بەشێك لە ترسناکترین ڕاپۆرتگەلی دەستدرێژی، کەمئەندامکردن و کوشتنی کچان و ئافرەتان بەهۆی ئەو ناکۆکییە تازانەی کە سەرانسەری زەویی گرتۆتەوە و لەلایەن هێزە دەوڵەتی و گرووپە چەکدارەکانەوە کراون. یەکێك لە ئامانجەکانی هەڵمەتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ئەوەیە کە نەهێڵێت نەتەنیا حکوومەتەکان بەڵکو گرووپە چەکدارەکانیش کە توندوتیژییان لەسەر بنەمای ژێندەر کردووە ببەخشێنرێن. لەوانەیە بە بەرپرسیار زانین لە پراکتیکدا کارێکی دژوار بێت چونکە شێوازەکانی هەڵاواردن هەموو سنوورە دەوڵەتییەکانیان بەزاندووە. قاچاخچێتیکردن بە کچان و ئافرەتان، هەڵاواردن دژی کرێکارە کۆچبەرەکان و پەنابەرەکان و گرفتی ئەو پەنابەرانەی کە ناویان تۆمار نەکراوە و هیچ بەڵگەیەکیان پێ نییە، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تایبەتی دەوێت کە چۆن ئەو ئافرەتانەی هیچ وڵاتێك خۆی بە بەرپرسیان نازانێت، بپارێزرێن و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. ئەم نموونانە بەشێکن لە کاردانەوەکانی بەجیهانیبوون و کارتێکردنیان لەسەر ژیانی ئافرەتان و هەمیشە ئەم ڕووبەڕووبوونانە لە زیادبووندان.




پۆستەرێك لە كۆلۆمبیا

**چوارچێوەی مافەكانی مرۆڤ:**

یەكێك لە دەستكەوتەكانی چالاكڤانانی مافی ژن پیشاندانی توندوتیژیی دژی ژنانە وەكو پێشێلكاریی مافی مرۆڤ. ئەمـە دەبێتـە هـۆی گـۆڕانی دیـد، كـە تێـروانین بـۆ توندوتیژیی لە مەسەلەیەكی تایبەتی، شەخسی دەردەچێت و دەبێتە مەسەلـەیـەكـی گشتی، بەو مانایەی كە دەسەڵاتە گشتییەكان لەسەریانە هەنگاو هەڵبێـنن. هاوشـان لەگەڵ گـەشـەسـەنـدنی سـتانداردی نێـونـەتـەوەیـی و ناوچـەیی مافـەكـانی مـرۆڤ بەرپرسیارێتیش بەهێزتر دەبێت.



*لە فیلیپین گرووپـی ژنـان چـەنـدین سـاڵ خۆیـان ڕێكخـست بـۆ هێنـانی گۆڕانكارییەك لەنێو ئەو یاسایەی كە لە بارەی توندوتیژیی سێكسییەوەیە و بەگوێرەی یاسای خێزان لە فیلیپین لاقەكردن بـە "تـاوان دژی پاكـداوێنی" دەزانرێت نەك "تاوان دژ بە تاكەكەس". بەگوێرەی یاسای خێزان لە كەیسی لاقەكردندا، ژنەكە ناچار بوو كە بیسەلمێنێت بـە دڵخـوازی خـۆی كـچێنی لەدەستنەداوە. لە كۆتاییدا یاساكە لەساڵی* **١٩٩٧** *گۆڕا و لاقەكردن وەكو توندوتیژی دژی تاكەكەس پێناسەكرا.* [٢٢]

توندوتیژیی دژی ژنان تەنیا تاوانێك نییە، بەڵكو پێشێلكردنی مافە مرۆڤایەتییـەكـانی مرۆڤیشە. بۆ نموونە پێناسەی دەستدرێژی لە هەنـدێك بـەنـدی یاسـادا وەكـو "بێڕێـزی بـە شەرەف و پاكیزەیی ژن" پێناسەیەكی پڕ ناتەواوە. لاقەكردن و دەستدرێژی پێشێلكارییەكـی قووڵە بۆسەر لەشی ژن و سەربەخۆیی دەروونی ئەو و دەكرێت بە شێوەیەك لـە شـێوازەكـانی ئەشكەنجەیش پێناسە بكرێت و تاوانێكی هێنـدە جیدییـە كـە گرنگـی هـەیـە بـۆ تـەواوی كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی.

پرسی توندوتیژیی دژی ژن و دانانی لەنێو چوارچێوەی مافەكـانی مرۆڤـدا دەبێتـە هۆی دروستبوونی زەمانێكی هاوبەش بۆ كاری چالاكڤانانی دژی توندوتیژی، هەروەهـا ئاسانكردنی كاری هاوبەشـیی جیهـانی و ناوچـەیی. ئـەم تۆڕانـە حكوومەتـەكانیان دەخەنە بەردەم ئەرك و هاتنەئارای پراكتیك و یاسا و ڕێـسای نـوێی نێونـەتـەوەیـی. نموونەیەك بۆ ئەم سـتانداردە نوێیانـە دەستنیـشانكردنی تـاوانی دەسـتدرێژییە وەكـو تـاوانی شـەڕ و تاوانێـك دژی مرۆڤایـەتـی لـەنێـو پـەیڕەوی دادگـەی تاوانگـەریی نێونەتەوەیی. ئەم ستانداردانە گرنگـی بـەرزبوونـەوەی ڕادەی هـەوڵـدانی ڕێكخـراوە نێونەتەوەییەكان بۆ كۆتاییهێنان بە توندوتیـژیی دژی ژنـان و هێنـانی تاوانبـاران بـۆ بەردەم یاسا دەردەخات.

**پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ:**

چوار هۆکار بناخەی داواکردنی مافی یەکسانن بۆ ژنان و نەبوونی هەڵاواردن لەنێو ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤدا:

* مافەکانی مرۆڤ گەردوونین- هەموو کەسێك بە یەکسانی دەگرنەوە.

* مافەکانی مرۆڤ دابەشکراو نین. مافی هیچ کەسێك گرنگتر نییە لە مافی کەسێکی دیکە. هەموو مافەکان نرخی یەکسانیان هەیە و پێویستن و ناکرێ جودابکرێنەوە.

* مافەکانی مرۆڤ لانابرێن و نافەوتێن. کارکردن بەگوێرەی هەندێك لە مافەکان لەژێر هەلومەرجی زۆر تایبەتدا دەکرێت سنووردار بێت بەڵام ئەمە شتێکی کاتییە.

* مافەکانی مرۆڤ بەستراون بەیەکەوە، واتە بڵاوکردنەوە و پاراستنی هەرکام لە مافەکان پێویستی بە بڵاوکردنەوە و پاراستنی مافەکانی دیکەش هەیە.

چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ، ئەرکەکانی حکوومەت لەژێر یاسای نێونەتەوەیی دیاریدەکات بۆ بڵاوکردنەوە و پتەوکردن و پاراستنی مافە مرۆییەکانی ئافرەتان. هەروەها میکانیزمیش دەداتە حکوومەتەکان بۆ هەڵگرتنی باری بەرپرسیارێتی لە کاتێکدا ئەگەر نەشیان ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن. یەکێك لە بەهێزترین سیماکانی چوارچێوەی مافی مرۆڤ، ئەو پرەنسیپە جەوهەرییەیە کە مافەکانی مرۆڤ، جیهانین - هەموو خەڵك بەهۆی تایبەتمەندیی مرۆڤبوونیان مافی یەکسانیان هەیە. دژی جیهانیبوون یەکێك لە گەورەترین بەهانەکانە بۆ ئاسایی پیشاندانی توندوتیژیی دژی ژنان، قەبووڵکردنی توندوتیژی بە بەهانەی ئەوەی کە بەشێکە لە کولتووری کۆمەڵایەتی. هەموو مافەکانی مرۆڤ دەبێت لەلایەن تێکڕای خەڵکەوە کەڵکیان لێوەربگیرێت.

جیهانیبوون یەکگرەنگی ناسەپێنێت و نکۆڵی لە جیاوازییەکانیش ناکات. تێگەیشتن لە جیهانیبوونی مافەکانی مرۆڤ کاتێکە کە چاو لە دەوڵەمەندی بوارە



جیاوازە کولتورییەکان و ئەزموونەکانی بکرێت. خەبات بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژن وەکو مافەکانی مرۆڤ درێژخایەن و زەحمەت بووە. مافەکانی ژن هەندێك جار لەبەرنامەی کاریی زۆربەی ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکان، گرووپی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەکان، پارتە سیاسییەکان لە ناسینەوەی مافەکانی ژن وەکو مافی مرۆڤ دەکەونە هەڵەوە، تایبەتمەندی نادرێتێ. گرووپگەلی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگە لەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە باوەی سەپاو بەسەر کۆمەڵگەدا بەری نین. بێگومان هەندێکیان پیاوگەلێك دەگرێتەوە کە خۆیان تاوانباری توندوتیژیی دژی ژنانن.

چالاکڤانانی مافەکانی ژن دەبێت بەسەر ئەو پێشداوەرییانە سەرکەون کە دژی ژنانێك ڕۆڵی بەڕێوەبردنیان هەیە لەنێو ئەو کۆمەڵگە یان کۆمەڵانەدا کە ڕۆڵی ژن تەنیا لە کاری نێوماڵدا دەبینن. ئەو ژنانەی کە دەوێرن ڕووبەڕووی چوارچێوە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان ببنەوە، کەوتوونەتەبەر تاوانبارکردن لەلایەن خەڵکەوە و کەسایەتییان دەخەنەبەر ناو و ناتۆرە و پێیان دەگوترێت دوژمنی پیاو، لەشفرۆش، هاوجنسباز، قەیرە، سەرکێش و سەربەگێچەڵ.(٢٣) زۆربەی جار ئەو ژنانەی کە دەنگیان دژی یاسا و ڕێسای هەڵاواردن هەڵدەبڕن، تاوانبار دەکرێن بە خایین بە ئایین یان بەکولتوور یان دوژمنانی خاك و وڵات. پارێزەرانی مافی ژن ڕووبەڕووی مەترسیگەلێکی تایبەت دەبنەوە، چونکە ئەوان پارێزگاری لە مافگەلێك دەکەن کە مافی کەسایەتی، هەویەت و لەش، وەکو سێکسوالیتە و منداڵبوونی ژن دەگرێتەوە.

لەگەڵ هەبوونی ئەو مەترسییانەیشدا، لەم دەیەی دواییەدا بەرنامە و پرۆژە کە بۆ ژنان و خەبات و بەرگری لە نەبوونی توندوتیژیی دژی ژن دەکات پەرەی سەندووە. ژمارەیەکی زۆر لە دەستپێشخەرانی دژەتوندوتیژی لە هەموو بەشەکانی جیهاندا کاردەکەن. هەندێکیان لەلایەن گرووپی چکۆلەی ژنانەوە بەڕێوەدەچن، هەندێکی تر لەلایەن ڕێکخراوی نێونەتەوەیی و هەندێکیش لەلایەن دامودەزگا حکوومییەکانەوە. جگە لەمانەیش، زۆربوونی هەوڵی لێکۆڵینەوە لەو بارەوە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی تێگەیشتنێکی ورد و ژیرانەتر لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی توندوتیژیی دژی ئافرەتان.

## هەڵمەتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی:

هەڵمەتی ڕێکخراوەی لێبوردنی نێونەتەوەیی (ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال) لە مارسی ۲۰۰٤وە بۆ ڕاگرتنی توندوتیژیی دژی ژن و بۆ یارمەتیدانی ئەو هەوڵانەی کە بزووتنەوەکانی مافی ژن لە چوارگۆشەی جیهان دەیکەن، دەستپێکرد.

ئەم ڕاپۆرتە، دەستپێکردنی ئەو هەڵمەتە، بەرپرسیارێتی دەوڵەت، کۆمەڵەکان و تاکەکان بۆ کارکردن و کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی دژی ئافرەتان ڕووندەکاتەوە. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەوەیە دەریبخات کە ئەو ڕێکخراوانەی ئافرەتان بۆخۆیان پێکیانهێناوە، بەهۆی هاوبەشی و پشتیوانی جووڵانەوەی مافی مرۆڤ بەهێز بووە. هەروەها کاریگەرترین ڕێگەیە بۆ سەرکەوتن بەسەر توندوتیژیی دژی ئافرەتان.

هەڵمەتی ڕێکخراوەی لێبوردنی نێونەتەوەیی بە شێوەیەك ڕێکخراوە کە هەردوو، چ ژن و چ پیاو، بخاتەگەڕ بۆ خۆڕێکخستن بۆ کار و بەکارهێنانی هێز بۆ وەستان دژی توندوتیژیی دژی ئافرەتان.

جووڵانەوەی مافی مرۆڤ بەگشتی کە ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییش دەگرێتەوە – لە پارێزگاری لە ئافرەتان سست بوون. کاتێکی زۆری خایاند تا بەسەر ئەو بۆچوونە هەڵەیە سەرکەوتن کە توندوتیژی لە شوێنی گشتی و توندوتیژی لە شوێنە تایبەتەکان جودان. لە نێوەڕاستی ۱۹۹۰وە ڕێکخراوی لیبوردنی نێونەتەوەیی بۆ چەسپاندنی ئەوەی کە مافی ژن هەمان مافی مرۆڤە خەباتی کردووە، هەروەها چەسپاندنی یەکسانیی ژێندەر لەنێو جەرگەی کاری خودی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییدایە. ئەم خەباتە پێویستی بە بەرزبوونەوەی ڕادەی هۆشیاری لە بارەی لایەنی توندوتیژیی لەسەر بنەمای ژێندەری مافەکانی مرۆڤەوە هەیە. هەروا پێویستی بە کارکردن هەیە لەسەر لێکۆڵینەوەی پتر لە بارەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان و دامەزراندنی هاوکاریی ڕاستەقینە لەگەڵ بزووتنەوەکانی ئافرەتان لە هەموو دونیادا بۆ خەبات دژی توندوتیژیی ئافرەتان.

جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ- بەردی بناغەی بزووتنەوەی مافی مرۆڤ- ڕایگەیاند



کە هەموو مرۆڤێك لە مافە مەدەنی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و مافە کەلتوورییەکاندا یەکسانە. خەباتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەیەوێت پێشانی بدات کە مافی ژن بۆ ڕزگاری لە توندوتیژی تەواوکەری ئەم جاڕە گەردوونییەیە. تا ئەو دەمەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان بنبڕ نەکرابێت، جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ بە ناتەواوی دەمێنێتەوە.

هاوبەشی پیاوان بەشێکی سەرەکیی ستراتیژیی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییە بۆ بنبڕکردنی توندوتیژیی دژی ژنان. پیاوان تەنیا تاوانبارانی توندوتیژی نین، توندوتیژی کاریگەری لەسەر ئەوان و خۆشەویستەکانیان هەیە و دژی دەوەستنەوە. بزووتنەوەی مافەکانی مرۆڤ ڕێوشوێنێك پێشانی پیاوان دەدات کە کاریگەریی پشتیوانییان زۆرتر بێت. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بانگەواز لە پیاوان دەکات کە پەیوەندی بەم هەڵمەتەوە بکەن، بۆ ڕاگرتنی توندوتیژیی دژی ژنان و هەموو ئەندامان و پشتیوانانی خۆی، چ ژن بن چ پیاو، بۆ ئەم مەبەستە سازدەکات و دەخاتەگەڕ.

# بەشی دووەم

# سێکسوالیتە و توندوتیژی و مافەکان

لە هاسی مەسعود، لە جەزائیر ئیمامی مزگەوتێکی ئەو ناوچەیە زوو زوو ناوی ژنێکی کە تەنیا لەو ناوچەیەدا دەژیا دەزڕاند و بە سۆزانیی ناودەبرد. شەوێک، مانگی تەمموزی ٢٠٠١ نزیکەی ٣٠٠ پیاو پەلاماری ٤٠ ژنیان دا کە بەتەنیا دەژیان. زۆربەی ئەو ژنانە پاش تێکچوونی پەیوەندی ژنومێردایەتییان چووبوونە ناوچە بە نەوت دەوڵەمەندەکان، لەوێ لە ماڵە ساماندارەکاندا کارەکەرییان دەکرد. ماڵەکانیان تالاّن کران، بە گوێرەی راپۆرتەکان دەموچاوی هەندێک لەو ژنانە رنابوون. هەندێکیان سووتێنرابوون و هەندێکیشیان بە چەقۆ بریندار کرابوون. نزیکەی هەر هەموشیان پڕیان درابوویێ، هەندێکیان دەستدرێژییان کرابووە سەر، لایکەمی سێ کەسیان بەکۆمەڵ لاقەکرابوون. ئیمامەکە نکۆڵی لەوەکرد کە هانی ئەو توندوتیژییانەی دابێت. نزیکەی چل پیاو گیران، بەتۆمەتی دزی، دەستدرێژی و پەلامار و کۆمەڵێک تاوانی دیکە تاوانبارکران. لە حوزەیرانی ٢٠٠٢دا دادگە ١٠ کەسی لێ ئازاد کردن و ئەوانی دیکەی بە سێ ساڵ زیندانی حوکمدان بەهۆی دزی و بەشداربوونیان لەو گەلەکۆمەیە نایاساییە.

ئەم رووداوە بە روونی پیشانیدا کە کۆمەڵ چەندە لە ژنی سەربەخۆ (ژنێک کە بەتەنیا و لەسەر دەستی خۆی بژییێت) دەترسێت، هەروەها ئەو گریمانە چەوت و هەڵەیەی دەرخست کە گوایە ئەو ژنانەی پلەیەک لە سەربەخۆیی ئابوورییەوە نزیکتر بنەوە لەڕووی سێکسوالیتەیشەوە سەربەخۆ دەبن، جگە لەمانەیش پیشانیدا چۆن ترسێکی لەم شێوەیە دەکرێت ببێتە توندوتیژی.

هەموو مرۆڤێك مافی سەربەخۆیی فیزیکی و هزریی هەیە. ئەم مافە بنەڕەتییەی مرۆڤ لە لایەن یاسای نێونەتەوەیی و بەهۆی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤەوە راگەیاندراوە. مەبەستیش لەم مافانە ئەوەیە کە ژن و کچ مافی دەسەڵات بەسەر لەشی خۆیاندا هەیە. هەرچەند زۆربەی جار ئازادیی ژنان بۆ داواکردنی ئەم مافە بەهۆی توندوتیژی یان هەڕەشەی توندوتیژی لەلایەن دەوڵەت، کۆمەڵ و تاکەوە، سنووری بۆ دادەنرێت.



زۆربەی جار توندوتیژی بۆ کۆنترۆڵکردنی رەفتاری ژنان، پاراستنی پاکیزەیی و میرات و شەرەفی بنەماڵە و کۆمەڵ بەکاردێت. بۆ ئەوەی ژن بپارێزن، زۆربەی کۆمەڵگەکان هەندێک سنوور دادەنێن کە ژنان دەبێت پەیڕەوی لێبکەن وەکو شێوەی جلوبەرگ یان کۆنترۆلکردنی ئازادی جوولانەوەیان. ئەو ژنانەی لە رووی ئەم رێسایانە دەوەستنەوە زۆرجار تووشی سزا دەبن.

یاساکانی مافی مرۆڤ هەموو شێوازێکی توندوتیژیی جەستەیی، دەروونی و سێکسی دژی ژن قەدەغە دەکەن. کاتێک ژنێک رووبەڕووی لێدان، هێرشی سێکسی، یان بەزۆر منداڵ لەبەربردن، نەزۆککردن، یان "تاقیکردنەوەی بوونی پەردەی کچێنی" دەبێت، ئەوە توندوتیژییە کە دەکرێتە سەر مافی سەربەخۆیی جەستەیی و دەروونی ئەو ژنە.

## کۆنترۆڵکردنی رەفتاری ژن:

*زۆر زەحمەتە بۆ ژنێک سکاڵا لە بەزۆر بەشوودان بکات... ئەگەر سکاڵا بکات، بنەماڵەکەی دەیکوژن." لە دیمانەی رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لەگەڵ ژنێکدا لە جەلالئاباد، لە رۆژهەڵاتی ئەفغانستان.*

"مافی مرۆڤی ژن بریتییە لە مافی ژن بۆ کۆنترۆڵکردنی ئازادانە و بەرپرسیارانەی بڕیاردان لەسەر ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە سێکسوالیتەوە هەیە وەکو تەندروستی سێکسی و زاووزێ، دوور لە زۆرەملێ، هەڵاواردن و توندوتیژیی. پەیوەندییەکی یەکسان لەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە پەیوەندی سێکسی و زاووزێ، لەگەڵ رێزی تەواوی سەربەخۆیی کەسایەتییان کە پێویستی بە ریزگرتنی دوولایەنە، رازیبوونی هەردوو لا و دابەشکردنی بەرپرسیارییەتی لە هەڵسوکەوتی سێکسی و دەرئەنجامەکانی هەیە".

(پاراگرافی ٩٦ی پلاتفۆرمی پەکین بۆ چالاکی، پەیمانی حکوومەتەکان کە لە کۆتایی چوارەمین کۆنفرانسی جیهانیی UN گەیشتنە ئەنجام).

کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتەی ژن سەرەکیترین کارە بۆ ژێردەستەکردنی. خەتەنەکردنی ژن یەکێکە لە گەورەترین مانفێستی توندوتیژی کە بۆ کەمکردنەوەی دەربڕینی سێکسیی مێینە ئەنجامدەدرێت. نموونەگەلێکی دیکەی ئەو کۆنترۆڵکردنە بریتین لە چاودێریکردنی ژیانی سێکسیی ژن، توانایییان بۆ هەڵبژاردنی هاوژیان، ئایا دەیانەوێ منداڵیان ببێت یان نە.

> "ئەگەر ژنێك بەپێی تێگەیشتنی پێوانەکانی کۆمەڵگەکەی زانرا کە لەڕووی سێکسییەوە لە رێگە لادەدات، رووبەڕووی سزا دەبێتەوە... لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، رێگەی هەڵبژاردنی دەستپێکردنی ژیانی سێکسی بۆ ژنان سنووردار دەبێت بەوەی شوو بە پیاوێك کە سەر بە هەمان کۆمەڵەیە بکات، جگە لەم رێگەیە پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ پیاوێکی تر، بەدەر لە ژن و مێردایەتی یان لە دەرەوەی چوارچێوەی هێترۆسێکسوال- سێکسی نێوان ژن و پیاو- رووبەڕووی توندوتیژیی و بێڕێزی پێکردن دەبنەوە."
> نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی توندوتیژیی دژی ژنان.[٢٤]

لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا ئافرەتان و کچان مافی هەڵبژاردنی هاوسەریان نییە. لەگەڵ ئەوەی یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ، مافی رەزامەندی دوولایەنە بە هەموو ژنێك دەدات بۆ زەوجین، بەڵام بەزۆر بەشوودان هێشتایش باوە. هەروەها زەوجین لە تەمەنی کەمدا شتێکی باوە و لە هەندێك وڵاتدا لەگەڵ ئەوەی بەشوودانی کچی گەنج، ئەو کچانەی کە هێندە منداڵن کە نابێت زانیاری لە بارەی پەیوەندی سێکسییان پێبدرێت، دژی پەیماننامەی رێکخراوی نێونەتەوەیی مافی منداڵە، پەیماننامەیەك کە لەلایەن زۆربەی وڵاتانەوە پەسندکراوە.

بۆ نموونە لە ئەفغانستان بەزۆر بەشوودانی کچ و ژنی گەنج کارێکی بەربڵاوە، هەرچەندە بەپێی یاسای ئەفغانی بە تاوان دەژمێردرێت، بەڵام نە کۆمەڵگە بەگشتی و نە سیستەمی دادوەری ئەو کردەوەیە بە تاوان نازانێت. بۆ نموونە داپیرەی کیژۆڵەیەکی



هەشتساڵان چووبوو بۆ دادگە بۆ سکاڵاکردن دژی پیاوێکی ٤٨ ساڵان کە بڕیار بوو بەزۆر نەوەکەی مارە بکات. بەپێی یاسای ئەفغانی تەمەنی یاسایی شووکردن ١٦ ساڵە. دادگە رازی نەبوو کار لەسەر ئەو کەیسە بکات.

ئەگەر کچ و ژنی ئەفغانی بەرامبەر کردەوەی بەزۆر بەشوودان راوەستن، رووبەڕووی سزادان دەبنەوە. رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ساڵی ٢٠٠٣دا وتووێژی لەگەڵ ژمارەیەك کچ و ژنی گەنج کە لە بەندیخانەدا بوون و بنەماڵەکانیان گوشاریان خستبووەسەر پۆلیس و دادگە کە زیندانییان بکەن چونکە رازی نەببوون بەزۆر بەشوو بدرێن. زۆربەی جار هۆکاری یاسایی ئەم گرتنانە ناڕوون بوون. لە یەکێك لە کەیسەکاندا کە لەلایەن رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، کیژۆڵەیەکی ١٤ ساڵانە کە بەزۆر لەلایەن بنەماڵەکەیەوە و لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا بەشوودراوە. مێردی ئەم کیژە بە بەردەوامی توندوتیژیی لەگەڵدا بەکارهێناوە، بەڵام کیژۆڵەکە بە تاوانی جێهێشتنی مێردەکەی بە سێ ساڵ حوکمدرا. لە ئەفغانستان "هەڵهاتن لە ماڵ" بە تاوان دەژمێردرێت.

ئەو ئافرەتانەی کە بۆ مانەوەیان هیچ چارەیەکیان نییە جگە لە بەکارهێنانی سێکسوالیتەی خۆیان، لە زۆربەی بەشەکانی دونیادا لە مەترسیی پێشێلکردنی مافە مرۆڤایەتییەکانیاندان. رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە چین کرداری توندوتیژیی لەلایەن پۆلیسەوە دژی ئەو ئافرەتانەی کە لە شارۆچکە و گوندەکانەوە کۆچیان کردووە و لەشفرۆشی دەکەن تۆمارکردووە. پۆلیسەکان ئافرەتان دەستگیردەکەن و ئەشکەنجەیان دەدەن و هەڕەشەیان لێدەکەن و بەرتیلیان لێوەردەگرن. زۆربەی لەشفرۆش و کڕیارەکان لە بەندیخانەکاندا مردوون، ئەوانی دیکەش پاش ماوەیەکی کورت لە ئازادکردنیان خۆیان کوشتووە. ئەم کردارانە هێندە ئاسایی بوون کە بوونەتە هۆی سەرچاوەیەکی باشی پارەپەیداکردنی ئەفسەرە پۆلیسەکان.

لەگەڵ ئەوەی بە ئاشکرا باسکردنی سێکس و سێکسوالیتە بڤەیە. بڤەبوونێك کە چالاکانی مافەکانی ژن لەدرێژەی خەباتی خۆیاندا لەگەڵی لەشەڕدان، سێکس و

سێکسوالیتە بە شێوەیەکی دیار بەسیاسی کراوە. زۆربەی جار لەشی ژن وەکو سیمبۆلێك لە شەڕە سیاسییەکاندا بەکاردێت. لە کاتێکدا کۆمەڵگە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتەی پیاو و ژن دەدات، بەڵام کە دەگاتە یاسادانان بۆ سێکسوالیتەی ژن سنوورەکانی کۆمەڵگە پڕ دەبن لە پێشێلکاری و زەبروزەنگ.

**مافە پەیوەندیدارەکان بە سێکسوالیتەوە:**

**پێناسەیەك**

مافی سێکسوالیتە، مافەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە کە لەلایەن یاسای نەتەوەیی و بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکانی مافەکانی مرۆڤ و بەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکانی دیکەوە دانیان پێدانراوە. ئەم مافانە بریتین لە مافی هەموو کەسێك دوور لە زۆرەملێ، هەڵاواردن و توندوتیژیی بۆ:

* دابینکردنی بەرزترین ستانداردی تەندروستی لە پەیوەندی لەگەڵ سێکسوالیتە، کە ئەمەیش دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری چاودێری سێکسی و زاووزێ دەگرێتەوە.

* داواکردن، وەرگرتن و دەربڕینی زانیاری لە بارەی سێکسوالیتەوە.

* ڕێز لە سەربەخۆیی لەش.

* هەڵبژاردنی هاوسەر.

* بڕیاردان لەسەر چالاکبوونی ژیانی سێکسی یان نا.

* ڕەزامەندی دوولایەنە لە پەیوەندی سێکسیدا.

* ڕەزامەندی دوولایەنە لە زەوجیندا.

*** بڕیاردان لە بوون یان نەبوون و کەی منداڵبوون یان نەبوون.**

*** درێژەدان بە ژیانێکی ڕازی و تەندروست و خۆشی سێکسی.**

**جێبەجێکردنی بەرپرسانەی مافەکانی مرۆڤ داوا لە هەموو کەسێك دەکات کە ڕێز لە مافی ئەوی دیکە بگرێت.**

**(ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی)**[٢٥]



ئافرەتانێك کە لەگەڵ ژنی دیکەدا سێکسیان هەیە، چ ئەوانەی خۆیان بە هاوجنسباز دەناسێنن یان نا، دەبنە ئامانجی توندوتیژیی دژی مافەکانی مرۆڤ. هەندێکیان لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە زۆریان لێدەکرێت بچنە ژێر چاودێری دەرمانی یان بخرێنە بەندیخانە بە مەبەستی "چارەسەریی" کردن لەو ناسنامە و بۆچوونە سێکسییەیان. بەپێی ڕێکخراوێکی ناحکوومەتی لە هیند دەرمانی بەهێز دراوەتە ئەو ئافرەتانەی کە وەکو "نەخۆش"ی هاوجنسباز ناسراون، هێندێکی دیکەشیان چوونەتە ژێر تیراپییەکی "بێزارکەر".[٢٦]

ئافرەتانێکیش کە ڕازی نین بە نۆرمەکانی کۆمەڵگە لە بارەی سێکسوالیتەوە دیسان دەکرێت لەلایەن دەوڵەتەوە ڕووبەڕووی سزا ببنەوە. کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤی هاوجنسبازەکان لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە دەکات بە گرووپێکی فیلمچێکەری زنجیرەیەکی تەلەڤیزیۆنی لە بارەی سێکسوالیتەوە کە لەلایەن ڕێکخراوی هاوجنسبازانی بۆلیڤیاوە Mujeres Creando پشتیوانی لێدەکرا لەلایەن پۆلیسی لاپازەوە هێرشیان کرایەسەر. ئەکتەرەکان، کارمەندان و چالاکەکان کە لەم پرۆژەدا بەشدار بوون تووشی لێدان و تێهەڵدان بوون و پۆلیسیش گازی فرمێسکهێنەریان بۆ بڵاوەدەکردن بە تەماشاوانەکان بەکارهێنا. ١٢ کارمەند بە تۆمەتی نمایشی "بێڕەوشتانە" و کرداری "بێڕەوشتانە" گیران. پاشتر دەسەڵاتداران ڕێگەیان بە کارمەندەکان دا درێژە بە کاری چێکردنی فیلمەکەیان *بدەن*.

*"منیان لە ژوورێکدا بەندکرد و هەموو ڕۆژێك دەیانهێنا بۆ ئەوەی لاقەم بکات و بۆ ئەوەی زگم پڕبێت و زۆرم لێبکرێت مێردی پێبکەم. هێندە وایان لێکردم تا زگم پڕ بوو."*

*شایەتیی ژنێکی گەنجی هاوجنسبازی خەڵکی زیمبابۆی کە بنەماڵەکەی لە ژوورێکدا بەندیان کرد و بەزۆر هێشتیان پیاوێکی پیر لاقەی بکات بۆ ئەوەی شێوازی سێکسوالیتەی "چاك بکەنەوە".*[٢٧]

یەکێك لەو لایەنانەی کە چۆن (خیارات)ی ژن کۆنترۆڵ دەکرێت، سنووری زۆرەملێی شێوازی جلوبەرگ لەبەرکردنە. لە هەندێك ولآت سزای درِندانە، نامرۆڤانە و بێرِیزانە رووبەرِووی ئەو ئافرەتانە دەبێتەوە کە لە سنووره دارِێژراوەکانی جلوبەرگ لادەدەن. لە ولآتگەلێك وەکو ئێران و عەرەبستانی سعودی شێوازێکی تایبەتی جلوبەرگ لەلایەن پۆلیس و ئاین و دەوڵەتەوە بەسەر ژندا دەسەپێنن. لە ولآتانی دیکە گرووپە چەکدارەکان هەوڵدەدەن بە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی خۆیان جلوبەرگی "لەبار و رێکوپێك" بسەپێنن. بۆ نموونە گرووپە چەکدارەکانی کۆلۆمبیا بە ئافرەتانیان گوتبوو نابێت جلوبەرگێك لەبەر بکەن کەمەریان پیشانبدات. گرووپی بەرهەڵستکاری چەکداریی سیخ لە پونجابی، هیند، هەوڵیاندا زۆر لە ئافرەتان بکەن کە شەلوار و کەمیز (بەرگێك بەرامبەر ساری و جینز) لەبەر بکەن وەکو بەرگێکی تایبەتی ژنانی سیخ. هەر رێك لەو دیوی سنوورەوە لە پاکستان، گرووپە ئیسلامییەکان ئەو جلوبەرگە بە هی خۆیان واتە پۆشاکێکی ئیسلامی دەزانن. لەرِاستیدا شەلوار و کەمیز کە ئێستا لەلایەن زۆربەی ژنانی باشووری ئاسیاوە لەبەردەکرێت، لە بنەرِەتدا لەلایەن ژنانی سەر بە هەموو ئایینەکانی ناوچەیەکی تایبەت لە پاکستان و هیند لەبەرکراوە.

لە کۆنفرانسێك کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا لەلایەن تۆرِی ژنان کە لەژێر یاسای ئیسلامیدا دەژین رێکخرابوو، ژنانی ژمارەیەك لە ولآتانی ئاسیایی و ئەفریقایی گلەییان لە بلاوبوونەوەی سەپاندنی سەرپۆش لەسەرکردن لە ولآتەکانیاندا کرد. ئەوان گوتیان لە سەرکردنی ئەم سەرپۆشانە پێشتر لە کۆمەڵگەکانیاندا داب نەبووە، بەلآم بەهۆی کاریگەریی بزاڤە دواکەوتووەکان لەسەر ناوەندە ئایینی و دەوڵەتییەکان بەسەر ئەماندا سەپاوە. لە هەندێك ولآتدا کە سیکولاریزم بە شێوەیەکی درِندانە لەلایەن دەوڵەتەوە وەکو سیمبۆلێکی مۆدێرن دەسەپێنرێت، رێگە بە ژنان نادرێت ئەو شێوازە جلوبەرگە نەریتی یان شێوەیەکی نوێتر کە پیشاندەری ناسنامەی سیاسیی ئایینیانە لەبەر بکەن. بۆ نموونە لە تورکیا ژنانی سەر بە گرووپە ئیسلامییەکان خەباتیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافی داپۆشینی سەریان.




هاندەربوونی ژنان لەرِێگەی شێوە جلوبەرگەوە بۆ کردەوەی توندوتیژیی بۆچوونێکی بەربلاوە. بۆ نموونە فەرمانێك لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن حکوومەتی تانزانیاوە دەرکرا کە لەبەرکردنی مینیژۆپ و کراسی تەسکی لە کارەکەرەکان قەدەغە کرد. سیاسەتوانەکانی دارئەلسەلام گوتیان ئەگەری بلاوبوونەوەی ئەیدز کەم دەبێتەوە گەر ژنان جلی کورت و تەسك لەبەر نەکەن.

سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کێلانتانی مالایزیا و رێبەری پارتی ئیسلامی بەرهەڵستکار، نیك عەزیز نیك مات، لە ئەیلوولی ٢٠٠٣دا گوتی لەگەڵ ئەوەی ژنان جلی "داپۆشراو" لەبەردەکەن لێ هێشتایش بەهۆی بەکارهێنانی سووراو و عەتر دەتوانن "ویستی پیاوان بوروژێنن".[٢٨] ئەو پێشتر رەخنەی لە ئافرەتی گەنج کە جلی رووت لەبەردەکەن گرتبوو و گوتبووی کە ئەوان بەهۆی شێوازی جلوبەرگیانەوە دەبنە هۆی بانگهێشتنی پیاوان بۆ دەستدرێژی یان ئازاردانیان.[٢٩]

ژنان هاندەدرێن بۆ لەبەرکردنی تازەترین مۆدیلی جلوبەرگ بەهۆی گوشاری دەوروبەر، بازرگانە گەورەکان، ریکلام و مێدیاوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان دەبنە بەرپرسیاری ئەو توندوتیژییانەی بەرامبەریان دەکرێت گەر جلوبەرگی "ورووژێنەر" لەبەر بکەن.

هەندێك جار مێدیاکان ئەو بیروبۆچوونانە پەروەردە دەکەن کە توندوتیژیی پەسن دەکات، توندوتیژیی سێکسییش یەك لەوانەیە. بۆ نموونە دەقی گۆرانییەکی بەرازیلی داوا لە ژنێك دەکات کە بە شێوەیەکی ورووژێنەر سەما بکات، ئەمەیش بەشێك لەو گۆرانییەیە:

Vai glamorosa
Se te bota maluquinha
Um tapinha eu vou te dar porque
Dòi, um tapinha näo doi, um tapinha nao doi
ئەگەر تۆزێك شێتانەتر بیت
من زللەیەکی بچووکت لێدەدەم چونکە
دێشێت، زللەیەکی چکۆلە ئێشی نایە، ئێشی نایە.




**بەد ڕەفتاری سێکسی:**

بەشێکی بەرچاوی توندوتیژیی دژی ژنان شێوازێکی سێکسی دەگرێتەخۆ. لە ئەمریکا مەزەندە دەکرێت یەك لە سێی ژنان یەکجار لە ژیانیاندا سووکایەتی سێکسییان بەرامبەر کرابێت.[30]

دەستدرێژیی (اغتصاب) پێشێلکارییەکی سەرەکییە دەرهەق بە سەربەخۆیی لەشی ژن  کە دەکرێ بە شێوەیەك لە شێوەکانی ئەشکەنجە دابنرێ و لەتەواوی دونیادا زۆر باوە.

*ساڵی **۱۹۹۹** لە کەیسێکی زۆر دیاردا لە ئیتالیا دادگەی باڵای ئیستیناف لە ڕۆما حوکمێکی لاقەکردنی گۆڕی، چونکە گوتیان سکاڵاکەر دەبێت ڕەزامەندی لەسەر کردنی سێکسەکە هەبووبێت چونکە ناکرێت جینزەکەی بەبێ "هاوکارییەکی چالاکانەی" خۆی*



*داکەندرێت. ئەندامانی ژنی پەرلەمان هێندە بەم حوکمە تووڕە بوون کە بانگەشەیان بۆ "مانگرتن لە لەبەرکردنی دامەن (تەنورە)" کرد و داوایان لە ژنان کرد کە تا ئەو کاتەی دادگە بڕیارەکەی دەگۆڕێت جینز لەپێ بکەن. دادگەی باڵا کەیسەکەی ناردەوە بۆ دادگەی ئیستیناف. لە ئۆکتۆبەری **۱۹۹۹** دادگەیەکی ئیستینافی ناپێل پیاوەکەی بە بێتاوان ناساند.*

هەرچەندە بەهۆی ترس لە ناوزڕاندن کەمتر ئاشکرا دەکرێت و هەر بەو هۆیەیشەوە کەمتر ئەو کردەوەیە بەر سزا دەکەوێت. لە باشووری ئەفریقا کە بەتایبەت ژمارەی دەستدرێژیکردنی راپۆرتکراو زۆرە، پۆلیس دەڵێت تەنیا یەك لە ۳۵ ڕووداوی دەستدرێژی لەڕاستیدا ڕاپۆرتکراون.[31] لە فەرەنسا مەزەندە دەکرێت کە لە ۲۵۰۰۰ ڕووداوی دەستدرێژی کە ساڵانە ڕوودەدات، تەنیا ۸۰۰۰ ڕووداو بە پۆلیس ڕادەگەیندرێت.[32]

زۆرینەی ژنان نازانن کە مافی نکۆڵیکردن لە کردنی سێکس لەگەڵ مێردەکانیان هەیە، هەروەها لە هەندێك وڵاتدا ئەو یاسایانەی لە بارەی دەستدرێژییەوەن، دەستدرێژیی نێوان ژن و مێرد ناگرێتەوە: ژنێك ناچارکرابوو هەر شووی کرد ڕەزامەندی هەمیشەیی دەربڕیت بۆ تێکەڵاوی سێکسی. بۆ نموونە بەپێی بەندی ۳۷۵ی یاسای سزای هیندی "سێکسکردنی مێرد لەگەڵ ژنەکەی کە لەژێر تەمەنی ۱۵ ساڵ نەبێت، دەستدرێژی نییە."

لەم دەیەی دواییەدا دەستدرێژی وەکو چەکێك لە ناکۆکییەکانی هەموو دونیادا بینراوە، زۆربەی جار ئەو ناکۆکییانە ڕوویەکی ئایینی، ئێتنیکی یان سیاسییان هەیە. لە گواتیمالا لە کاتی شەڕی نێوخۆیی ۱۹۷۰/۱۹۸۰ کۆمەڵکوژیی گوندەکانی مایا بە دەستدرێژی بە ژنان و کچانی ئەو ناوچەیە کۆتایی پێهات. ساڵی ۱۹۹۰ لە جەزائیر سەدان ژن لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە رفێندران و دەستدرێژییان کرایەسەر. هەندێکیان لە کاتی دیلیدا کوژران و ئەوانیتر توانیان هەڵبێن یان پاشتر

ئازادكران. شەڕكەرەكانی دوایین ناكۆكی ئێتنیكی لە بالكان و نێوەڕاستی ئەفریقای رۆژئاوا دژی ژنانی گرووپێكی ئێتنیكی تایبەت توندوتیژیی سێكسیان وەكو ئامرازێكی كۆمەڵكوژی بەكاردەهێنا.

توندوتیژیی سێكسی دەكارێت شێوازێك بێت بۆ سووكایەتیكردن بە ژن. رووتكردنەوەی ژنان و پیشاندانیان بە رووتی، نواندنی كرداری سێكسی و توندوتیژیی جەستەیی و بە گوتار بەشێكن لەو شێوازانە.

شێوازێكی رێگەپێدراوی دەوڵەتییانەی بەدكاری كە بە ئامانجی كۆنترۆڵكردنی سێكسوالیتەی ژن دەكرێت و لە هەمان كاتدا دەستدرێژییەكە بۆسەر سەربەستیی فیزیكی ژن "تاقیكاری كچبوون"ی ژنانە. تاقیكاری زۆرەملێی كچێتی بۆ مەبەستی تەماشاكردنی پەردەی كچێتی هەڵگری ئازار، سووكایەتی و ترسە و لە هەمان كاتدا تاقیكارییەكی بێكاریگەرییە بۆ زانینی بوونی پەردەی كچێتی و ئەگەری دەستدرێژی لێكردن، بەڵام هێشتایش لە چەندین وڵات بە ناوچەی جیاوازەوە وەكو ئەفغانستان، ئەفریقای باشوور و هیند رەچاودەكرێت.(٣٣)

شوباتی ٢٠٠٢ لە توركیا پاش خەباتێكی فراوان لەلایەن گرووپی ژنان و گرووپی مافەكانی مرۆڤ، حكوومەت ئەو یاسا پڕجەنجاڵەی كە رێگەی بە "تاقیكاری كچێتی" ئەو خوێندكار و كچانە دەدا كە گومانیان لێدەكرا پێش شووكردن سێكسیان هەبووبێت، لابرد. بە گوێرەی یاسای پێشوو تاقیكاری جینۆكۆلۆژی شتێكی ئاسایی بوو، تا ئەو كاتەی كە پێنج خوێندكار هەوڵی خۆكوشتنیان بە خواردنی ژاری مشك دا نەوەك بخرێنە ژێر تاقیكارییەكی بەو جۆرە. لە كانوونی دووەمی ١٩٩٩دا وەزیری داد فەرمانی كەمكردنەوەی "تاقیكاری كچێتی" دەركرد مەگەر ئەوەی لەلایەن دادوەرێكەوە فەرمان بدرێت بۆ دەستخستنی بەڵگە لە مەسەلەیەكی تاواندا. لێكۆڵینەوەكان كە لە نەخۆشخانەكانی ئەستەنبوڵ كراون پیشانیانداوە كە پاش قەدەغەكردنی "تاقیكاری كچێتی" تەنیا ١٦,٨٪ ی تاقیكارییەكان بۆ مەبەستی دادگەیی كراوە و ئەوانیتر هۆكاری "كۆمەڵایەتی"یان هەبووە. روونتر بڵێین ئەم



تاقیكارییە بۆ سووكایەتیكردن بە گرووپێكی تایبەتی ژنان بۆ نموونە ژنانی چالاكی سیاسی كە لە بەندیخانەكانی توركیادان بەكار دێت.

بەداخەوە كاتێك هەوڵەكان بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەی كە سێكسوالیتەی ژنان لەخۆیدا بە ئاسانی لەكەدار دەبێت، دەبێتە هۆی پتر سنوورداركردنی مافەكانی ژن. بۆ نموونە ئەو هەوڵانەی بۆ ژماردنی ئەو ژنانەی كە قاچاخ كرابوون بۆ ئەوەی لە وڵاتانی دیكە وەكو كارەكەر و پەرستار كار بكەن بوو بە هۆی دانانی یاساگەلێك كە ئازادیی جووڵانەوەی ژنانی سنووردار كردن. هەردوو كۆنفرانسی نێونەتەوەیی لە بارەی دانیشتوان و پێشكەوتن (قاهیرە ١٩٩٦) و چوارەمین كۆنفرانسی جیهانی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بارەی ژنان (پەكین ١٩٩٥) دانیان بەوەدا نا كە تەندروستیی سێكسی و زاوزێكردن بەشێكن لە مافە بنەڕەتییەكانی مرۆڤ.

*بەگوێرەی راپۆرتێك، ساڵی ١٩٨٨ سابینا نجدو لەسیریكالی لە كاتێكدا كە لە فێرگەكەی لە نزیكی گوندی ئارچەرز پۆست، نێوەندی كێنیا، دەگەڕایەوە بۆماڵەوە، لەلایەن دوو سەربازی بریتانییەوە لاقەكرا. لە كاتێكدا لەژێر درەختێكدا بێهۆش و خوێنی لەبەر دەڕۆیشت، دایكی دۆزییەوە. نزیكەی مانگێك پاشتر سابینا بۆی دەركەوت كە دووگیانە. جمكێكی بوو، یەكێكیان لە تەمەنی سێ مانگیدا مرد. سابینا لەگەڵ منداڵەكەیدا مایەوە و ناچاركرا فێرگەكەی جێبهێڵێت. ئەو دەڵێت پاش لاقەكردنەكە كۆمەڵەكەی وەكو كەسێكی سووك تەماشای دەكەن و رێگەی پێنادەن لە رێوڕەسمە نەریتییەكان بەشداری بكات. منداڵان گاڵتە بە كوڕەكەی دەكەن و بە "مزونگو" واتە مرۆڤی سپیی، بانگی دەكەن. هەزاران داوای لاقەكردن دژی ئەندامانی سوپای بریتانی كە بۆ پتر لە ٣٠ ساڵ دەڕوات لە كێنیا بۆ مەشقكردن سەقامگیربوون، كراوە.*



**تایبەتە بەو وێنەیەی سەرێ:** ((ژنێك لە بەندیخانەی سەرەكیی كاستینا، نیجیریا كە بە تاوانی لەباربردنی منداڵەكەی سزای مەرگی بەسەردا دراوە. لە یاسای نێونەتەوەیی مافەكانی مرۆڤدا ژنان مافی بڕیاردان لەسەر ژمارە و مەودای نێوان منداڵبوونەكانی هەیە.))



## مافی منداڵبوون (زاوزێكردن)؛

سەرەتای ٢٠٠٣ لە ویلایەتی كاستینای باكووری نیجیریا حەوت ژن لە بەشی ژنانی بەندیخانەی ناوەندیی كاستینا بە تۆمەتی منداڵ لەباربردن، یەك لە ژنەكان بە تاوانی كوشتنی مرۆڤێك حوكمی مەرگی بەسەردا درا، ئەوانی تریش هەمان حوكمیان بەسەردا درا، بەهەمان تاوان، دوو ژنی دیكەیش بە تۆمەتی هاوكاری و هاندانیان بۆ لەباربردنی منداڵەكانیان حوكمدران. ئەو ژنانە بەگشتی خەڵكی گوندە هەژارەكان بوون و هەموویان لە كاتی دووگیانبووندا یان شوویان نەكردبوو یانیش جودابووبوونەوە، هەروەها موختاری گوند، هاوسێیان كەسی سێیەم راپۆرتیان لەلای پۆلیس لەسەردابوون. دادگەی نێونەتەوەیی، چاودێری هیچكام لەم كەیسانەی نەكردبوو تا ئاگای لە دادپەوەری دادگەكە بێت.

> **مافی منداڵبوون:**
>
> **پێناسەیەك**
>
> "مافی منداڵبوون دەكەوێتە سەر ناسینەوەی مافە بناغەییەكانی هەموو جووت و تاكێك بۆ ئەوەی ئازادانە و بەرپرسیارانە بڕیار لەسەر ژمارە، مەودای نێوان زاوزێكردن و كاتی بوونی منداڵەكانیان بدەن، هەروەها مافی هەبوونی زانیاری و ویستی منداڵبوون، مافی بەدەستهێنانی بەرزترین ستانداردی تەندروستیی سێكسی و منداڵبوون. هەروەها مافی هەموو كەسێك بۆ بڕیاردان لەسەر منداڵبوون بەدوور لە هەڵاواردن، زۆرەملێ و توندوتیژیی دەگرێتەوە."
>
> (پرۆگرامی قاهیرە بۆ چالاكی، پاراگرافی ٧)

مافی منداڵبوون ـ مافی چاودێری تەندروستی بۆ منداڵبوون و مافی سەربەخۆیی منداڵبوون ـ مافگەلێكی سەرەكین بۆ ئەوەی ئافرەتان كۆنترۆڵیان لەسەر ژیانی خۆیان هەبێت. هەردوو كۆنفرانسی نێونەتەوەیی سەبارەت بە دانیشتوان و گەشەسەندن

(قاهیره ١٩٩٤) و چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ئافرەتان (پەکین١٩٩٥) دان دەنێن بەوەی کە تەندروستیی زاوزێکردن و تەندروستیی سێکسی بەشێکن لە مافە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ. راگەیاندنەکانی ئەم دوو کۆنفرانسە تەندروستیی منداڵبوون و تەندروستیی سێکسی پەیوەست دەکەن بە مافەکانی تاکەکەسی بۆ سەربەخۆیی لەسەر لەشی خۆی و ئاسایشی کەسەکە، هەروەکو مافی کۆمەڵایەتی بۆ دەستگەیشتن بە بەرزترین ستانداردی چاودێری تەندروستی و زانیاری، هەروەها فێرکردنی دەستگەیشتن بەو مافانە.(٣٤)

بەندی ١٦ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە نەهێشتنی هەموو شێوەکانی هەڵاواردن دژی ژن CDEDW پارێزگاری لە مافی ژن بۆ بڕیاردان لە ژمارەی منداڵ و مەودای نێوانیان دەکات. لەگەڵ ئەمەیشدا یەك لە شەش ژنی دونیا کە لە تەمەنی منداڵبووندان، هەموو ساڵێك دەچنەژێر باری منداڵبوونی نەخوازراوەوە. لە ١٩٠ ملیۆن دووگیانبوون کە هەموو ساڵێك روودەدات، ٥١ ملیۆنیان بە لەباردبردن کۆتاییان پێدێت، لەوانەیش ٢١ ملیۆنیان لەو وڵاتانە روودەدەن کە لەباربردن لەرووی یاساییەوە قەدەغە کراوە.(٣٥)

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی هیچ هەڵوێستێکی لەسەر مافی هەڵبژاردنی ئافرەتان بۆ کۆتایی پێهێنانی دووگیانبوونی نەخوازراو نییە. قەبوولکردنی مافی لەباردبردن بەگشتی لە مافەکانی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤدا نەهاتووە. لایەنە فەرمییەکان کە پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ روونده‌کەنەوە بە شێوەیەکی روو لە زیاد پشتیوانی لەو هەڵوێستە دەکەن کە: لە هەر کوێیەك لەباربردنی منداڵ یاسایی بێت، دەبێت بە شێوەیەکی دوور لە مەترسی بێت و هەموو ژنێك دەستی پێبگات لەوەیش زێتر دەبێت رێگە بە لەباربردن بدرێت ئەگەر دووگیانبوون بەهۆی لاقەکردنەوە روویدابێت.(٣٦) مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی گوشاری خستۆتەسەر وڵاتان بۆ لابردنی سزای تاوان لەسەر لەباربردنی منداڵ، ئەمەیش بەو واتایەیە کە ئافرەتان نابێت بەهۆی لەباربردنی منداڵ بخرێنە بەندیخانەوە.(٣٧) و (٣٨)



هۆکارگەلێکی چەند لایەنە بۆ دووگیانبوونی نەخوازراو هەیە، ئەو هۆیانە بریتین لە کەمیی زانیاری و زانست لە بارەی بەرگری لە دووگیانبوون، دەستنەگەیشتن بە چاودێری تەندروستی و بەرگری لە دووگیانبوون. ٣٥٠ ملیۆن جووت لە سەرانسەری دونیادا دەستییان راناگات بە یارمەتی پلاندانانی خێزانی پێویست.(٣٩) جگە لەمەیش، هۆکارەکان بریتین لە نەبوونی هیچ جۆرە هەڵبژاردنێك بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە تەمەنی شووکردندان، هەروەها زۆرەملێ و توندوتیژیی نێو و دەرەوەی ژن و مێردایەتی. لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا پیاوانن کە بڕیار لەسەر بەرگریکردن یان نەکردن لە بوونی منداڵ دەدەن، هەر ئەوانیشن کە بڕیار لەسەر شێوازی بەرگریکردنەکە دەدەن. زۆر جار ئافرەتان ناگەنە هیچ رێککەوتنێك لەسەر سێکسی بێ زەرەر (بێ مەترسی)، دووگیانبوون و بەکارهێنانی کاندۆم. ئەمە تەنانەت ئەو پەیوەندییانەیش دەگرێتەوە کە هەردوو لا رازین بەڵام لە ترسی وەڵامێکی توندوتیژانەی هاوسەر چاوپۆشی لێدەکرێت.

ئازادی هەبوونی زانیاری لەبارەی مەسەلەی پیلاندانی خێزانی لە ژمارەیەك لە وڵاتان بەهۆی سیاسەتی حکوومەتی ئەمریکی کە بە شێوەیەکی فراوان ناسراوە بە (رێسای جیهانی قەدەغەکردنی گفتوگۆ) کەم کرایەوە. لە کانوونی دووەمی ٢٠٠١ سەرۆکی ئەمریکا، جۆرج بوش، یارمەتی ماڵی بە ئاژانسی ئەمریکی گەشەسەندنی نێونەتەوەیی USAID بۆ چاودێریکردنی پرۆگرامی پلانی خێزانی سنووردارکرد. رێکخراوگەلێك کە یارمەتی ماڵییان لە USAID وەردەگرت، لێیان قەدەغەکرا کە پارەی خۆیان بۆ خستنەبەردەستی خزمەتگوزاری منداڵ لەباربردن (ئەگەرچی یاساییشە) بەکاربهێنن، هەروەها پارێزەری لە یاسای لەباربردن بکەن یان زانیاری دەرمانی لە بارەی خزمەتگوزاری لەباربردنی یاسایی پێشکەش بە نەخۆشەکانیان بکەن.

توێژینەوەیەك کە لەلایەن یەکێیەتی رێکخراوەکانی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی زاوزێوە کراوە لە بەڵگەنامەکانیاندا کاریگەری رێسای جیهانی قەدەغەکردنی گفتوگۆ لە ئەتیوپیا، کێنیا، زامبیا و رۆمانیا دەردەخات و پیشانی

دەدات کە چاودێرییە تەندروستییەکان پاشکەوتوون و دەرمانخانەی تەندروستیی زاوزێیش داخراون و لە هەندێك کۆمەڵگەدا هیچ خزمەتگوزارییەکی تەندروستی نەماوە. توێژینەوەکە هەروەها پێشاندەدات کە ئەم ڕێسایە ڕێگەی لە هەوڵدانی یارمەتی HIV/AIDS گرتووە.[٤١]

لە هەندێك وڵات دەوڵەت زۆری لە ئافرەتان کردووە منداڵەکانیان لەبارببەن و نەزۆك بکرێن. لە ساڵی ٢٠٠٣دا ژنێکی چینی پاش ئەوەی زۆری لێکرابوو دوو جار منداڵی لەباربربات، داوای پەنابەرێتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد ئەو مافەی بەهۆی ئەوەی ئەگەر بگێڕدرابایەتەوە بۆ چین ڕووبەڕووی نەزۆککردنی زۆرەملی و بەندیخانە دەبۆوە، پێدرا. فەرمانی نەزۆککردنی لە چین هەروەکو خۆی مابووەوە. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٦و ١٩٩٨ لە پیرۆ ژمارەیەکی زۆری ژن بەبێ ئاگاداری خۆیان بەهۆی سەهمیەی (بەش) نەزۆککردن، *نەزۆککران*.

> *"پێی گوتم 'ئەگەر دیسانەوە دووگیان ببیتەوە، دەمریت. تەنانەت لەوانەیە ئەمرۆیش بمریت. کەواتە ناچاریت ئەمە ئیمزا بکەیت.' من ترسا بووم و ئیمزام کرد."*
>
> *ژنێکی ٢٢ ساڵەی ڕۆمی (قەرەج) باسدەکات کە چۆن پەرستارێك لەو کاتەی لە نەخۆشخانە بە مەبەستی منداڵبوون چاوەڕیی نەشتەرگەری بوو، زۆری لێکردووە کە ڕازی بە نەزۆککردنی بێت. لە ڕۆژهەڵاتی سلۆڤاکیا لێکۆڵەرەوەکان نموونەیەکی نەزۆککردنی زۆرەملێ و هاوکات بە ڕەزامەندیی ژنانی قەرەجیان بۆ دەرکەوتووە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پزیشك و پەرستارەکان زانیاریی فریودەر و بە هەڕەشە دەدەنە ژنەکان بۆ ئەوەی ڕازییان بکەن لە کاتی نەشتەرگەری قەیسەری (سزاریان) نەزۆك بکرێن.*[٤٢]



توندوتیژیی دژی ئافرەتان هەڕەشە لە سەربەخۆیی لەشی ژن دەکات. مافی ژن لە کۆنترۆڵکردنی لەشی خۆی کە سێکسوالیتە و زاوزێ دەگرێتەوە، مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە. سەرنەکەوتن لە ناسینەوەی ئەم مافە ڕێگە بە کردارگەلێك کە دەبێتە هۆی ئازاری ژن و ئیمتیازدان بە هێزدار و دابونەریت لە بەرامبەر ئاسایشی تاکەکەسەکان دەدات. هەرچەند بە بوونی توندوتیژی سەربەخۆیی سێکسی ژن سنووردار دەکرێت، ئافرەتان لە سەرانسەری دونیادا بەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییە سنووردارە ڕازی نابن. لە هەموو دونیادا ئەوان خەریکی بەڕێوەبردنی پرۆژەن بۆ پشتیوانیکردن لە ئافرەتان بۆ کارکردن لەسەر سێکسوالیتەی خۆیان دوور لە هەڵاواردن، زۆرەملێ و توندوتیژی.

# بەشی سێیەم

## کلتور، کۆمەڵ و گەردونیبوون (جیهانیبوون)

له هەموو بەشێکی دونیادا رۆڵ و شوێنی ژن پێشتر لەنێو کۆمەڵدا دیاریکراوە. یەکێك لە لایەنە کلیلییەکانی هەموو کولتوورێك شێوازی پێناسەکردنی رۆڵی ژێندەرە. بەبێ جیاوازی و زۆر جار رۆڵی ئافرەتان تایبەت کراون بەو رۆڵانەی کە کەمترن لە پیاوان. نزیکەی هەموو کولتوورەکانی دونیا شێوازێك لە شێوازەکانی توندوتیژی دەگرێتەخۆ کە شاراوەیە چونکە بە شتێکی "ئاسایی" دەبینرێت.

**ژێندەر و رۆڵەکانی ژێندەر:**

ژێندەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نیشانانەی کە بەستراون بە نێر یان مێ بوونەوە. پتر لەوەی کە لەڕووی بایۆلۆژییەوە دیاریکرابێت، ژێندەر بریتییە لە کۆمەڵێك ئاکاری فێرکراو، کە لەو بیروباوەڕانەوە سەرچاوە دەگرێت و چاوەڕوانییەك دروستدەکات کە هەندێك تایبەتمەندی، ئاکار، سروشت، پێویستی و رۆڵ "سروشتین" و بۆ پیاوان پەسنکراون و لە کاتێکدا ئەوانی دی "سروشتین" و بۆ ئافرەتان پەسنکراون. ژێندەر جەوهەرێکی قەیراناوی هێز و نایەکسانییە. بە شێوەیەکی گشتی رۆڵەکانی ژێندەریی ژن لەڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە لە ڕۆڵی پیاوان کەمتر دەنرخێندرێن.

تەنانەت لە ولاتگەلێکیش کە یاسا توندوتیژیی دژی ئافرەتان بە تاوان دەزانن، قەبوولکردنی توندوتیژی لەنێو هەموو چینەکانی کۆمەڵدا دەبینرێت. نەبوونی ویستی سیاسی بۆ لەنێوبردنی توندوتیژی بۆ نموونە لە سەرنەکەوتن لە چەسپاندنی و پێکهێنانی پرۆگرامگەلێك بۆ فێرکردنی دانیشتوان، بۆ راهێنانی کارمەندانی حکوومەت و پشتیوانیکردنی ئەو هەڵسەنگاندنانەی بۆ پاراستنی قوربانییانی توندوتیژی، دەبینرێت. بۆ نموونە لە ئیسپانیا ناوەندەکانی فریاکەوتن، دائیرەی پەنابەران و پەناگەکان بە شێوەیەکی نایەکسان لە سەرانسەری ولاتدا دابەشکراون و کردنەوە و وەگەڕختستنی ئەو شوێنانە بە شێوەیەکی سەرەکی کەوتۆتە ئەستۆی رێکخراوە ناحکوومەتییەکان. پەیداکردنی پشتیوان بەتایبەتی بۆ ئەو قوربانییانەی کە لە ئیسپانیان و هاوولاتی ئەوێ نین، دەکرێ زەحمەت بێت.



نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی توندوتیژیی دژی ژن رایگەیاندووە کە: "توندوتیژیی دژی ژن بەگشتی و توندوتیژیی نێومالّ بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەدا کە بە شێوەیەکی سەرەکی ستەم لە ژن دەکەن ئەنجامدەدرێت، لەبەر ئەوەی توندوتیژیی دژی ژن نەتەنیا لەلایەن ژێندەری دەسەڵاتدارەوە (پیاو) دەکرێت بەڵکو ئەوان بەهێزیشی دەکەن و ژن لە تەنیا شوێنێك کە لەڕووی نەریتەوە ئەو - ژن- خاوەن دەسەڵاتە، واتە ماڵ کۆنترۆڵ دەکەن."(٤٣)

یاساکانی باری کەسایەتی، یاسای خێزان و یاسا نەریتییەکان لەوانەیە چاو لە توندوتیژیی دژی ژن بپۆشن.

*ماری، خەڵکی نایرۆبی، بە رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی گوت کە پاش ئەوەی مێردەکەی لە ساڵی ١٩٩٣ ئەمی بە "میرات" لە براکەیەوە بۆ مایەوە، هەمیشە لێی دەدا و لاقەی دەکرد. ئەو هەرگیز نەچووە پۆلیس چونکە دەیزانی ئەوان هیچ ناکەن، چونکە ئەمە "گرفتێکی بنەماڵەییە."*

ژمارەیەك لە ولاتان هەن کە یاسای گوێڕایەڵی و شەرم پەیڕەوی دەکەن، کە داوا لە ژن دەکات ژێردەستەی مێردی بێت و مافی رەها و روون دەداتە مێرد بۆ پەروەردەکردنی ژنەکەی. لە هەندێك ولاتدا ژن وەکو موڵکی باوك یان مێرد دەژمێردرێت. لە هەندێك ناوچەکانی کێنیا لە کاتی مردنی مێرددا ژنەکەی دەبێتە "میراتێك" بۆ شوبرا یان خزمی نزیکی مێردەکەی.

زۆر جار ڕەفتاری ژن رەنگدانەوەی لەسەر بنەماڵە و کۆمەڵەکەی دەبێت. ئەگەر ژنێك بەوە بناسرێتەوە کە دژی رۆڵی کولتووری خۆیەتی، ئەو کات دەبێتە بەرپرسیار بەرامبەر شەرمەزارکردن و لەکەدارکردنی بنەماڵە و کۆمەڵەکەی. لە هەلومەرجێکی ئاودا توندوتیژیی و هەڕەشەی توندوتیژی بە مەبەستی سزا و کۆنترۆڵکردنی بەکاردێت. لە حاڵەتی زۆر توندا دەکارێ ئەنجامی وەکو تێکدانی هەمیشەیی دەموچاو و تەنانەت مەرگیشی لێبێتەوە. لە زۆربەی ولاتاندا تاوانی بەناو "شەرەف" لەلایەن بەندە یاساییەکانەوە بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

*بەگوێرەی کۆمیسیۆنی ناحکوومەتی مافەکانی مرۆڤی پاکستان، لە ساڵی ٢٠٠٢ بەتەنیا لە پارێزگەی پونجاب، بە لایەنی کەمەوە ٢٧٠ ژن لەژێر ناوی "کوشتن لەسەر شەرەف" ـ زۆربەیان لەلایەن مێرد و براوە- کوژراون. رێکخراوەکە دەڵێت بەگوێرەی راپۆرتی پۆلیس، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٠ و ٣١ی جولای ٢٠٠٢دا، بە لایکەمی ١،٨٤٤ ژن لە باکووری رۆژهەڵاتی پارێزگە سنوورییەکانەوە لەژێر ناوی "کوشتن لەسەر شەرەف" بەدەستی برا و باوکیانەوە کوژراون. (٤٤) هەندێ کەس لەبەرئەوەی بەرامبەر مێردکردنی زۆرەملێ وەستان یان داوای مافی هەڵبژاردنی هاوسەریان دەکرد، کوژران. کەسانی دیکەیش کوژراون بە هۆکاری کەمتر، بۆ نموونە وەکو رەفتاری عیشوەگەرانە وەکو هێمایەك بۆ پەیوەندییەکی نهێنی و رێگەپێنەدراو.*

لە هەندێك کەیسدا کولتوور، دابونەریت یان شەرەف وەکو بەهانەیەك بۆ ئامانجگەلێکی ئابووری سەرتر بەکاردێت. بۆ نموونە بەگوێرەی نەفیسە شا کە بە زۆری لەسەر "کوشتن لەسەر شەرەف" لە پاکستان لێکۆڵینەوەی کردووە. "کوشتن لەسەر شەرەف سزایەك بوو بۆ پێشێلکردنی کۆدەکانی شەرەف بەڵام هۆزەکان دابی کوشتنیان نەهێشتووە نەك لەبەر شەرەف بەڵکو بۆ وەدەستهێنانی قەرەبووکردنەوەیەك کە پاشتر ئەندامانی هۆزەکە وەکو پاداشتێك دەیدەنە کەسە ئازاردراوەکە".[٤٥]

## گوشار و پێشداوەرییەکانی کۆمەڵ:

بەهاکانی کۆمەڵ دەکرێت ئاسانکاری و پەروەردەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان بکەن. هەندێك جار ئافرەتان بۆخۆیان دەستیان لە کردنی توندوتیژیی دژی ئافرەتانی دیکەدا هەیە.



خەتەنەکردنی ئەندامی زاوزێی مێ (FGM)، لابردنی بەشێك، یان هەموو ئەندامی زاوزێی مێ، لە زۆربەی وڵاتان پەیوەنددارە بە مەراسیمگەلێکی پەسەندکراو بۆ ئافرەتان. زۆربەی جار ئەم نەشتەرگەرییە دەبێتە هۆی خوێن لەبەررۆیشتنێکی لەرادەبەدەر، چڵککردن، نەخۆشی دەروونی و تەنانەت مردنیش، هەروەها زۆر جار دەبێتە هۆی زەحمەت لە کاتی تێکەڵاوی سێکسی و منداڵبووندا.

بەگوێرەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO، هەموو ساڵێك دوو ملیۆن کچ دەخرێنەبەر ئەم ئەزموونە ترسناك و پڕ ئازارە[٤٦]. ئەم کردارە لەلایەن گرووپی ئافرەتانی ئەفریقا و شوێنی دیکەیش دژایەتی دەکرێت و وەکو پێشێلکارییەك بەرامبەر بە مافی دەروونی و سەربەخۆیی بیرکردنەوە دەزانن. ئەمان خەتەنەکردن بە توندوتیژییەکی تایبەت بۆ کۆنترۆڵکردنی پلە و پایە و سێکسوالیتەی ژن دەبینن. لە کاتی ئامارگرتنی کاری خەتەنەکردن لە چوار وڵاتی ئەفریقایی (بەنین، گامبیا، گانا و سینیگال) رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بەو ئەنجامە گەیشت کە کۆتاییهێنانی ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی ئەو بڕە پارەیەی کە بەر ئەو کەسانە دەکەوێت کە کاری خەتەنەکردن دەکەن.[٤٧] بنبڕکردنی خەتەنەکردن نەتەنیا سەرچاوەی سەرەکیی ئابووریی ئەو ئافرەتانەی ئەو کارە دەکەن ناهێڵێت بەڵکو پلە و پایەیان دەهێنێتەخوارەوە.

زۆربەی کچان لەژێر گوشاردا خەتەنە دەکرێن، بەڵام هەندێکیش بە خواستی خۆیان خەتەنە دەکرێن چونکە پێیانوایە کە ئەمە دەیانکاتە "ژنی تەواو". بە هەمان شێوە هەرچەند لێرەدا زۆرلێکردنێکی ئاشکرای بەراوردکراو لەگەڵ خەتەنەدا نابینرێت، هەندێك ژن لە وڵاتە رۆژئاواییەکان نەشتەرگەریی ئەندامی زاوزێ نەك لەبەر پێویستیی دەرمانی بەڵکو بۆ وەدەستهێنانی "بەرزکردنەوەی چێژی سێکسی" دەکەن.[٤٨] بەدووکەوتنی ئایدیالی جوانی و ئافرەتانە بوون کە لە کولتوورەوە سەپێندراون وا لە ئافرەتانی ئەورووپای رۆژئاوا و باکووری ئەمریکا دەکات کە

تەندروستیی خۆیان بخەنە مەترسییەوە بەهۆی ریژێمگرتنی لەڕادەبەدەر، نەشتەرگەریی جوانکاری کە بۆ تەندروستییەکی باشتر پێویست نین.

وێنای کۆمەڵ لە رۆڵە تایبەتمەندەکانی ژێندەر راستەوخۆ دەبێتە هۆی توندوتیژی. بۆ نموونە بەگوێرەی بەڵگەگەلێك کە لەلایەن توێژێنەرێك کۆکراونەتەوە، لەوێدا وێنای "بووکی پۆستی" بە روونی لە پەیامەکەیدا دەردەکەوێت: ریکلام بۆ فیلیپینی کراون کە "پێستێکی یەکجار نەرم و ئەندامی زاوزێی تەنگیان هەیە... (ئەوان) بە ئاسانی چاودێری دەکرێن".[٤٩] ئەو ئافرەتانەی کە بەم شێوەیە ناودەبرێن هەستدەکەن کە رووبەڕووی دوورەپەرێزی و بەندیخانە و توندوتیژی دەبن. هەڵوێستەکان بەرامبەر ئەمانە لە تەماشاکردنیان وەك کاڵا بۆ گلەیی لێکردنیان بەهۆی ئەو چارەنووسەی بۆخۆیان هەڵبژاردووە دەگۆڕێت. ئەم ئافرەتانە بەهۆی هەبوونی مافێکی سنووردار لە مانەوەیان لەو وڵاتانەی کە بۆی هاتوون، بێمەیلن لە پەیوەندی گرتن بە پۆلیس و راپۆرتکردنی توندوتیژییەکان کە دژیان دەکرێت.

زۆر جار کلێشە کولتوورییەکان بۆ قەبووڵکردنی توندوتیژیی دژی ئافرەتان کە سەر بە رەگەزێکی تایبەت، نەتەوە یان کەمایەتییەکی ئایینین بەکاردێت. رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی چەند لایەنێکی هەڵاواردنی رەگەزیی و ئەتنیکی و توندوتیژیی لەسەر بنەمای رەگەز لە هەلومەرجی جیاوازدا ناساندووە، لەوانە توندوتیژی دژی ژنی کورد لەلایەن پۆلیسی تورکی و خراپ مامەڵەکردنی پۆلیسی ئیسپانی بەرامبەر کۆچبەران و ئافرەتانی سەر بە کەمایەتییە ئەتنیکییەکان. لە چەندین حاڵەتی هاوشێوەدا لەگەڵ ئەوەی بکەری توندوتیژی بە تاوانبار دەناسرێن بەڵام سزاکەیان رەنگدانەوەی قورسیی تاوانەکانیان نییە.

هەندێك جار گرژیی نێوان ئەو گرووپانەی کە جیاوازی ئایینی و کەلتورییان هەیە بۆ ئامانجگەلێکی سیاسی بەکاردێت بە رادەیەك کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی. لە حاڵەتی بەو شێوەدا ئافرەتان بەتایبەت لە مەترسیدان. سەرەتای ٢٠٠٢ پارتی بارایتا جاناتای فەرمانڕەوا ئاگادارکرابووەوە کە پیلانی هێرشێك لەلایەن گرووپە هیندۆکانەوە دژی کەمایەتیی موسڵمانی دانیشتووی ئەو ویلایەتە رێکخراوە. بە مەزەندەی هەندێك گرووپ پتر لە ٢٥٠ ژن




و کچی موسڵمان لەبەر چاوی خەڵك دەستدرێژیی بەکۆمەڵیان لێکرا و بە زیندوویی سووتێنران. هەندێکیان رووتکرانەوە، لاقەکران و لەبەر چاوی خەڵکێکی زۆر کەمئەندام کران. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێکیان توانییان رزگاریان بێت. هەرچەند ژمارەیەکی زۆر شایەتی ئەم لاقەکردنانە بوون، زۆربەی ژنەکان هەستیان بە شکانەوەی خۆیان دەکرد و نەیانتوانی ئەوەی بەسەریاندا هاتبوو ئاشکرای بکەن. هەروەك یەکێك لە بەدوواداچوانی ئەم رووداوە باسیکرد "لە زۆر لایەنەوە ئافرەتان کاراکتەری سەرەکی کوشتاری گوجارات بوون و لەشیشیان بوو بە مەیدانی شەڕ... لەشی ژنەکان وەکو، چەك لە شەڕەکەدا بەکارهات. چ لەڕێگەی تێکدانیان بە شێوەیەکی سەیر بۆ بێڕێزیکردن بە پیاوان، لەگەڵ ئەوەیشدا داوا لە ئافرەتان کرا ئەم بەسەرهاتە لەنێو خۆیاندا بە بێدەنگی هەڵبگرن".[٥٠] حکوومەتی ویلایەتەکە کارگێڕان و پۆلیس لە پاراستنی ئەو خەڵکە سەرنەکەوتن و بگرە هاوکاری هێرشبەرەکانیش بوون.

## مافەکانی مرۆڤ جیهانین:

جیهانیبوونی مافەکانی مرۆڤ هەتا دێت لەلایەن حکوومەت و گرووپەکانەوە پتر و پتر بەرەنگاری دەکرێتەوە لەبەر ئەوەی کە پێیانوایە کولتووری ناوچەیی و دابونەریت دەبێت لەپێشدا بێت. قسەی لایەنگرانی رێژەیی بوونی کولتوور هەمیشە لەسەر مەسەلەی ژێندەر و سێکسوالیتەوە دەسووڕێتەوە وەك ئەوەی باس لە بزووتنەوە نێونەتەوەییەکانی دیکەی مافی مرۆڤ بکات. ئەم قسانە بۆ ئەوەیە کە حەقانییەت بدەن بە توندوتیژی لەسەر بنەمای ژێندەر کە لەلایەن کولتوور و دابونەریتەوە روودەدات، هەرچەندە لەڕاستیدا کولتوورەکان نە شتێکی نەگۆڕن و نە یەك کولتووری نەگۆڕ هەیە. بەڵکو کولتوورەکان لەگەڵ هەلومەرجی هاوچەرخدا خۆیان دەگونجێنن.

**تایبەتە بەو وێنەیەی خوارەوە:** ((سوکلار، ژنێکە کە بە جادووگەری تاوانبار کراوە، لەسەر زەوی لە گوندی گامباگا، باکووری گانا دانیشتووە. گامباگا بە "گوندی جادووگەران" ناسراوە، کە لەوێدا ئەو ئافرەتانەی بە جادووگەری تاوانباردەکرێن و لە ماڵی خۆیان دەرکراون، دەژین.))




بەگوێرەی هەواڵنێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی توندوتیژیی دژی ژن، "گەورەترین بەرەنگاری بەرامبەر مافەکانی ژن و نەهێشتنی یاسای هەڵاواردن و کارە زیانبەخشەکانی دژ بە ژن لەلایەن لایەنگرانی ڕێژەیی بوونی کولتوورەوە دەکرێت". و تەنیا بە بەشداری چالاکیی ئەو خەڵکانەی کە کاریگەرییان لەسەرە دەتوانرێت قسەی لەسەر بکرێت. "پێویستە ڕێبەرایەتی و دووبارە ڕێکخستنەوەکان بخرێنە بەردەست دانیشتوانی ناوچەیی بۆ ئەوەی مافەکانی ژن لەنێو ئەو باوەڕانەی کە هەن پەرەپێبدەن. بەبێ بەشداری و ڕەزامەندیی خەڵکی ناوچەیی، هیچ ستراتیژییەك بۆ پێشخستنی مافەکانی ژن سەرناکەوێت. جگە لەمەیش، هەر ستراتیژییەك کە لەوەی سەرەوە دوور بێت لەوانەیە ببێتە هۆی بەهێزبوونی دژایەتی لە نێوان و لەنێو خودی ناوچەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا". [٥١]



واتای "کولتوور" یان "کارە کولتوورییەکان" نە واتایەکی تاقانەی هەیە و نە ڕوون و ئاشکرایە. بۆ نموونە حکوومەتی پاکستان "کوشتنی لەسەر شەرەفی" بەم شێوەیە مەحکوم کردووە "ئەم کردارە لە دابونەریتی هۆزە دێرینەکانەوە هاتووە کە دابێکی دژە ئیسلامە". لە کاتێکدا یاسای ئیسلام بۆ حەقانییەتدان بە هەمان کردەوەی کوشتن ناوی شەرەفی لەسەر داناوە. "کولتوور"، "نەریت" و "داب" هەموویان ئازادانە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەوە لێکدەدرێنەوە.

لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە نارەزایەتی و بەرهەڵستکاری لەنێو کولتورێك یان کۆمەڵێك زۆربەی جار پرسیارگەلێك بە شێوەیەکی بێ مانا دەخاتەپێش وەکو مافی "کۆمەڵەکان" بەرامبەر "تاکەکەسەکان"، تاکەکەسەکان نوێنەرایەتی نارەزامەندی یان گۆڕان دەکەن. هەرچەند ئەوەی بە "سنوورە داواکراوە کولتوورییەکان" ڕوون دەکرێتەوە، زۆربەی جار مەبەست لە پێشگرتن لە بەرەنگارییە نێوخۆییەکانی ئەندامانی گرووپەکەیە. پێدەچێت ئەم "ناکۆکییە بێ چارەسەرییەی لەسەر مافەکان" ببێتە هۆی بێنرخکردنی هەموو چوارچێوەکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ.

نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان زۆر چالاکانە هەوڵیدا کە بەرامبەر ڕێژەیی بوونی کولتووری لە بارەی سێکسوالیتەوە بووەستێت. لە کۆنفرانسی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ڕەگەزپەرستی لە دیوربان/ باشووری ئەفریقا لە ساڵی ٢٠٠١دا ئەم نوێنەرە بەشداریی کرد و سەرنجەکانی بۆ مەسەلەی ژنە ڕەشە هاوجنسبازەکان کە ئەزموونی هەڵاواردنیان هەیە کە زۆربەی جار ئاوێتەیەکە لە ڕەگەزپەرستی، سێکسیزم و هۆمۆفۆبیا (ترس لە هاوجنسباز) چوو.[٥٢]

بۆ وەڵامدانەوەی بەرەنگارییەکانی جیهانیبوون، چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ پێویستە ڕووبەڕووی گرژیی نێوان ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و ڕەنگاورەنگبوون و هەروا باوەڕکردن بە جیهانیبوون و دابەشنەکردنی مافەکان ببنەوە. هەندێك باوەڕ نەگۆڕن:

بە هەر پاساوێك بێت، توندوتیژیی دژی ژنان قەبووڵ ناکرێت.

**رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ "دواکەوتوویی":**

گرووپگەلی ژنان سەرکەوتنی گەورەیان لە شەڕ دژی هەڵاواردن و توندوتیژی بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی و ئازادی بەدەستهێناوە. هەرچەندە کە پتر لەم ٢٠ ساڵی دواییەدا بزووتنەوە کولتووری و ئایینی و ئێتنیکییەکان لە زۆر بەشی دونیادا هەوڵی ڕێکخراوەییان داوە بۆ ئەوەی بەربەستی ئەم پێشکەوتنە بن و داکۆکی لە ڕۆڵە نەریتییەکان بکەنەوە. ئەم بزاڤانە زۆربەی جار لەژێر ناوی ئایین، کولتور و دابونەریت پاساو بۆ توندوتیژیی دژی ژن دەهێننەوە. ئایینەکان، کولتوور و دابونەریتەکان کە سەرچاوەی ئەم بزاڤانەن لەوانەیە لە جەوهەری خۆیاندا لەگەڵ هەڵاواردن دژی ژن نەبن، بەڵام ئەوان بە مەبەستی دەستکەوتی بەهاگەلی کۆمەڵایەتی و ئایینی لێکدانەوەیەکی زۆر توندیان بۆ حەقانییەت پێدان و پاساوهێنانەوە بۆ توندوتیژیی دژی ژن هەیە. زۆربەی ژنانی چالاك- چ ئەو ژنانەی کە سەر بەو کولتوور و کۆمەڵانەن و چ ئەوانەی کە لە دەرەوەن دەگرێتەوە- بە بێڕێزیکردن بە دابونەریتە کولتورییەکانیان یان پشتکردن لە تایبەتمەندییە کولتورییەکان تاوانبار دەکرێن.

ئەم بزاڤانە بە "فەندەمینتالیست" ناودەبرێن. ئەم چەمکە لە بزاڤە مەسیحییە ئیڤانجلیکانەوە کە لە ئەمریکا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دامەزرا، سەرچاوە دەگرێت.[٥٣] بەڵام لەم سەردەمەدا بۆ ئەو بزاڤە سیاسییانە کە دیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ مەبەستی ڕاستی و بەجێهێنانی ئەرکە ئایینی و دابونەریتەکان بەکاردێت. ئەم بزاڤانە لەنێو مەسیحی، ئیسلام، جوولەکە و هیندوییزم و ئەوانی دیکەیشدا دەبینرێن.

یاساکان بە شێوەیەك داڕێژراون کە گونجاو بێت لەگەڵ هەندێك لێکدانەوەی تایبەتی دەقە ئایینییەکان، یان تێگەیشتنە کۆنەباوەکانی دابونەریت کە ئازادیی جموجووڵ و دەربڕینی ژن سنووردار دەکات و ڕێگە لە ژنان بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری دەگرێت.

زۆرجار، بەرنامەی کاریی بزووتنەوە فەندیمینتالیستەکان- سەلەفییەکان لەسەر



ڕاستکردنەوەی ئەوەی ئەوان پێیانوایە نەخۆشیی کۆمەڵایەتی سەردەم بە وەدەستهێنانی وێنەیەکی خەیاڵاویی سەردەمی کۆن وەکو پاکیزەیی کەلتووری، هۆشیاری ئایینی و نەگۆڕیی کۆمەڵگە دامەزراوە. هەرچەندە کۆمەڵێك بۆچوون ئەم بزاڤانەی دەورەداوە، کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری ژن لە کاری ئەم بزاڤانەدا جێگەیەکی سەرەکی هەیە، هەروەها ترسی ئەوان بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەشداری کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی ژنان نیگەرانییەکی هاوبەشی ئەوانە. ئەمە ئەو گرووپانە دەگرێتەوە کە پێش هەموو شتێك خۆیان بەوە پێناسە دەکەن کە گرنگی دەدەن بە پەیڕەوکردنی دەقە ئایینییەکان (تەوارت، ئینجیل، قورئان و گوروگرانت ساحیب) یان گرنگی بەو شتانەی کە ئەوان بە سەربەخۆیی و کولتووری تایبەتیی نەتەوەیی دەزانن دەدەن.

ڕێکخراوە مەسیحییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێك دژی ژنان (CEDEW) و مافەکانی منداڵ هەڵوێستیان گرت، چونکە پێیانوایە کە ئەم دوو پەیماننامەی مافی مرۆڤی نێونەتەوەییانە تێهەڵقورتانێکە لەنێو سەروەری نەتەوەیی و تایبەتمەندیی بنەماڵە، کە ئەوان بە بەرنامەی کاریی فێمینیستانەی دەزانن.[٥٤] ئەمان لەنێو رای نێونەتەوەیی هەندێك سەرکەوتنیان وەدەستهێناوە، هەروەها پشتگیری هەندێك بلۆکی حکوومەتییان (وەکو ڤاتیکان و ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی) بۆ چنگکەوتنی سیاسەتێکی دواکەوتوانە دژی یەکسانیی ژێندەر و پێشکەوتنی ژنان و بەرەنگاری لە پەسندکردنی ئەم دوو پەیماننامەی مافی مرۆڤ، وەرگرتووە.

لە ئاداری ٢٠٠٣دا و لە ٤٧ مین وەرزی کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی یاسا و پلەی ژنان، بەشدارانی حکوومەتەکان، بۆ یەکەم جار، نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر "ئەو ئەنجامانەی پەسندیان کردووە" کە لە کۆبوونەوەی نێوحکوومەتی پەسند کرابوون. هۆی نەگەیشتن بە ڕێککەوتنەکە نەبوونی زمانێکی هاوبەش بۆ ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی نێوحکوومەتی بوو کە کار بکەن بۆ کۆتاییهێنانی توندوتیژیی دژ بە ژن. هەروەکو چاودێرێك ڕوونی کردەوە "تەنیا نیو کاتژمێری مابوو

که پانزدەیەمین ڕۆژی وەرزەکە کۆتایی پێبێت، نوێنەری ئێران کە نوێنەرانـی میـسر و سوودانیش پشتیوانییان لێکرد نارەزایەتی حکوومـەتـەکـەی بـەرامبـەر بڕگـەی (٠) دەربڕی، کە تیایدا هاتووە: مەحکومکردنی توندوتیژیی دژی ژن و پێشگرتن لـە هـەر لەبەرچاوگرتنێکی داب، نەریت یان ئایینی بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەرکەکانیان یان هـەر نەهێشتنی."[٥٥] (وڵاتانی دیکە دەنگی نارەزایەتییـان لـە کۆبوونـەوەکـانی دیکـەدا بەرزکردەوە.) ئەو زمانە هاوبەشە کە خرابووە ژێر پرسیارەوە لە ماوەی دە ساڵدا وەکو فۆرمولێکی ڕێککەوتن کە زۆر لە زمانی پەسەندکراوی کۆنفرانسی جیهـانی نـەتـەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ (ڤییەنا، ١٩٩٣)، کۆنفرانسی نێونەتەوەیی دانیـشتوان و گەشەسەندن (قاهیرە، ١٩٩٤) و دەورەی پێنجەمـی هـەمـان کـۆنفرانس (نیویـۆرك، ١٩٩٩)، چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی لە بـارەی ژنـان (پـەکـین، ١٩٩٥) و دەورەی ساڵی پێنجەمی (نیویـۆرك، ٢٠٠٠) نزیکـە و وێکـدەچـن. بـە واتایـەکـی تـر ئـەو پەیمانانەی بۆ کۆتاییپێهاتنی توندوتیژیی دژی ژن لەسەری ڕێککەوتبوون وەلانرا.

بەبێ بەڵێنێکی ڕاست و ویستێکی سیاسـی لـە بـەرزتـرین ئاسـتی حکوومـەتـدا، دەستپێشخەرییە ناوچەیی، نەتەوەیی، هەرێمی و نێونەتـەوەییـەکـان بـۆ کۆتاییهێنـانی توندوتیژیی دژی ژنان هەروا ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی سـەخـت دەبێتـەوە. ڕێکخـراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی داوا لە ڕێبەرە سیاسییەکانی جیهان دەکات کە بـەڵـێنی خۆیـان ڕابگەیەنن بۆ بنبڕکردنی توندوتیژیی دژی ژن و تەواوکردنی جاڕی گەردونیی مافی مرۆڤ.

# بەشی چوارەم

## مەترسیی چەندلایەنە– هەژاری، ناوزڕاندن و هەڵاواردن

توندوتیژیی دژی ژن هەموو سنوورە ئابووری و چینایەتییەکانی *بەزاندووە*.

*"کاتێك ئێمە، ژنانی ئەفریقی، لە دەستی توندوتیژی لە رێوجێگەی خۆمان هەڵدێین، بیردەکەینەوە کە شەڕ هەر لە گوندەکانی خۆمان دەمێنێتەوە، بەڵام دیسان لە شار رووبەڕووی شەڕێکی دیکە دەبینەوە، شەڕی هەڵاواردن لەبەر رەگەز، ژێندەر و ئەوەی کە ئاوارەن... هەندێك ژنی ئەفریقیی ئاوارە دەستیان بە خوێندن نەگەیشتووە و هەر لە کێڵگەکاندا کاریان کردووە، کاتێك دەگەنە شارەکان، ناتوانن کارێك بدۆزنەوە کە بزانن چۆنی بکەن. ئەم بارودۆخە وایان لێدەکات هەست بە بێکەڵکیی خۆیان بکەن لەگەڵ ئەوەی لەڕاستیدا ئەوان دەتوانن زۆر شت بکەن." لوز مارینا بەسێرا، ئەندامێکی گرووپی* AFRODES *(کۆمەڵەی ئاوارە ئەفرۆ- کۆلۆمبییەکان) لە کۆلۆمبیا*.[٥٦]

هەژاری هەم هۆکار و هەم بەرئەنجامی توندوتیژیی دژی ژنە. بەهۆی هەژاری، توانایی ژن بۆ بەجێهێشتنی هەلومەرجێکی پڕ لە توندوتیژی خراپتر دەبێت. ژنان پتر لە پیاوان لە جیهاندا رووبەڕووی هەژاری دەبنەوە، هەژاریی ئەوان لە پیاوان سەختترە و ژمارەیەکی زۆری ژن هەژارن.[٥٧]

ژنان لە دەستکەوتنی کار، کڕین و مافی خاوەنداریێتی بەناو خۆیانەوە رووبەڕووی هەڵاواردن دەبنەوە. ژنان بەگشتی مووچە و موڵکیان لە پیاوان کەمترە. بەهۆی بەربەست لە بەردەم چوونە نێو بازاڕی کاری رەسمییەوە، ژنان پتر کار لە بەشە نافەرمییەکان دەکەن و لەوێیش کارمەندان پاڵپشتییان کەمتر هەیە. ژنان پتر لەنێو کاری بێ مووچەدا خۆیان دەگرنەوە. وەکو بەرئەنجامێك هەژاری شانسی ژیانی زۆر لە ژنانی سنووردارکردووە.

زۆر جار هەڵاواردنی ژێندەری کە رووبەڕووی ژن دەبێتەوە لەگەڵ شێوازەکانی دیکەی هەڵاواردن دەبنە تەواوکەری یەکتر و هۆکارێك بۆ پەراوێزخستنی ژن. ژنانێك کە سەربە کەمایەتییە رەگەزی و ئێتنیکییەکانن، ژنانی رەسەنی ناوچەیەك، ژنە دالیتەکان، ژنە



بایسێکسوالەکان ـ هێترۆ و هۆمۆ سێکسوال ـ و ژنە ترانسژێندەرەکان، ژنگەلێك کە سەر بە کۆمەڵی کۆچبەران و کەمایەتی ئایینی و ئەو ژنانەی کە نەخۆشیی دەروونییان هەیە، رووبەڕووی هەڵاواردنی چەندلایەنە دەبنەوە. ئەنیستیتۆی ژنانی رەشی ژێلێدی کە رێکخراوەیەکی ناحکوومەتییە لە ساوپاولۆی بەرازیل[٥٨] بە جوانی پیشانیدەدات کە هەڵاواردنی ژێندەری لەگەڵ شێوازەکانی دیکەی هەڵاواردن بۆ پێکهاتنی توندوتیژی یەکدەگرنەوە. کاتێك ئەم رێکخراوە هێڵێکی تەلەفۆنی بۆ ئەوەی ژنان لە ئەزموونەکانی خۆیان لە بارەی هەڵاواردنی رەگەزپەرستانەوە بدوێن، کردەوە، زۆربەیان باسیان لە دەستدرێژیی سێکسی و توندوتیژیی ژن دەکرد.

ئەو زیانانەی کە بەهۆی توندوتیژییەوە رووبەڕووی ژن دەبنەوە نەتەنیا رێگە لە دەستکەوتنی بژێویان دەگرێت بەڵکو زۆربەی جار ئەو کەسانەی کە لە توندوتیژی رزگاریان بووە، بەتایبەت توندوتیژیی سێکسی، لە مافە کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەش دەکرێن و دەخرێنە پەراوێزەوە. بەمەیش ژنان دەکەونەبەر مەترسیی نکۆڵیلێکردنی چاودێری تەندروستی و دەرفەتی دەستەبەرکردنی پشتیوانی بۆ خۆیان. پەیوەندی توندوتیژی، ناوزڕاندن و هەژاری و خستنەپەراوێزەوە بۆ هەمیشە زۆر لە ژنان و کچان دەخاتە مەترسی هەژارییەوە.

### هەژاری لە کەمیندا، توندوتیژی لە *کەمیندا*:

ژنانی سەر بە هەموو گرووپە کۆمەڵایەتی- ئابوورییەکان لە مەترسیی توندوتیژیی فیزیکی، سێکسی و دەروونیدان و لەلایەن نزیکترین هاوژیانیانەوە درێغییان لێدەکرێت. راپۆرتێك کە لەلایەن رێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە بڵاوکراوەتەوە پیشانی دەدات کە ئەو ژنانەی لە هەژاریدا دەژین بەدەست نایەکسانییەوە دەناڵێنن.[٥٩]

*لە کاتی جینۆسایدی ١٩٩٤ لە رواندادا، ژنان بە شێوەیەکی سیستەماتیك لاقەدەکران و زۆربەیان تووشی* HIV/AIDS *بوون. کاریگەرترین دەرمان تەنیا دەتوانرێت بۆ ژمارەیەکی زۆر کەم دابینبکرێت. ئەوانی دیکە لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە بەهۆی ئەو ناوزڕاندنەی کە بەرئەنجامی لاقەکردنەکان و*

*هێنانە دنیای منداڵی نەخوازراوەوە، نکۆڵییان لێدەکرێت. کاتێك تەندروستییان خراپ دەبێت، شانسی دەرهێنانی بژێویشیان خراپتر دەبێت. حکوومەت زۆر جار نیەتی لە قەرەبووکردنەوەیان ڕاگەیاندووە، بەڵام پاش ١٠ ساڵ، بەڵێنەکان هەر قسەن و هیچی تر. بەهۆی دەستکورتییەکی ترسناك ژمارەیەکی ڕوولەزیادبووی ژنان و کچان لەبری پارە، شتومەك، خواردن، پەناگە و دیاری دیکەدا دەستیانکردووە بە کردنی سێکس لەگەڵ پیر و سێکس بۆ "مانەوە".*

ئاساییبوونی نکۆڵیکردن لە مافی یەکسانی ژن بۆ خاوەندارێتی و میرات وەرگرتن، باری ژێردەستەیی و پلەی ناسەربەخۆییان خراپتر دەکات. نەتەنیا نکۆڵی لە مافە ئابوورییەکانیان دەکرێت، بەڵکو بە موڵکی باوك و برا دەزانرێن و وەکو کاڵایەك بازرگانییان پێوەدەکرێت.

نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری، نکۆڵیکردن لە مافی خاوەندارێتی یان خاوەنماڵ بوون، ترس لە لەدەستدانی منداڵ وا دەکات کە ژنان کەمتر خۆیان بخەنە بەر ئەنجامێکی ترسناکتر بەوەی کە لەو هەلومەرجە پڕ توندوتیژییە دەرچن و هەوڵی دەستگەیشتن بە دادوەرییەکی بێ مەترسی سیستەمی داد کە ئەویش لە خۆیدا لەوانەیە سیستەمێکی هەڵاواردنخواز و چاوپۆش لە ئاست نایەکسانی بێت، بدەن.

زۆر جار ئاستی پشتیوانی قوربانییانی توندوتیژی کە سەر بە کۆمەڵە لەپەراوێزخراوە کەم دەرئامەدەکانن کەمترە لەوەی کە کۆمەڵە دەوڵەمەند یان تایبەتە سیاسییەکان وەریدەگرن. نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی توندوتیژیی دژی ژن، بۆ ماوەیەکی کورت پاش هەڵبژاردنەکانی نێوخۆی باشووری ئەفریقا لە ١٩٩٤ کە پاش ٤٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کەمینەی سپییەکان لەنێو پارتی نەتەوە ئاکامەکەی گۆڕا، دیتی ئەو کەسانەی کە لە لاقەکردن ڕزگاریان بووە و خەڵکی ناوچەی سپیپێستی پریتۆریان و ئەوانەی کە خەڵکی شارۆچکەی هەژارنشینی ئالیکساندرای نزیك جۆهانسبێرگن، زۆر بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەو دیبووی کە ئەوانەی سەر بە ناوچەی یەکەمن



دەستیان بەو بنکە پۆلیسییانەی کە ناوەندی چاودێری قوربانییان هەیە، دەگات و ئاسانکارییان بۆ دەکرێت کە بتوانن بەسەرهاتەکەیان لە شوێنی تایبەتدا باسبکەن. بە پێچەوانەوە، قوربانی، کە زۆربەی جار لەلایەن گرووپێکەوە لاقەکراوە و خەڵکی ناوچەی ئالیکساندران دەبوایە ڕاپۆرتەکەیان لەنێو خەڵك و لە شوێنی گشتی بنکەی پۆلیسدا باس بکات.[٦٠]

نزیکەی ١٠ ساڵ پاش ئەم ڕاپۆرتەی هەواڵنێری تایبەت، حکوومەتی باشووری ئەفریقا هێشتا ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی گەورەیە بۆ پێشکەشکردنی لەبەردەستبوونی بنکەی پۆلیسی چاك، هەروەها خزمەتگوزاری دەرمانی و یاسایی بۆ ڕزگاربووانی لاقەکردن. ئەندازەی گرفتی توندوتیژیی سێکسی دژی ژن و کچان لە باشووری ئەفریقا زۆر گەورەیە: پتر لە ٥٤٠٠٠ حاڵەتی لاقەکردن و هەوڵدان بۆ لاقەکردن لە ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢ ڕاپۆرتکراوە. بۆ زۆرینەی ڕزگاربووانی لاقەکردن کە لە ناوچە گوندییەکان یان شارۆچکە ڕەشپێستنشینەکان دەژین، ئاسانکاریی دەرمانی و هاوکاری پۆلیس ناتەواوە و کاتێکی درێژخایەنی دەوێت بۆ وەدەستکەوتنیان. نەنگی کە بەهۆی تاوانی لاقەکردن ڕووبەڕووی ڕزگاربووانی ئەو کردارە دەبێتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تووشی مامەڵەیەکی دوژمنکارانە و دڵڕەقانە ببنەوە. گوشار لەسەر دوکتۆرەکان بەهۆی پڕکارییان دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی ئەوان لە کاتی پشکنینی یاسایی و ناتەواوی دەرمانکردنی قوربانی، تارادەیەك کە زیان بە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی تاوان دەگەیەنێت. دواکەوتنی بینین و پشکنینی پزیشکیی لاقەکراو، دەبێتە هۆی مەترسی بۆسەر تەندروستی ڕزگاربووی لاقەکردنەکە بەتایبەت بەهۆی بڵاوبوونەوەی HIV (بە ڕێژەی لە سەدا بیستی نەتەوەکە) لەنێو دانیشتواندا، هەروەها مەترسیی بڵاوبوونەوە بەهۆی برینی فیزیکی کە تووشی دەزگای زاوزێ دەبێت، بەتایبەت لەنێو قوربانییانی منداڵدا.

ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکان و چالاکڤانانی مافەکانی ژن لە باشووری ئەفریقا ماوەیەکی درێژخایەنە بەرامبەر ئەم گرفتانە خەباتدەکەن. لەم ساڵانەی دواییدا دەستکەوتی گرنگیان لە ئاستی حکوومەتی وڵات و حکوومەتی هەرێمدا بەدەستهێناوە بەو شێوەیەی کە

پشتیوانییان لێبکرێت بۆ نوێکاری وا کە وردەوردە یارمەتیدەر بێت بۆ دابینکردنی چاودێری و مامەڵەکردنی دادپەروەرانە بۆ رزگاربوانی لاقەکردن. ئەم دەستپێشخەرییانە دادگەی پسپۆڕ لە بواری هێرشی سێکسی، ناوەندی یارمەتیدانی قوربانییەکان، هەروەها پێشکەشکردنی ئاسانکاری دەرمانی کە بە شێوەیەکی کاریگەر پەیوەستە بە سیستەمی پۆلیس و دادەوە، دەگرێتەوە. بەشداربوونی خزمەتگوزاری ناحکوومەتی هێشتا لە قەیراندایە.

**مامەڵەی نایەکسان- ژنان، توندوتیژی و HIV/AIDS**

هەڵاواردن و هەژاری، مافەکانی ژنی چ لە ئاستی ناوچەیی یان جیهانی کەم کردۆتەوە و ئەمەیش تەندروستی و بوونیان دەخاتە مەترسییەوە. پەیوەندی هەژاری و تەندروستی بەهۆی کاریگەری بڵاوبوونەوەی HIV/AIDS ەوە بەرەو خراپتر دەچێت. بۆ نموونە لە کاتێکدا رادەیەکی بەرز لە ژنانی ئەفریقایی HIV/AIDS یان هەیە و پێویستیان بە چاودێری تەندروستی هەیە بەڵام بەهۆی دابەشبوونی نایەکسانیی سەرچاوەی چاودێرییە تەندروستییەکان لە جیهاندا، هەروەها نایەکسانی ژێندەری، ئەوان لەو سەرچاوانە بێ بەهرە دەبن.

ئەو یەکگرتنەوەی نێوان هەژاری و توندوتیژیی دژی ژن و خستنەپەراوێز و هەژاری بە شێوەیەکی فراوان روو لە زیادبووندایە. هەژاری هەم هۆکارێکە بۆ هەوکردن و هەم دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی HIV.[٦١] گەلێك فاکتەری دیکە هەن کە دەبنە هۆی مەترسی بۆ ژنان.[٦٢]

پەیوەندی نێوان لاقەکردن و بڵاوبوونەوە و گواستنەوەیHIV بەتایبەت زیان دەگەیەنێتە ژنان و کچان. لاقەکردنی چەند جار دووپاتبووەوەی هاوژیان، فاکتەرێکی تایبەتی مەترسیی گواستنەوەی HIV ە. زۆرینەی قوربانییانی لاقەکردن، کە مەترسی تووشبوونی دووگیانبوونHIV (هەوکردنەکانی دیکە کە بەهۆی سێکسەوە دەگوازرێتەوە)یان لەسەرە لە کچان و ژنان پێکدێن. دەرمانی پێشگرتن کە لە ماوەی ٧٢ کاتژمێر لە دەرکەوتنی



نیشانەکانی HIV بەکاردێت، دەکرێت ببێتە هۆی کەمکردنەوەی گواستنەوەی HIV ، بەڵام ژنگەلێکی کەمی ولاتە هەژارەکان ئەم چاودێرییە دەرمانییەیان دەستدەکەوێت.

توندوتیژی و ترس لە توندوتیژی رێگرێکە بۆ ژنان کە لە بارەی شێوازی تێکەڵاوی سێکسی گفتوگۆ بکەن، ئەم تێکەڵاوی سێکسییە ژن و مێردیش دەگرێتەوە. بۆ نموونە هەوڵی ژنان بۆ ئەوەی داوا لە هاوژینە نێرینەکانیان بکەن کە رەفتاری سێکسییان بگۆڕن و کاندۆم بەکاربهێنن دەبێتە هۆی تاوانبارکردنیان بەوەی خیانەتکارن یان هەڵگری ڤایرۆسن. لە هەمان کاتدا پاکدامێنی ژن لە وەرگرتنی ڤایرۆس لە مێردەکەی کە HIV پۆزەتیڤە ناپارێزێت.

راپۆرتگەلێکی زۆر پیشانیانداوە کە ئەو ژنانەی لە هەژاریدا دەژین، ئەوانەی مێردەکانیان یان دایك و باوکیان بەهۆی ئەیدزەوە لەدەستداوە، دەکەونە ژێر گوشارێك کە بە زۆرەملێ سێکسی ترانسئاکشنال (سێکسی کچی گەنج لەگەڵ پیاوی پیر) [٦٣]یان لەشفرۆشی بۆ دەرهێنانی بژێوی خۆیان و بنەماڵەکەیان بکەن. ئەمەیش لە خۆیدا دەبێتە هۆی مەترسیHIV .

ژنان کەمتر لە پیاوان دەستیان بە زانیاری لە بارەی HIV/AIDS دەکەوێت. نوێترین توێژینەوە پیشانیداوە کە ئاستی زانست لە بارەی HIV/AIDS و چۆنیەتی خۆپاراستن لێیان لەنێو ٢٣ ولاتی دواکەوتوودا هەمیشە لەنێو پیاواندا زۆرتر بووە لە ژنان.[٦٤]

دەستدرێژیی سێکسی لە تەمەنی منداڵی و دەستپێکردنی ژیانی سێکسی لە تەمەنێکی کەمدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی مەترسیی تووشبوونی HIV/AIDS لە تەمەنەکانی نەوجەوانی و گەورەییدا.[٦٥]

نایەکسانی ژێندەری لەلایەن UNAIDS بە یەکێك لەو رووبەڕووبوونانە دەژمێردرێت کە راوێژکار و تاقیکارە خۆبەخشەکان دەبێت دژی کار بکەن.[٦٦] ئەگەر ژنێك خۆی بە HIV/AIDS بناسێنێت، بەم کارەی رەنگە خۆی بخاتەبەر شەپۆلی توندوتیژی و ناوزڕاندن بەهۆی ئەو نەنگییەی کە لە بارەی HIV/AIDS هەست پێدەکرێت. نموونەی گۆگۆ دلامینی، کە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەکەی لە باشووری ئەفریقا پاش ئەوەی تووشبوونی

به HIV ئاشکرابوو، تا مەرگ لێیدرا، نموونەیەکی تاقانە نییە. بەگشتی و بەگوێرەی راپۆرتەکان ژنان پتر پاش ئاشکرابوونی ئەوەی HIVیان هەیە لە کاردانەوەی توندوتیژانەی مێردەکانیان دەترسن.[٦٧]

ئێستە تەنیا ٥٪ی ئەو خەڵکەی کە لەگەڵ AIDSدا دەژین و سەر بە جیهانی لە حاڵی پەرەسەندندان دەرمانی گونجاوی دژە ریترۆڤێرال وەردەگرن. ئەم رێژە کەمە بەهۆی دەستنەکەوتن، نرخ و گرفتی بنەمایی تەندروستییەوەیە. جگە لەوانەیش زۆربەی ئەو کەسانەی لەگەڵ HIV/AIDS دەژین ئاگایان لە HIV بوونی خۆیان نییە، هەروەها زانیارییان لە بارەی سوودەکانی وەرگرتنی دەرمان نییە.[٦٨]

نارێکی و نایەکسانی کاریگەری جیهانیبوون بە ئاشکرایی لە دابینکردنی دەرمان بۆ HIV/AIDS دەبیندرێت. کۆمپانیا دەرمانسازییە فرەنەتەوەییەکان ریزێك دەرمانی دژە ریتۆریڤیان سازکردووە، بەڵام ئەم دەرمانانە بە شێوەیەکی نەرێنی گران دەکەوێتە سەر جیهانە هەژارەکە. دانوستانگەلێکی سەخت لەنێو رێکخراوی بازرگانیی جیهانی بۆ بەدەستهێنانی بالانسێك لە نێوان مافی خاوەندارێتی کۆمپانیا دەرمانسازەکان و مافی هەژارانی دونیا بۆ دەستکەوتنی ئەو دەرمانانەی ژیانیان لە مردن رزگار دەکات، هەبووە. ئەنجامی ئەم دانوستانە دانی ئیمتیاز و بڕیارگەلێك لە ٣٠ ئابی ٢٠٠٣ بۆ دەستڕاگەیشتنێکی ئازادانەتری دەرمانە ژینەرێکەکان بوو.[٦٩] بەڵام هێشتایش نرخەکان بۆ هەژارترین وڵاتەکان بەرزە و رێکخراوەکانی ئاوەدانکردنەوە رەخنەیان لەسەر ئەم دانوستانە هەیە.[٧٠]

هەندێك وڵات لەژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیا دەرمانسازەکان دەرچوون و بۆ خۆیان دەرمانی ژینەریك ئانتی رێترۆڤیرالیان گەشەپێداوە. لە سەرەتای ١٩٩٠کانەوە بەرازیل هەڵمەتێکی گەورەی دەرمانیی و پێشگرتن لە نەخۆشیی خستە ئەستۆیەوە و گەشەپێدانی دەرمانی ژینەرێکی لە تاقیگەی دەوڵەتدا دەستپێکرد و ئەم دەرمانانە بەبێ بەرامبەر پێشکەش بەو کەسانەی کە AIDSیان هەیە کرا. بەگوێرەی نوێترین توێژینەوە لە ١٩٩٦ تا ٢٠٠٢ پتر لە ٦٠٠٠٠ حاڵەتیAIDS و ٩٠٠٠٠ مەرگ و ٣٥٨٠٠٠ نەخۆشخانەی پەیوەندیدار بە AIDS پارەکانیان وەرگرتووەتەوە.[٧١]



**"لە مرۆڤ کەمتر":**

زۆربەی جار نەنگ- شەرم یان بێئاوڕوویی کۆمەڵایەتی- بڵاودەبێتەوە بۆ ئەوەی گرووپێك خەڵك بە ناشایستە یان تەنانەت کەمتر لە مرۆڤ، هەروەها وەکو بەهانەیەك بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی بناسرێن. بۆ نموونە ژنە هاوجنسبازەکان یان ئەو ژنانەی کە وەکو ژنێکی (ئاسایی) هێترۆسێکسوال رەفتار ناکەن، زۆر جاران رووبەڕووی ناوزڕاندن و توندوتیژی دەبنەوە. ئییان سوارتز لە پرۆژەی پەلکە زێڕینە (TRP) لە ویندهۆکی نامیبیا کە بۆ هاوجنسبازە ژن و پیاوەکان کار دەکات لە راپۆرتێکدا دەڵێت: "نزیکەی ٢٥٪ی ئەو ژنانەی تەلەفۆنی (TRP) دەکەن راپۆرت لەسەر لاقەکردن دەدەن. ئەوان یەکەم جار پێمان راناگەیەنن، بەڵام لە گفتوگۆکانی دواتردا لاقەکردنەکانیان ئاشکرا دەکەن... خراپترین شت ئەوەیە کە هەندێك لە بنەماڵەکانیان بەڕاستی باوەڕیان بەوە هەیە کە ئەگەر بەزۆر پیاوێك سێکس لەگەڵ کچە هاوجنسبازەکانیان بکات "باش" دەبنەوە.[٧٢]

بەگوێرەی ئەو روانگە بەربڵاوەی کە ژن بۆخۆی بەرپرسی ئەو توندوتیژییانەیە دژی ئەنجامدەدرێت، هەندێك ژن لە ئەنجامی توندوتیژیی دژیان ناویان دەزڕێنرێت. لاقەکردن کاریگەرییەکی رووخێنەری لەسەر ژیانی قوربانی هەیە. بۆ نموونە لە ئەفغانستان لەدەستدانی پەردەی کچێنی بە بەدبەختییەکی گەورە دەژمێردرێت. شایەتێکی کەیسێکی لاقەکردن بە رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی گوت: "مەبەست لە لێکۆڵینەوە چییە؟ تازە ژیانی لەدەستچوو."

دەیان هەزار ژن لە بۆسنیا هەرزەگۆڤینا بەهۆی ناکۆکییەکانی سەرەتای ١٩٩٥ لاقەکران. زۆربەیان موسڵمان بوون، بەڵام ژنی سەرب و کرۆواتیش بوون بە قوربانی. بەگوێرەی زۆربەی شایەتەکان، زۆر لە ژنان چەندین جار لاقە دەکران، دووگیان دەبوون و لە بەندیخانە دەخران تا ئەو کاتەی کە ئیدی درەنگ دەبوو بۆ لەباردبردنی منداڵەکە. لەگەڵ ئەمەیشدا رزگاربووانی لاقەکردن و ئەو منداڵانەی کە بەهۆی توندوتیژییەوە لەدایکبوون بە قوربانی شەڕ ناژمێردرێن. هەروەکو لێپرسراوێك دەیگوت: "ئەوان بە نەنگ و ژنی بەدڕەوشت کە بە شێوەیەك بوونەتە هۆی بەدبەختیی خۆیان ناودەبرێن."[٧٣] لەگەڵ ئەوەی کە

دادگەی نێونەتەوەیی تاوان لە یوگسلاڤیای پێشوو رایگەیاندووە کە لاقەکردن و کۆیلەکردنی سێکسی بە تاوانی شەڕ و تاوان دژ بە مرۆڤایەتی دابنرێت. رێکخراوی ناحکوومەتی بۆسنیا Medica Zenica مەدیکا زەنیکا بەم دواییە دەستپێشخەرییەکی دەستپێکردووە بۆ ئەوەی پلەی "قوربانییانی مەدەنی شەڕ" بدا بە ژنە قوربانییەکان کە دەکرێ سوودبەخش بێت بۆیان.

**توندوتیژی لەسەر کار ـ سوود لێوەرگرتن و هەڵاواردن:**

زۆر لە ژنان رووبەرووی هەلومەرجی خراپی کار، ئازاردانی سێکسی و توندوتیژی لە سەر کار دەبنەوە. لە زۆربەی وڵاتەکاندا کارەکەرەکان (کرێکاری نێوماڵ) بە سەعاتی کاری دوورودرێژ و مووچەیەکی کەم کاردەکەن. هەندێك جار بەبێ ویستی خۆیان خزمەتی زۆرەملێ و نزیك لە کۆیلەیی دەکەن و یاساش هیچ پارێزگارییان لێناکات.

ژنانێك کە خۆیان بۆ بەرەنگاری ئەو هەڵاواردنانەی دەبێتە هۆی کاری مووچەکەم و هەلومەرجی مەترسیدار رێکدەخەن زۆربەی جار ئازایانە رووبەرووی ئازاردان و تۆقاندن دەبنەوە.

لە گواتیمالا ئەو ژنانەی کە هەوڵیاندا یەکێتی بازرگانان دانیان پێدابنێت لە ماکیلا (کۆمەڵە مەزرایەکە لەلایەن فابریکێکی فرەنەتەوەیی خاوەنداریێتی دەکرێت) لەلایەن خاوەنەکانی ماکیلاوە رفێندراون، لاقەکراون و لێیاندراوە، هەروەها ئەو فابریکە پیاوی چەکدارییان بەکرێگرتووە و لەژێرەوە لەگەڵ ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش هاودەستییان کردووە. کرێکارانی ماکیلا کە زۆرینەیان ژنن ناچارن سەعاتگەلێکی درێژ و لەژێر هەلومەرجێکی پڕمەترسیدا کار بکەن. هەندێکیان راپۆرتیان داوە کە دەرگایان لەسەر داخراوە بۆ ئەوەی بمێننەوە تا بەشە بەرهەمی رۆژانەیان بەرهەم بهێنن. هەروەها راپۆرتیان داوە کارمەندانی کارخانەکە بێحورمەتی سێکسی و فیزیکیان بەرامبەر کردوون.

یەکێك لە کاریگەرییەکانی جیهانیبوون ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری ژنان بەهۆی هەژاری و لە پەراوێزبووندا مەجبورکراون بۆ دەستکەوتنی کار ماڵەکانی خۆیان بەجێبهێڵن.



زۆربەی جار بەهۆی ئەوەی لە رەگەکانیان هەڵکەندراون و لە کۆمەڵ و پشتیوانی ساختارە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە، پتر سوودیان لێوەردەگیرێت و توندوتیژیان دژ دەکرێت. لە سویدادخوارێز/ مەکزیکۆستی، سەددان ژنی گەنج لە دەیەی رابووردوودا رفێندراون یان کوژراون. لەسەر سنووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و مەکزیك ـ تەنیا چەند مەترێك لە دووری تاوەری تریفەداری ئێل پاسۆ- شاری تێکزاس، سویدادخوارێز هەڵکەوتووە کە بۆتە جێگەی ژمارەیەکی زۆری ماکیلاکان و لەوێ کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان سوود لە یاسای باج و هەرزانی دەستیکاری مەکسیکی وەردەگرن. لەگەڵ کەمیی مووچە، پێویستی پارە و نزیکی لە سنوورەوە، کەچی ئەم شارە بۆتە شارێکی سەرنجڕاکێش بۆ ژمارەیەکی زۆری ژنی گەنجی هەموو بەشەکانی مەکسیك. زۆر لە ژنە بزربوو و کوژراوەکان کرێکاری ماکیلا بوون. خزمەتچی ریستوران، خوێندکار و ئەو ژنانەی کە لە بەشە ئابوورییە نافەرمییەکان کاردەکەن بوونەتە نیشانەی توندوتیژی.

ئەو ژنانەی کە وڵاتانی خۆیان بە مەبەستی کارکردن و پێکهێنانی ژیانێکی باشتر جێدەهێڵن زۆربەی جار لە مەترسیی زۆر گەورەی ئازاردانی لەڕادەبەر چ لەلایەن سەوداگەرانی مرۆڤ یان خاوەنکارە بێپەرواکانەوەن. هەوڵدان بۆ راپۆرتکردنی ئەم ئازارانە یان خۆدەربازکردن لە خزمەتکاری زۆرەملێ، کرێکاری و کۆیلەبوون بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەلایەن پۆلیس و کارمەندانی سنوورەوە پشتگوێ دەخرێت. لەڕاستیدا وەڵامی دەسەڵاتداران بۆ سکاڵای قوربانییانی سەوداگەرانی مرۆڤ (قاچاخچی) لەوانەیە ئازارێکی دیکە لە شێوەی دیپۆرتکردنیان (گەڕاندنەوەیان بۆ ئەو وڵاتانەی لێیەوە هاتوون) بۆ ئەو هەلومەرجە ترسناك و پڕ لە توندوتیژییە بێت کە ژنەکان لێی هەڵاتوون. ئەمە بەو واتایەیە کە ئەو ژنانەی چاونەترسانە هەلومەرجی پڕ توندوتیژی بەجێدێڵن هەمیشە بەهۆی دلێرییانەوە پشتیوانییان لێ ناکرێت. بۆ نموونە رێکخراوی لێبووردنی جیهانی پەی بەو ژنانە بردبوو کە لەلایەن سەوداگەرانەوە برابوونە ئیسرائیل و لەوێ خرابوونە ژێر درندانەترین توندوتیژیی دژە مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی رۆتینی و بەبێ رەچاوکردنی بارودۆخی ئەو وڵاتانەی کە ئەوانی بۆ دیپۆرت دەکەن، بردبوو.

کرێکارانی نێوماڵی کۆچەر زۆر جار لەلایەن وڵاتەکانی خۆیان پشتگوێ دەخرێن و

لەلایەن ولاّتی شوێنی دانیشتنیان بە ناگرنگ دەژمێردرێن. لە عەرەبستانی سعودی لەگەڵ ئەوەی یاسای تایبەت بە کرێکارانیان هەیە و لەوێشدا چەند بەندێك کە سوودی بۆ ژنان هەیە دەبینرێت (وەکو مووچەی پشووی دایکایەتی و پاراستنی کرێکار لە دەرکردنی لە کاتی دووگیانبوونی یان لە کاتی وەرگرتنی پشووی دایکایەتی) بەڵام بە ئاشکرا لەم پاراستن و یاسایانە بێبەش دەکرێن. لە کەیس بەدوای کەیسدا ئافرەتانی کۆچبەری کارەکەر باس لەوە دەکەن کە چلۆن زۆریان لێکراوە لە نێوان ١٨ تا ٢٠ کاتژمێر لە رۆژدا کار بکەن، چاوەڕوانکراوە کە لە گۆشەی هۆڵەکاندا بخەون و بە شێوەیەکی هەمیشەیی لاقە و دارکاری کراون. لە حاڵەتگەلێکی دەگمەندا کاتێك ئافرەتانی کارەکەر توانای ئەوەیان دەبێت سکاڵا بکەن، سکاڵاکەیان پشتگوێ دەخرێت، گاڵتەیان پێدەکرێت یان لەلایەن خاوەنکارەوە نکۆڵی لێدەکرێت و دەسەڵاتداران ئیدی هیچ کارێکیان بۆ ناکەن یان خودی ژنەکان سزا دەدەن.

## بەرەنگاربوونەوەی هەڵاواردن و *توندوتیژی*:

زۆر جار ئافرەتانێك کە پارێزەری مافەکانی ژنانن، بەتایبەتی ئەوانەی کە سەر بە گرووپە رەگەزی و ئێتنیکییە لە پەراوێزخراوەکانن، خۆیان لەژێر هەڕەشەی توندوتیژیی دان. زۆربەی پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ رووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، بەڵام رووبەڕووبوونەوەی ئافرەتان لە مەترسی بەهۆی ژێندەر و ئەو پرسانەی توخنی دەکەون زۆرترە. چونکە ئەوان پتر بەرەنگاری نۆرمە کولتوری، ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان کە لە بارەی رۆڵی ئافرەتان لەنێو کۆمەڵگەدایە دەبنەوە، زۆربەی کات تووشی ئازاردانی تایبەت بە ژێندەر و سەرکوتکردن و ریزێك توندوتیژیی زەمانەوانی و ئازاردانی سێکسی، لاقەکردن و کوشتن دەبن.

*لە ٥ی فێبروەری ٢٠٠٢ لە لیبرتێد ڕیۆ دۆلچە، لیڤینگستۆن، ئیزابال، گواتیمالا، جوانا ترینیداد ڕامیرێز دی ڤێگا، کە دانیشتوویەکی رەسەنی کەکچی و چالاکڤان بوو بە دەستی هێرشبەرێکی نەناسراو لە ماڵەکەی خۆی سێ جار تەقەی لێکرا و کوژرا. دیاربوو کە کوشتنەکەی پەیوەندی بە کارەکەی کە گەشەدانی تەندروستیی ژنان و بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان بووە.*



چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ لە گواتیمالا بۆ نموونە رۆژانە رووبەڕووی هەڕەشەی مەرگ، هێرش و کرداری تۆقێنەر دەبنەوە. ئەو چالاکڤانانەی کە بەدووی داد بۆ ئەو کارە دڕندانەی لە کاتی شەڕی نێوخۆیی کرا و نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ کەس کە زۆرینەیان خەڵکی رەسەنی ئەوێن و "ون بوون" یان کوژراون، دەگەڕێن، بەتایبەت ئەوانەی کە لەگەڵ کۆمەڵەی دانیشتوانە رەسەنەکاندا کاردەکەن لە مەترسیدان.

لەگەڵ بوونی مەترسی و دژواری، چالاکڤانان درێژە بە داکۆکیکردن لە ئافرەتان لە توندوتیژی و لە رووبەڕووبوونەوەی هەڵاواردن دەدەن. بۆ نموونە رێکخراوێکی خێرخواز بە ناوی پۆنتوس دی ئینکوێنترۆ، کە بنکەکەی لە ماناگوا، نیکارگوایە، لەگەڵ سێکسوالیتە وەکو بابەتێکی سەرەکی لە میدیاکانی و کاری فێرکردندا بۆ پەرەدانی قەبوولکردنی جیاوازییەکان و یەکسانیدا کار دەکات. ئەم رێکخراوە پرۆگرامەکانی لەگەڵ دەستکەوتە "گەلییەکاندا" لەسەر بنەمای تێگەیشتنی مافەکانی مرۆڤ کە لە ژیانی رۆژانەدا دەردەکەوێت، فێر دەکات.

رۆژ لەدوای رۆژ ئافرەتان نکۆڵی، سەرپێچی و داوای رێگەی چارە دەکەن. لە دەوروبەری پاریس، فەرەنسا، کە زۆرینەی خەڵکی هەژار و بێبەشی تێدا دەژین، رووداوی یەك لەدوای یەکی سێکسی روویداوە کە بریتی بوون لە لاقەکردنی بەکۆمەڵی ئافرەتانی گەنج. وەڵامی ئافرەتان بۆ ئەم توندوتیژییانەی رووبەڕووی ببوون، شایەتی لە ئازایەتی و سووربوونیان لەسەر کارەکانیان دەدات. لەژێر دروشمی (نە سۆزانی، نە ژێردەستەیی) رێپێوانیان لەنێو کۆمەڵەکانی خۆیان سازکرد و قوربانییانی توندوتیژییان هاندا بۆ ئەوەی بێنە گۆ و دەنگیان هەڵبڕن.[٧٤]

# بەشی پێنجەم

# ناکۆکی و توندوتیژی دژی ژن

سەردەمی ئاشتی و شەڕ کاتی هەڵاواردن و توندوتیژین بۆ ژن. رادەی بەرزی توندوتیژی لەو کۆمەڵانەی کە میلیتاریزەکراون، لە شەڕدان، لەو وڵاتانەی کە ناکۆکییەکان بوونەتە پەتا و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی بەردەوام دەبن و هەروا لە هەلومەرجی پاش- شەڕدا، دەبینرێت. بۆ نموونە لە ڤێتنام نموونەی توندوتیژیی بنەماڵەیی لە پاش ٣٥ ساڵ لە ئەزموونی شەڕ هێشتایش بەربڵاوە. شێواز، هەلومەرج و بەربڵاوی توندوتیژی جۆراوجۆرە بەڵام پەیوەندییەك لە نێوان توندوتیژی لە کاتی شەڕ و ناکۆکی و لەکاتی ئاشتیدا هەیە.

### ***میلیتاریزەکردن:***

میلیتاریزەکردن بەم شێوەیە پێناسەکراوە کە پرۆسەیەکە لەوێدا بەها سەربازییەکان، ئایدۆلۆژی و شێوازی رەفتارکردن کاریگەرییەکی باڵادەستیان لەنێو سیاسەت، کۆمەڵ، ئابووری و پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆمەڵدا هەیە. توندوتیژی لقە بەرهەمی میلیتاریزەبوون نییە بەڵکو یەکێك لە رووە سەرەکییەکانیەتی. بەرزبوونەوەی رادەی توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی لەسەر بنەمای ژێندەر دژی ئافرەتان.

*رێکخراوی ناحکوومەتی بەرازیلی ڤیڤا رێو هەڵمەتێکی لەژێر دروشمی Ama Nao! Ela Ou Eu (بێ چەکی هەڵبژێرە! یا تفەنگەکەت یان من) بۆ کۆکردنەوەی هەموو ژنانی سەر بە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵی بەرازیلی بۆ ئەوەی گوشار بهێننە سەر پیاوەکان کە چەکەکانیان دانێن. لە جونی ٢٠٠١دا ڤیڤا رێو، تۆڕی چالاکیی نێونەتەوەیی سەبارەت چەکی سووك و گرووپە ناوچەییەکانی دیکە هاوکاری حکوومەت و دەوڵەتیان کرد کە بۆ لەنێوبردنی ١٠٠،٠٠٠ چەك کە لەلایەن پۆلیسەوە دەستییان بەسەردا گیرابوو- ئەمە گەورەترین خەرمانی چەك بوو کە لە شوێنێکی دونیادا لەنێوبرێت.*



*پاشتر ١٠،٠٠٠ چەکی دیکە لە ٩ی جولای ٢٠٠٢ لەنێوبران و ڤیڤا رێو هەڵمەتێکی سازکرد کە ٩ی جولای بکرێتە رۆژی جیهانی بۆ لەنێوبردنی چەکی سووك لە سەرانسەری دونیادا.*

میلیتاریزەکردن لە کۆمەڵگەکانی سەرانسەری دونیادا راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، لە بەکارهێنانی هێز بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێونەتەوەیی و نێوخۆییەکان، داگیرکاریی بێگانە، ناکۆکی نێوخۆیی و پێکەوەنانی سوپای گەورە و بێشومار دەردەکەوێت. بازرگانیی چەکسازیی جیهانی مانیفستێکە بۆ ئەم دیاردەیە، هەروەها فاکتەری یاریدەدەرە بۆ زۆربوونی ناکۆکی و توندوتیژی. ئەم بازرگانییە لە ماوەی چەند دەیەی رابووردوودا بەخێرایی پەرەی سەندووە. بودجەی سەربازیی جیهان لە سەرەتای ١٩٩٠کاندا پتر لە ٦٠ ٪ لە حەفتایەکاندا بەرزتر بووە و لە دوو هێندەیش لە بودجەی شەستەکان بەرزتر بووە.[٧٥] بودجەی سەربازیی جیهان لە ٢٠٠١دا بە ٨٣٩ بلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، کە دەکاتە رێژەی ١٣٧ دۆلار بۆ هەر مرۆڤێك لە دونیادا. لە قۆناغی سێ ساڵەی ١٩٩٨-٢٠٠١، ئەم بودجەیە بە رێژەی نزیکەی ٧ ٪ بۆ هەر مرۆڤێك زیادی کردووە.[٧٦] لە پلاتفۆرمی پەکین بۆ چالاکی، دەوڵەتگەلێك بڕیاری کەمترکردنەوەی بودجەی لەڕادەبەدەر زۆری سەربازیی و کۆنترۆڵکردنی توانایی سەربازی و چەکسازی و رێگەدان بۆ تایبەتمەندکردنی ئەو پارە زیادە بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگە و ئابووری، بەتایبەتیش بۆ پێشخستنی ئافرەتان.[٧٧]

" ئاسان بەدەستکەوتن و بەکارهێنانی چەکی سووك بوونەتە یەکەمین و تاقە ئامێرێکی توندوتیژی لە هەموو ئەو ناکۆکییانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان کاریان لەسەر دەکات. ئەم چەکانەی کە بەدەستی هێزە سەرپێچیکەرەکان کەمترین رێز بۆ یاسا نێونەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤ دانانێن، کاری خۆیان دەکەن و باجێکی قورسی خستۆتەسەر ژیانی مرۆڤ، ئەگەر ژن و منداڵ بژمێردرێن ٨٠ ٪ی هەموو زیانەکان پێکدێنن..."

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان [٧٨]

زۆربەی ئەو توندوتیژییە چەکدارانەی کە کاریگەری لەسەر ئافرەتان هەیە، چ لەنێو و چ لە دەرەوەی ناکۆکییەکان، بە چەکی سووك ئەنجامدەدرێت: تفەنگ کە دەتوانرێت بە یەك کەس هەڵبگیرێت و بەکاربێت. ئەمڕۆ نزیکەی ٦٣٩ ملیۆن چەکی سووك لە جیهاندا هەیە و ئەمەیش بە ڕێژەی یەك چەك بۆ دە کەسە لە سەر گۆی زەوی. هەموو ساڵێك هەشت ملیۆن چەکی نوێ سازدەکرێت.[٧٩] ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بەشێکە لەو هەڵمەتەی کە لەگەڵ Oxfam و ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکانی دیکەدا دەکرێت و بانگەشە دەکەن بۆ پەیماننامەیەکی نوێی نێونەتەوەیی بازرگانیی چەك بە مەبەستی ڕاگرتنی زیادبوونی هەموو جۆرە چەکێك، هەروەها بۆ ئاسایشی کۆمەڵ لەبەرئەوەی خەڵك لە توندوتیژیی چەکداری لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لە ئاسایشدا بن.

### توندوتیژیی لە *شەڕدا*:

ناسەقامگیریی و ناکۆکیی سەربازی هۆکاری بەرزبوونەوەی هەموو شێوەکانی توندوتیژییە وەکو، جینۆساید، لاقەکردن و توندوتیژیی سێکسی. زۆربەی جار لە کاتی ناکۆکییەکاندا بۆ ئەوەی خودی ژن لە مرۆڤایەتی بخەن، یان سووکایەتی بەو کۆمەڵەیە بکەن کە ژنەکان سەر بە ئەوێن، توندوتیژیی دژی ژن وەکو چەکی شەڕ بەکاردەهێنرێت. پێدەچێت ئافرەتان زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانی مەدەنیی گەورەساڵ کە کوژراون یان بوونەتە نیشانەی توندوتیژی، پێکبێنن. زۆربەی منداڵ و ژنن کە بەهۆی ناکۆکیی چەکدارییەوە زۆرینەی پەنابەر و ئاوارە پێکدێنن و لە ماڵەکانیان هەڵدێن.

*لە ناکۆکیی درێژخایەنی مایانمار (بورما)دا، ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتگەلێکی زۆری لە بارەی ژمارەیەکی زۆر کەیسی لاقەکردن و کوشتنی ئەو ژنانەی کە سەر بە کەمایەتیی ئێتنیکین، بەدەست هێزەکانی ئاسایش، کردووە. لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٧دا نانگ پانگ، ژنێکی ٢٨ ساڵەی شانیی، لەلایەن دوو سەربازەوە لاقەکرا. کاتێك گوتی بە کاپتینەکەیان دەڵێت، ئەفسەرێك شەقی لە سینگی دا و هەڕەشەی کوشتنی لێکرد. دیسەمبەری ١٩٩٧ هێورەکەی بە مەبەستی دەرمانکردنی بردی بۆ تایلەند، بەڵام لە جانیوەری ١٩٩٨دا بەهۆی نەبوونی پارەی نەشتەرگەریی، مرد.*

شەڕەکانی بۆسنیا هەرزەگۆڤین و ڕواندا لە ساڵی ١٩٩٠دا سەرنجی ڕای گشتییان بۆ ئەو ئاستە ترسناکەی توندوتیژی کە دژی ئافرەتان لە کاتی ناکۆکییەکاندا کرابوو، ڕاکێشا. کوشتن، لاقەکردنی سیستەماتیك و فراوان و شێوازەکانی دیکەی توندوتیژی نەتەنیا بۆ ڕووخاندنی ورەی دوژمن بەڵکو بۆ لەنێوبردنیان ئەنجامدەدران. بۆ نموونە لە ڕواندا لاقەکردنی بەکۆمەڵ، نوقسانکردنی سێکسی و سووکایەتیکردنی سێکسی (بۆ نموونە زۆرکردن لە ئافرەتانی توتسی کە بە ڕووتی لەپێش چاوی خەڵکدا بگەڕێن) لەکاتی جینۆسایدا کارێکی باو بووە.

ژن لەوانەیە بەهۆی ڕۆڵی خۆیان وەکو چالاکڤان و ڕێبەری کۆمەڵگەکەیان یان کەسوکاری نێرینە بوون، ببنە نیشانەی توندوتیژی. لە کاتی داگیرکاری ئەندونیزیا بۆسەر ڕۆژهەڵاتی تیمور لە ساڵەکانی ١٩٧٥-١٩٩٩دا ئافرەتانێك کە گومانیان لێدەکرا لایەنگری چەکدارە دژەبەرە سەربەخۆخوازەکان یان کەسوکاری ئەندامانەکان بن ڕووبەڕووی توندوتیژیی سێکسی دەبوونەوە. لە کاتی گوێگرتنەکانی کۆمیسیۆنی وەرگرتن، ڕاستی و ئاشتبوونەوە لە تیمور- ئێست، فەرمانڕەوای پێشوو ماریۆ کاراسکالۆ شایەتی دا کە سەربازە ئەندۆنیزییەکان لە کاتی گرتنی جەژنەکانیاندا زۆریان لە ژنە تیمورییەکان کردووە کە سەما بکەن و سەربازەکان سەرگەرم بکەن.[٨٠] هەروەها گوتی ژنی شەڕکەرە چەکدارەکانی بەرەی دژیان لەلایەن سەربازە ئەندۆنیزییەکانەوە کراون بە کۆیلەی سێکسی.

لە نێپاڵ دوو کچی ئامۆزای لاو لەلایەن سەربازانەوە لە نیسانی ٢٠٠٢ ڕفێندراون و بە بەردەوامی لاقەکراون. سەربازەکان بەدوای باوکی یەکێك لە کچەکان دەگەڕان کە بۆ هیند هەڵاتبوو.

لە ساڵی ١٩٩١ لە سەردەمی پاش کودەتای سەربازی هایتی، ژمارەیەك ژن لاقەکران چونکە مێردەکانیان ڕێکخەری چالاکیی سیاسی بوون.(٨١)

لە ناکۆکیی نێوان هێزەکانی ئاسایشی سریلانکا و پڵنگە ئازادیخوازەکانی تامیل ئەیلام ( ناسراو بە پڵنگەکانی تامیل)، ئافرەتانی بەندییان چاوبەستکردوون، لێیانداون و لەلایەن سەرباز، پۆلیس و ئەفسەرەکانی هێزی دەریاییەوە لاقەکراون. بۆ نموونە لە مارسی ٢٠٠١دا سیناتامبی سیڤامانی و ئیهامپارام ویکالا، دوو کچی لاوی تامیلی، لەلایەن ئەندامانی هێزی دەریایی شاری کەناریی مانار گیران و برانە بنکەی پۆلیسی تایبەتی. ئیهامپارام ویکالا هەر لە بنکەی پۆلیسەکەدا لەلایەن دوو ئەفسەرەوە بە دڕندانەترین شێوە لاقەکران و سیناتامبی سیڤامانی چاوبەست کرا، پاشان ڕووتکرایەوە و لەنێو کالیسکەیەکی دەرەوەی بنکەی پۆلیسەکە لاقەکرا. پاشتر زۆر لە هەردوو ژنەکە کرا بە ڕووتی بگەڕێن و پاشانیش بۆ ماوەی ٩٠ دەقیقە لە نێوەڕاستی دوو مێزدا لە کاتێکدا کە نوقورچیان لێدەگیرا بە وایەری ئەستوور دارکاری دەکران، بە دەست و پێ هەڵواسرابوون.

بێگومان پیاو و کوڕانیش لە کاتی شەڕدا دەبنە قوربانی. لە ناکۆکییە نوێکاندا پیاو و کوڕە مەدەنییەکان لە شار و دێهاتەکاندا جوداکراونەتەوە و کوژراون، لاقە کراون، بەزۆر براون بۆ خزمەتی سەربازی، یان وایان لێکراوە کاری توندوتیژانە دژ بە ئافرەتان بکەن. بەهەرحاڵ، لەو حاڵەتانەی کە پیاو، نەك ژن، بە شێوەیەکی نایەکسان بوون بە نیشانەی شەڕ بوون بە قوربانی، ئافرەتان لەلایەکی ترەوە زۆرینەی ئاوارەکان پێکدێنن و هەر بەو هۆیەشەوە ڕووبەڕووی گرفتی نوێ دەبنەوە.



**توندوتیژی لە کاتی ناکۆکی، توندوتیژی لەنێو ماڵدا:**

ئافرەتان کە لەنێو ناکۆکیدا دەژین، نەتەنیا ناچارن بەرگەی هێرش و هەڕەشەی هێرشی لایەنی دیکە بگرن، بەڵکو لە هەمان کاتدا کە ئەرکی دووبارەسازکردنەوەی ژێربنای کۆمەڵگەکەیان دەخرێتە ئەستۆ، ڕووبەڕووی بەرزبوونەوەی ڕادەی توندوتیژی لەنێو بنەماڵەکانی خۆیانیشدا دەبنەوە.

لە دەستپێکردنی ڕاپەڕینەوە، ئاشکرا بووە کە ئافرەتانی فەلەستینی ڕووبەڕووی بەرزبوونەوەی ڕادەی توندوتیژی بوونەتەوە. نەك بەهۆی وێرانبوونی ماڵ و کۆمەڵەکەیان بەدەست هێزە ئیسرائیلییەکانەوە، بەڵکو بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی توندوتیژیی نێوماڵیی خۆیانەوە. لەڕێگەی ئاماری دەنگدانێك کە ناوەندی فەلەستینی بۆ ژماردنی ڕای گشتی لە ساڵی ٢٠٠٢دا ڕێکیخست، پیشاندراوە کە "٨٦٪ی وەڵامەکان دەڵێن توندوتیژیی دژی ژن بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئافرەتانی فەلەستینی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە"، لە سەرووی ٢٢٪ی دەنگەکان ئاماژە بە ساڵی پار دەکەن." (واتە ساڵی ٢٠٠١. و)(٨٢)

**پاش شەڕ، توندوتیژی درێژەی هەیە:**

توندوتیژی یەکسەر پاش کۆتاییهاتنی ناکۆکی کەم نابێتەوە. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرفتێکی جیددی پەیدابووە بەهۆی ئەو توندوتیژی و کوشتنانەی بەدەست ئەو سەربازانەی کە لە شەڕ گەڕاونەتەوە، ئەنجامدەدرێت. لێکۆڵینەوەیەك کە لەلایەن سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان ئامادەکراوە پیشاندەدات کە ڕووداوی "ڕادەی گرژی دژی هاوسەر سێ جار لەنێو بنەماڵەی سەربازەکان لە بنەماڵە مەدەنییەکان بەرزترە."(٨٣)

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی یادداشتی کردووە کە "لەو وڵاتانەی کە دووچاری ناکۆکی پڕ توندوتیژی بوون، ڕادەی توندوتیژیی نێوان کەسەکان تەنانەت پاش کۆتاییهاتنی دوژمنایەتیش هەر بە بەرزی دەمێنێتەوە- لە نێوان هۆکارەکاندا باس لە

قەبوولکردنی توندوتیژی لەلایەن کۆمەڵ و لەبەردەستبوونی چەك دەکرێت". [٨٤] لێکۆڵینەوەیەك لە باکووری ئیرلاندا پیشاندەدات کە زیادبوونی لەبەردەستبوونی چەك بۆتە هۆی پێشهاتنی شێوازی مەترسیداری توندوتیژی کە لەنێو ماڵەکاندا لە دژی ئافرەتان بەکاردێت.[٨٥]

ژنانی عێراقی دەیان ساڵە دووچاری نەهامەتییەکی زۆر بوون: لەدەستدانی کەسوکاری نێرینەیان لە شەڕی ١٩٨٠-١٩٨٨ی نێوان عێراق و ئێران، دوورخستنەوەی بەکۆمەڵی تەواوی بنەماڵە بۆ ئێران بە بەهانەی "بە رەسەن ئێرانی بوونیان" لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، سەرکوتکردنی میللەت وەکو هێرشی کیمیاوی بۆسەر هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨، شەڕی کەنداوی ١٩٩١ و دەرئەنجامی کپکردنەوەی سەرهەڵدانی شیعەکان، ئابلۆقەی ئابووریی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٩٠-٢٠٠٣ و هێرشی سەربازی بە ڕێبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان ٢٠٠٣.

لە سەردەمی سەددام (حوسێن) دا ئافرەتان دڕندانە دەگیران، ئەشکەنجە دەدران، "بزر دەکران" و لەلایەن دەسەڵاتدارنەوە بەهۆی سیاسی لە سێدارە دەدران. دەگێڕنەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا سەدان ژن لەبەرچاوی گشتی بەدەستی گرووپە نیوچە سەربازییەکانی فیداییانی سەددام بە تۆمەتی لەشفرۆشی سەربڕاون.

پاش هێرش و داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن هێزەکانی ڕۆژئاوا بە ڕێبەری ئەمریکا، لەو سەردەمەی کە ژمارەیەکی نەزانراوی مەدەنی کوژران، بۆشایی لەناکاوی سیاسی و ئاسایش بوو بە هۆی بڵاوبوونەوەی جەردەیی و تاوانی چەکداری، هەروەها پڕبوونی ئەو راپۆرتانەی کە ئافرەتان لە ترسی لاقەکردن و رفاندن ناوێرن لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە، ماڵەکانیشیان ناکرێت بە شوێنێکی سەلامەت دابنرێت. ئەم حاڵەتەی خوارەوە لەلایەن توێژەرێکی ڕێکخراوی لێبوردنی جیهانی لە بەغدا تۆمارکراوە:

فاتیمە، نۆزدە ساڵە، (ناوی راستی خۆی نییە) لەبەرچاوی بنەماڵەی مێردەکەی و هاوسێکانی لە رۆژی ٢١ی ئایاری ٢٠٠٣ بەدەستی مێردەکەی تەقە لە قاچی کرا.



فاتیمە لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا شوویکردبوو و وەکو کارەکەر مامەڵەی لەگەڵ دەکرا و بە شێوەیەکی بەردەوام لەنێو بنەماڵەی مێردەکەیدا لێیدەدرا. ئەوڕۆژەی تەقەی لێکرابوو هەوڵیدابوو بۆ لای بنەماڵەکەی خۆی هەڵبێت، بەڵام ئەوان گەڕاندبوویانەوە. بەگوێرەی قسەکانی فاتیمە، کاتێك مێردەکەی هاتەوە، "زۆر تووڕە بوو و کلاشینکۆفەکەی هەڵگرت... باوەڕم نەدەکرد تەقە بکات، خوشکەکەی لە تەنیشتی راوەستابوو... بەڵام ئەو نەوەستا، تەقەی لە قاچەکانم کرد، هەستم پێیان نەدەکرد، سڕ بووبوون، خۆر ئاوا دەبوو، تەماشای ئاسمانم دەکرد، بە پیاوەکانم گوت "نامەوێ بمرم ئەوان بردیانم بۆ نەخۆشخانە."لەگەڵ بوونی ژمارەیەك لە شایەت و جددیبوونی تاوانەکە، مێردەکەی نەگیرا.

لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی ناحکوومەتیی میدیکا زێنیکا لە بۆسنیا هەرزەگۆڤین پیشانیداوە کە ٢٤٪ی ئەو ئافرەتانەی گفتوگۆیان لەگەڵدا کراوە ئەزموونی توندوتیژیی نێو بنەماڵەییان بۆ ماوەیەکی درێژ هەبووە. ئەمەیان باس لە پێش ڕوودانی شەڕەکە دەکات.[٨٦] زۆرینەی راپۆرتەکان پیشاندەدەن کە ڕووداو و چڕی توندوتیژیی پاش کۆتاییهاتنی شەڕ لە ١٩٩٦دا زیاتر بووە. هەرچەند ئەستەمە رادەی ئەم زیاتربوونە بسەلمێنرێت، بەڵام زۆر لە گرووپەکان راپۆرتی "ڕێژەیەکی سەرسووڕهێنەر بەرزیی رادەی توندوتیژیی دژی ژن و منداڵیان داوە." ناوزڕاندنی کۆمەڵایەتی و نەبوونی خزمەتگوزاری بەهۆی یاسای تاوانەوە کە جیاوازی لە نێوان "هێرش" و " ئازاردانی سووکی جەستەیی لەلایەن هاوسەر و هاوژینەوە" دەکات، خراپتر بووە. لە حاڵەتی دواییدا قوربانی دەبێت خۆی بەدواداچوونی یاسایی دژی تاوانبار بکات. لە حاڵەتی ئاساییدا حکوومەت خۆی تێکەڵ ناکات".[٨٧]

باوێکی نوێی ناسراو کە لە کۆمەڵگەی پاش- ناکۆکی دەبینرێت، بەرزبوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و پەیوەندیی لەگەڵ ئامادەبوونی هێزەکانی ئاشتیپارێزی نێونەتەوەییە. بۆ نموونە لەو کاتەوەی کە هێزێکی نێونەتەوەیی ئاشتیپارێز (KFOR) لە کۆسۆڤۆ نیشتەجێ بووە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکی مەدەنی نەتەوە

یەکگرتووەکان (UNMIK) لە ساڵی ١٩٩٩دا دامەزراوە ژن بە قاچاخ بە مەبەستی بەزۆر لەشفرۆشی پێکردن هێنراون بۆ کۆسۆڤۆ. ئەوان لە وڵاتگەلێك وەکو مۆلداڤیا، ئۆکرانیا و بولگاریاوە هاتوون و زۆربەیان بەگوێرەی راپۆرتەکان لەڕێگەی سەربیا و بە قاچاخی هێنراون. هەر زوو پاش هاتنی UNMIK بەقاچاخهێنانی ئافرەتان وەکو گرفتێك ناسرا، بەڵام ژمارەی ئەو شوێنانەی کە ژنەکانیان بە قاچاخ بۆ دەهێنان و زۆریان لێکراوە کاری لەشفرۆشی بکەن، هەر بەرز دەبووەوە، تا تەمموزی ٢٠٠٣ گەیشتە پتر لە ٢٠٠ شوێن.

لە راپۆرتێکدا لە بارەی بەقاچاخیهێنانی ژن و کچ بۆ بۆسنیا هەرزەگۆڤینای پاش ناکۆکییەکان، چاودێری مافەکانی مرۆڤ Human Rights Watch بەڵگەی سەلمێندراوی لە بارەی بەرپرسیارێتی راستەوخۆی پۆلیسە ناوچەییەکان لە کاری قاچاخی ژن و کچاندا لەڕێگەی خاوەنی بارەکان و کارمەندانی سازمانەکان کە ئەو ژن و کچانەیان دەگرتەخۆ، پێشکەشکرد. بەگوێرەی راپۆرتەکان پۆلیسە ناوچەییەکان رشوە و خزمەتگوزاریی خۆڕاییان بەرامبەر بەوەی کە ئاگاداری خاوەندارەکان لە هێرشی لەناکاوی پۆلیس بۆ سەریان بکەنەوە، وەرگرتووە، کە ئەویش یەکێکە لە زۆر شێوەی دیکەی هاودەستیی و بەشداریکردنی پۆلیسەکان لەو تاوانەدا. راپۆرتەکە هەروەها بەشداریی هێزی پۆلیسی چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزەکانی ئاشتیپارێزی سەر بە ناتۆ وەکو کڕیاری ئافرەتان و بە ئامانجی تۆڵەسەندنەوە لەو کەسانەی لەقاویان دەدەن، لە کاری قاچاخی ئافرەتاندا پیشاندەدات.[٨٨]

هێزەکانی دیکەی ئاشتیپارێز لەو کۆمەڵانەی کە ئەرکی پاراستنیان بە ئەوان سپاردبوو، کاری توندوتیژانەیان دژی ژن کردووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٣دا عەریفێك لە بەتالیۆنی سێیەمی پاراشووتی بەلجیکا کە لە سۆمالیا سەقامگیر بوو، دەڵاڵی کچێکی مێردمنداڵی کرد کە بیکات بە دیاری لەدایکبوونی سەربازێکی پاراشووت. لە جەژنی لەدایکبوونەکەدا زۆریان لێکرد بە رووتی سەمایان بۆ بکات و لەگەڵ دوو سەربازی پاراشووتی بەلژیکی سێکسی هەبێت. لە ١٩٩٨ دادگەیەکی



سەربازی حوکمی ١٢ مانگ زیندان- شەش مانگی دواخرا، دانی جەزا و دەرکردن لە سوپای بۆ عەریفەکە دەرکرد. ئاشکرا بووە کە هێزەکانی ئیتالیاییش لە کاتی نیشتەجێبوونیان لە سۆمالیا بۆ مەبەستی پاراستنی ئاشتی لە ساڵەکانی ١٩٩٣-١٩٩٤ توندوتیژیی سێکسیان ئەنجامداوە. کۆمیسیۆنی حکوومەتی ئیتالیا بەڵگەی باوەڕپێکراوی لەسەر ژمارەیەك شایەتی لاقەکردنی بەکۆمەڵ، هێرشی سێکسی و دزی لەگەڵ توندوتیژیی وەدەستهێنابوو. هەروەها راپۆرتگەلێك لە بارەی توندوتیژیی سێکسی کە لەلایەن هێزە ئاشتیپارێزەکانی ئیتالیاوە لە ساڵی ١٩٩٤دا لە مۆزەمبیك ئەنجامیاندابوو، هەیە.

لە پرۆسەی چارەسەرکردن و ئاشتیی شەڕدا مەسەلەی توندوتیژیی دژی ژن دەبێتە بەشێکی لاوەکی و دوادەخرێت. لەوەیش زێتر پرۆسەی ئاشتی بە شێوەیەکی رۆتینی ئافرەتان ناگرێتەوە و لە کارکردن لەگەڵ بابەتی ژێندەردا سەرنەکەوتووە، کە ئەمەیش هۆکارێکە بۆ نەبینینی ئازار لەسەر بنەمای ژێندەر و توندوتیژیی لە پەیماننامەکانی ئاشتی و پشتگوێخستنی لە کاتی راگەیاندنی ئەنجامەکانی ئەو پەیماننامانەدا. بۆ نموونە نوێنەرێکی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا سەردانی سیرالیۆنی کردبوو راپۆرتی دابوو کە پرۆسەی چەککردن و نەهێشتنی مۆبایلیزەکردن و تێکەڵکردنەوەی شەڕکەرە پێشووەکان لە پیشاندانی ئەزموونی زۆر لە کچان و ئافرەتان کە لەلایەن سەربازە یاخییەکانەوە رفێندرابوون و بەزۆر کرابوونە هاوژیانی سێکسییان سەرنەکەوتوو بووە. دەرکەوت کە کاتێك ئەوان بۆ چەککردن و لابردنی مۆبایلیزەکردن راپۆرت دەکران، هەمیشە گفتۆگۆیان لە شوێنێکی جیاواز لە "مێردەکانیان" نەدەکرا، هەروەها ئەگەر بە ویستی خۆیشیان بایە، هیچ دەرفەتێکی راستەقینەیان نەدەدانێ بۆ رۆیشتن. ئەم ژن و کچانە زۆربەیان یان دووگیان بوون یان منداڵی بچکۆلەیان هەبوو، بۆ گەڕانەوەیان بۆ نێو بنەماڵەکانیان، ئەگەر بکرایە یان بۆ دامەزراندنەوەی ژیانێکی نوێ لەگەڵ منداڵەکانیان پێویستیان بە پشتیوانی هەبوو.

## دەستدرێژی و ئازار لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە:

بۆچوونی جیاواز و هەستیارانە هەیە لەسەر چۆنیەتی و کەی بەکارهێنانی توندوتیژی بە مەبەستی وەدەستهێنانی گۆڕان و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت ڕەوایە.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لەم بارەوە هیچ هەڵوێستێك وەرناگرێت- بەڵام ئێمە جەخت دەکەینەسەر ئەوەی ئەو گرووپانەی پەنا دەبەنەبەر هێز کە دەبێت ڕێزی لانیکەمی ستانداردی مافەکانی نێونەتەوەیی مرۆڤ، دادوەری و مرۆڤایەتی بگرن. گرووپە چەکدارەکان، هەروەها حکوومەتەکانیش، نابێت هەرگیز خەڵکی مەدەنی بکەنە نیشانە، بارمتە یان ئەشکەنجە و مامەڵەی بێبەزەییانەیان لەگەڵدا ئەنجامبدەن، هەروەها ئەوان دەبێت ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادی لەو هەرێمانەی کە لەژێر دەسەڵاتیاندایە، مسۆگەر بکەن.

> بەندی سێی گشتیی پەیماننامەی ژنێڤ لە هەموو کەیسێکی ناکۆکییە چەکدارەکاندا و بۆ هەموو لایەنەکانی ناکۆکییەکە بەکاردەبرێت. لەوانەیە بۆ ئەو گرووپە چەکدارانەی کە لەنێو ناکۆکییەکی وا دان کە گەیشتۆتە ئەوپەڕی دژواری ڕێسای وردتر بەڕێوەبچێت، پرۆتۆکۆلی دووەم بۆ پەیماننامەی ژنێڤ زیادکراوە و (کە ناکۆکییە نا- نێونەتەوەییەکان دەگرێتەوە) لەبەرچاو دەگیردرێت. لە بارەی یاسا عورفییەکان (ئەو یاسایەی کە هەموو دەوڵەتەکان دەبەستێتەوە چ ئەوانەی خۆیان بەو یاساوە بەستبێتەوە یان نا)، نۆرمە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ (کە بۆ زۆربەی دەوڵەتەکان داڕێژراوە) دەکرێت بۆ ئەو گرووپە چەکدارانەی کە دەسەڵاتی دی- فاکتۆیان بەسەر هەرێمێکدا هەیە و بەرپرسیارێتی فەرمانڕەوایی دەگرنە ئەستۆی خۆیان بەکاربهێنرێن. لەڕاستیدا لە چەندین هەلومەرجدا گرووپە چەکدارەکان بە ڕاشکاوی گوێڕایەڵییان بۆ پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ پیشانداوە. لە هەر حاڵەتێکدا بێت، تاکەکانی ئەندام لە گرووپێکی چەکداردا دەکرێت بە بەرپرسیاری تاوان و تاوان دژ بە مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بخرێتە بەردەم دادگە.



هەرچەندە ڕێسا یاساییە نێونەتەوەییەکان تا نێوجەرگەی گرووپە چەکدارەکان هاتوون، بەڵام لە پراکتیکدا ئەم ڕێسایانە کاریگەرییەکی کەمیان هەبووە. لەدرێژەی چەندین ساڵی رابوردوودا کە گرووپە چەکدارەکان لە هەموو ناوچەکانی دونیادا شەڕیان کردووە، بەرپرسیاری هەندێك لە خراپترین توندوتیژیی دژی مافەکانی مرۆڤ بوونە، کە ئەمەیش توندوتیژیی لە ڕادەبەدەر و سیستەماتیك دژ بە ژن دەگرێتەخۆ.

گرووپە چەکدارەکان دەخوازن یان وەکو بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی دەوڵەتی یان لەو کاتانەی کە دەسەڵاتی دەوڵەتی لاوازە یان هەر نییە، کار بکەن. بەهەرحاڵ، ناتوانرێت چاوەڕوانی لەو وڵاتانەی ئەمەیان بەسەردا هاتووە کە ڕووبەڕووی ئەو توندوتیژییانەی لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە دژی مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدراون بە شێوەیەکی- دادوەرانە و کاریگەرانە -مامەڵە بکەن. لە کاتێکدا کە ئەم خستنەژێر لێپرسینەوەیە بەرەنگارییەکی تایبەتی دەوێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە گرووپە چەکدارەکان لە سەرووی لێپرسینەوە بن. ئەوان پێویستیان هەیە و بەستراون بە پشتیوانی، سەرچاوە و پارەی دەوڵەتگەلی دیکەوە، ڕێکخراوە تایبەتییەکان و کۆمەڵە لایەنگرەکانیان لە دەرەوەی وڵات و هەموو ئەمانە دەتوانن دەسەڵاتی بەرچاویان لەسەر گرووپە چەکدارەکان هەبێت. دادگەی نێونەتەوەیی بۆ مەسەلەی یوگسلاڤیای پێشوو و رواندا سەرکەوتوانە توانی سەرانی گرووپە چەکدارەکان بخاتە ژێر بەدواداچوونی یاسایی، هەروەها بە دامەزراندنی دادگەی تاوانی نێونەتەوەیی ڕێگەی نوێ کرایەوە بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە لێپرسینەوەی تاوانە نێونەتەوەییەکان بدەن. پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە هەموو دونیادا بەدووی ڕێگەگەلێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر گرووپە چەکدارەکان و بەڵێنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤیان لێوەرگرن، ئەم هەوڵانە دەبێت بەهێز بکرێن. وەکو بەشێك لەم هەوڵانە، گەورەترین سەرنج دەبێت تەرخانبکرێت بەوەی کە گرووپە چەکدارەکان دڵنیایی بدەن بەوەی کە ڕێز لە بنەماکانی مافی ژن دەگرن، هەروەها وریایی بدەن بەو هێزانەی کە بەرپرسن لە کردنی توندوتیژیی دژی ژن.

**گرووپە چەکدارەکان:**

**پێناسەیەك**

یەکێك لە پێناسەکانی گرووپە سیاسییە چەکدارەکان "ئەو گرووپانەن کە چەکدارن و هێز بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و لەژێر دەسەڵاتی هیچ دەوڵەتێکدا نین" (کۆنسوڵی نێونەتەوەیی سیاسەتی مافەکانی مرۆڤ). تێرمەکانی دیکە کە بۆ ناساندنی ئەم گرووپانە بەکاردێت ئەمانەن: گرووپگەلێکی بەرهەڵستکارن، یەکەیەکی نادەوڵەتی و یەکەیەکی ناحکومەتین. سروشتی سیاسی ئەم گرووپگەلە ئەوان لە رێکخراوە تاوانکارەکانی وەکو مافیا، جیادەکاتەوە. لە ناکۆکییەکانی ئەمڕۆدا لەگەڵ پسپۆڕیی هەر گرووپێك لە گەیشتن بە ئامانجی خۆی، ئەستەمە کە ئامانجە سیاسی و تاوانکارییەکان لەیەك جیابکرێنەوە. هەندێك گرووپی چەکداری بە پشتیوانی تاکتیکی، سادە یان ئاشکرای دەوڵەتەکان کاردەکەن، بۆ نموونە وەکو هێزی نیوچە سەربازی، لێرەدا ئەوە گرنگە کە نابێت رێگە بە دەوڵەتەکان بدرێت کە خۆیان لە بەرپرسیارێتی نەخستنەژێر کۆنترۆڵی ئەم هێزانە بدزنەوە.

لە زۆربەی ناوچەکانی ئەفغانستان پاش رووخانی رژێمی تالیبان لە تشرینی دووەمی ٢٠٠١دا، ئاسایش و حکومەتێکی دانپێنراو دانەمەزراوە. لە بۆشایی نەبوونی هێز، گرووپە چەکدارەکان ژنانیان رفاندووە، لاقەکردوون و توندوتیژییان لەدژ بەکارهێناون، و ئافرەتان و کچانیان نوقسان کردووە. راپۆرتگەلێك بۆ رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی هاتووە کە باس لە لاقەکردنی چوار کچ بەدەست ئەندامانی گرووپێکی چەکداری دەکات. گەنجترینیان تەمەنی ١٢ ساڵان بوو، ئەو کاتەی دایك و باوکی بردیان بۆ نەخۆشخانە ئەو لە هۆش خۆی چووبوو.

زۆربەی جار گرووپە چەکدارەکان لاقەکردن و شێوازەکانی دیکەی توندوتیژی وەکو بەشێك لە ستراتیژیی خۆیان بۆ تۆقاندن بەکاردەهێنن. لە سیرالیۆن، لە ماوەی دە ساڵ ناکۆکیدا گرووپێکی هێزی بەرهەڵستکاری دەستیان بە هەڵمەتی بڕینەوەی ئەندامی



لەش کرد. دەست یان قاچی خەڵکی مەدەنییان دەبڕی و پیتەکانی RUF (یەکەمین پیتەکانی بەرەی شۆڕشگێڕیی یەکێتی بەرهەڵستکاران)یان لەسەر لەشی قوربانییەکان هەڵدەکۆڵی. رفاندنی کچان و ئافرەتان، لاقەکردن و کۆیلەیی سێکسی سیستەماتیك و بەربلاوە. زۆربەی قوربانییان بەهۆی ئەو ئەشکەنجانەوە تووشی گواستنەوەی نەخۆشی سێکسی و زۆربەیشیان دووگیان بوون. لە سیرالیۆن لەباربردنی منداڵ نایاساییە و گرووپی چەکداری ناوبراو ژنە دووگیانەکانیان بەو حاڵەوە بەجێدەهێشت. کۆیلەیەکی سێکسی ١٤ ساڵان بە UNIFEM (سەرمایەگوزاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێکردنی ئافرەتان)ی گوت کە ئەو ناچارە کۆتایی بە دووگیانییەکەی بهێنێت بەڵام پارەی نییە. نرخی لەباربردن "بەدزییەوە" ١٠٠ دۆلارە، " پتر لە دەرئامەدی ساڵانەی زۆربەی خەڵکی سیرالیۆن و پتر لەو پارەیەیە کە ئەو کچە لە هەموو ژیانیدا چاوی پێکەوتبوو."[٨٩]

لە کاتی تالان و برۆی یاخیبووەکان لە فریتاون لە کانوونی دووەمی ١٩٩٩دا، شەڕکەرەکان ماڵ بە ماڵ دەگەڕان و کچانیان کۆدەکردنەوە. ئەوانەی کە بە "هاوسەری" فەرماندەکەیان هەڵنەدەبژێران، لەلایەن شەڕکەرەکانەوە چەندین جار لاقە دەکران. لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ لە ناوچەی کلینتاون لە رۆژهەڵاتی فریتاون، فەرماندەیەکی یاخییەکان بڕیاریدا هەموو ئەو کچانەی کە کچێنیان مابوو لەلایەن هاوکارێکی ژنیان بخرێنە ژێر تاقیکردنەوەوە و ئەگەر کچێتییان سەلمێنرا ئەو کات هەر شەوەی بنێردرێن بۆلای فەرماندە و شەڕکەرەکانی دیکە کە لەوێ لاقەدەکران و توندوتیژیی سێکسییان بەرامبەر دەکرا.

لە هەندێك حاڵەتدا گرووپە چەکدارەکان دەیانەوێت دڵنیابن لەوەی کە قوربانییەکانیان دەزانن بەرپرسی ئەشکەنجەکانیان کێن. لە حاڵەتی دیکەدا: شڵەژان دەبێتە میکانیزمێك بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژی بۆ ئەوەی لە بەرپرسیارێتی هەڵبێن.

*لە کۆتایی مانگی جونی ٢٠٠٣دا، لە ناوچەی سایۆی بونیا، پارێزگەی ئایتوری، کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆ، ژنێکی ٤٥ ساڵە و کچە ١٣ ساڵەکەی لەلایەن گرووپێکی میلیشیاوە کە بەزۆر هاتبوونە*

*نێو ماڵەکەیان لە خەو هەستێنران. هەر کە چوونە ژوورەوە، دەستیان کرد بە تالانکردن و خراپکردنی شتەکانیان و دایك و کچەکەیان بە شاردنەوەی دوژمنە شەڕکەرەکانیان تۆمەتبارکرد. پاشتر هەوڵیاندا کچەکە بڕفێنن. کاتێك دایکەکە ویستی بەرگری لەوە بکات، دوو میلیشیا بە دڕندانەترین شێوە لاقەی کچ و دایکەکەیان لە تەنیشت یەکتردا کرد.*

ئەندامانی گرووپە چەکدارەکان، حکوومەتەکانیش هەروەها، بەرپرسیارێتی یاساییان لەژێر پرەنسیپە سەرەکییەکان و ڕێسا و یاسای نێونەتەوەیی بۆ مرۆڤایەتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی خەڵکی مەدەنی هەیە کە بە هیچ شێوەیەك نابێت تووشی توندوتیژی بن، ئەمەیش ئەشکەنجە و مامەڵەی نامرۆڤانە و سووکایەتیپێکردنیش دەگرێتەوە.

**ژنە شەڕکەرەکان:**

هێزە چەکدارەکانی زۆر لە وڵاتان ژنیش دەگرێتەخۆ. هەندێك جار وەکو شەڕکەری بەرەی پێشەوەی شەڕن. ئافرەتان بەتەنیا قوربانیی توندوتیژیی کاتی شەڕ نین، هەندێك جار تاوانکاریشن. نزیکەی ٣٠٠٠ لەو شەڕکەرانەی کە بە تۆمەتی بەشداری جینۆسایدی ١٩٩٤ لە ڕواندا گیراون، ژنن. زۆرینەیان گەنج، منداڵدارن و تاوانبارکراون بە بەشداربوون لەو کۆمەڵەی کە پتر لە ٨٠٠,٠٠٠ توتسییان کوشتووە.[٩٠]

هەندێك جار ئافرەتان ڕفێندراون و لەژێر هەڕەشەی قۆنداغی تفەنگی گرووپە چەکدارەکان زۆریان لێکراوە وەکو شەڕکەر یان هەر کارێکی دیکە کە دەیتوانن، بیکەن، خزمەت بکەن. سیرالیۆن نموونەیەکی باشی تۆمارکراوە. ژنانی دیکەیش پەیوەندی بە گرووپە چەکدارەکانەوە دەگرن چونکە باوەڕیان بە ئامانجی سیاسی و ئایدۆلۆژیی گرووپەکە هەیە. لە سریلانکا پڵنگە ئازادیخوازەکانی تامیل ئەیلام زۆر



کچی گەنجی تامیلیان وەرگرتووە کە بە "باڵندەکانی ئازادی"[٩١] ناسراون. لە نیپال پارتی کۆمۆنیستی نیپال (مایویست) ڕێبەرایەتی "شەڕی گەلیی" دەکات کە لەلایەن ئافرەتان، بێکاران، ئەو خەڵکەی سەر بە چینە "نزمەکان"ن، گرووپە ئێتنیکییانەی کە لە پەراوێز خراون و خەڵکی هەژاری ناوچە گوندییەکانەوە پشتیوانی بەرچاویان لێدەکرێت.

هەلومەرجی قەیراناوی، کۆچ، هەژاری و لەپەراوێزخستن دەبنە هۆکارێکی لەبار بۆ سەربازگیری. ژنێکی ئافرۆ- کۆلۆمبیایی لە کۆبوونەوەیەکی ئافرەتانی کۆلۆمبیا بەم شێوەیە ڕوونی دەکاتەوە: "ژن و پیاوی گەنج کە دەبینن هیچ شتێك نییە بیکەن، ڕوو دەکەنە شاخ و ئێستا دەبینن کە کچانی دوازدە ساڵان دەیانەوێ چەکدار بن... هەندێکیان دەیانەوێ بڕۆن چونکە بنەماڵەکانیان کوژراون، دایك و باوکیان، زۆربەیان ڕووداوی ئەم شتانەیان بە چاوی خۆیان دیتووە."[٩٢]

نوێنەری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی بوونی لە کۆلۆمبیا لە ساڵی ٢٠٠١ دا لە بارەی بینینەکانییەوە دەڵێ "کولتووری پیاوانە کاریگەریی لەسەر سەرنجڕاکێشیانی هەندێك کچ بۆ بەرگی سەربازی، چەك و دەسەڵات کە پیاوان نوێنەرایەتی دەکەن، دەچێت. زۆربەی جار کچان پەیوەندی بە گرووپە چەکدارییەکانەوە دەکەن بەو خەیاڵەی کە کاتێك ئەوان بوون بە بەشێك لەو گرووپە، مامەڵەی یەکسانیان لەگەڵ دەکەن و هەمان مافی پیاوانیان دەدرێتێ. ئەوان داوای پەیوەندیگرتن دەکەن بۆ ئەوەی بەسەر بێبەشبوون و ژیانی کەمبایەخ لەنێو بنەماڵەکانی خۆیاندا کە هەمیشە بەستراوە بە کاری نێوماڵ زاڵبن."[٩٣]

لەگەڵ ئەوەی کچان و ئافرەتانی گەنج کە پەیوەندی بە گرووپە چەکدارەکانەوە دەگرن بەدوای ئازادی و سەربەخۆییەکی زۆرتردا دەگەڕێن، بەڵام دەبینن لەڕووی سێکسییەوە کەڵکیان لێوەردەگیرێت. زۆربەی جار زۆریان لێدەکرێت پێش لە سکپڕبوون بگرن یان منداڵەکانیان لەباربەن. ژنێکی گەنج لە بۆگۆتا، کۆلۆمبیا لە تەمموزی ٢٠٠١ شایەتی دا کە "ئەوان ویستیان دەرزیم لێدەن و من گوتم نا، من نەمدەویست کە... پاشان دوکتۆرێکی ژن پێی گوتم کە دەبێت ڕێگەیان بدەم دەرزیم

لێبدەن... دەرزیان لێدام، هەموو مانگێك."[٩٤] ژنێکی دیکە باس لە چۆنیەتی زۆرلێکردن لەلایەن گرووپە چەکدارەکەی کە منداڵەکەی لەبارببات، لە کاتێکدا خۆی نەیدەویست وا بکات، "ئەوان گوتیان نا- هەر بیهێنە بەرچاوت دێڵە سەگێکی دووگیان لە جەنگەی شەڕ و هەڵڵادا، ئەی ئەو سەکە فوو لێکراوە!... ئەوان وایان لێکردم لەباری ببەم... ئەو دوکتۆرانەی لەباریانبرد، دوکتۆری گەریلا بوون و من دوو مانگ لە بەشی چاودێریدا بووم. پاشان پاسەوانیم دەکرد و خواردنم ساز دەکرد... چاکتر بوومەوە. بەڵام ئیدی هەمان کەس نامێنیت و بەڕاستی ئێشی هەیە."[٩٥]

گرفتێکی دیکە کە رووبەڕووی ژنە شەڕکەرەکان دەبێتەوە ئەو مامەڵەیەیە کە لە کاتی زیندانیکردن لەگەڵیاندا دەکرێت. زۆربەی جار ئەوان کەمایەتین و لەگەڵ پیاوە دیلەکانی شەڕدا دادەنرێن.

لە هەندێك حاڵەتدا دەستکورتی پاڵ بە ئافرەتانەوە دەنێت کە بکەونە ژێر کۆنترۆڵی پیاوانی گرووپە چەکدارەکان. رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لەسەر ئەو کاریگەرییە وێرانکارییەی کە لە دەرهێنانی ڕەژوو (کولتان) لە رۆژئاوای کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆ لەلایەن گرووپە چەکدارەکان، هێزە بێگانەکان و هاوکارە بازرگانەکانییانەوە دەکرێت، راپۆرتی داوە. ئەو ئافرەتانەی کە بەردی رەژوو هەڵدەگرن و دەیهاڕن تووشی گرفتی هەناسەدان و زاوزێ دەبن. راپۆرتیش سەبارەت بە زۆربوونی مردنی منداڵ لە سکی دایك، هەروەها ناتەواوییان لە نێوان ژنە کرێکارەکاندا هەیە.[٩٦] نوێنەرێکی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بۆی دەرکەوت کە بنەماڵە هەژارەکان کچەکانیان لە بەرامبەر پارە و شتومەکدا دەدەنە "پیاوانی رەژوو" تا لەگەڵ خۆیان بیانبەن بۆ کانیی کانزاکان.

**تایبەتە بەو وێنەیەی خوارەوە** ((ئافرەتانی شەڕکەری پڵنگەکانی تامیل لە کاتی مەشقکردندا لە باکووری سریلانکا، نۆڤەمبەری ٢٠٠٢. ئافرەتان تەنیا قوربانی شەڕ نین، بەڵکو دەکرێ تاوانکاریش بن. دڵخواز یان بەزۆر، ئافرەتان شانبەشانی پیاوان لەنێو هێزەکانی حکوومەت و گرووپە چەکدارەکاندا شەڕیان کردووە.))






**لە توندوتیژی هەڵاتن، بەرەو توندوتیژی چوون:**

زۆر جار ژنە ئاوارە و پەناخوازەکان خۆیان لەنێو بازنەیەکی داخراوی توندوتیژیدا دەبیننەوە. وەکو هەڵاتوویەك لە هەلومەرجێکی ترسناك، لەوانەیە خۆیان لە بارێکی ترسناك کە دیسان تووشی زیانی توندوتیژی و کەڵك لێوەرگرتن بن، ببیننەوە. زۆربەی ئاوارەکان، بەتایبەت ئافرەتان، لەدرێژەی هەڵاتنەکەیان بۆ شوێنێکی ئارام، توندوتیژییان لەدژ دەکرێت. کارمەندانی حکوومەت وەکو پاسەوانانی سنوور، قاچاخچی، جەردە، ئەندامانی گرووپە چەکدارەکان، تەنانەت ئاوارەکانی دیکە، هەموویان بەوە ناسراون کە ئازار دەگەیەننە ئەو ئافرەتانەی بەو رێگایانەدا تێدەپەڕن. نموونەکانی توندوتیژی لەنێو شوێنی ئاوارەکاندا رەنگدانەوەی پەرەسەندنی ئەو هەلومەرجەیە کە لێی هەڵهاتوون، ئەمەیش ئەو توندوتیژیانە دەگرێتەوە کە ئافرەتان رۆژانە لە ماڵەکانی خۆیاندا بەسەریان هاتووە.

*کۆمیسیۆنی ژنان بۆ ژنان و منداڵانی ئاوارە کە بنکەکەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانە، لە بارەی بەسەرهاتی ئەو ژنە یوگاندییە کە بەهۆی تێکشکانی لەڕووی دەروونی و سۆزەوە لە INS (خزمەتگوزاری پەنابەریی و هاووڵاتی بوون لە ویلایەتە یەکگرتووەکان) لە یۆرك کاونتی دانرابوو، پەنسیلڤانیا، دەگێڕێتەوە. "لە بەندیخانەدا پێیان وا بوو کە ئەو هەوڵی خۆکوشتن دەدات، بۆیە ناردیان بەدووی 'تیمێکی یارمەتیدانی خێرادا' تیمەکە بریتی بوو لە چوار پیاو، سێیان بەرگی قەڵغانی دژی ئاشوبییان هەڵگرتبوو. سەگیشیان هێنابوو... پیاوەکان بەبێ ئامادەبوونی پاسەوانێکی ژن، ژنەکەیان رووتکردەوە. ئەو داوای لێکردن ستیان و دەرپێکەی دانەکەنن... بە رووتی چوارپەلیان بەست بە تەختێکەوە." (٩٧)*

لە کەمپی ئاوارە و کۆچبەرەکاندا هەستی گۆڕان و نەمانی ئامانج، نەتەنیا بۆ پیاوان، بە گوشاری هەستکردن بە لە ڕەگەوە هەڵکەندنی تاك و کۆمەڵەکان زیاد دەبێت. ساختاری کۆمەڵایەتی کە لەوانەیە ئەندازەیەك پارێزگاری بداتە ئافرەتان نامێنێت. لەلایەکی دیکەوە: ئەو کێشانەی کە لەنێو خێزان یان کۆمەڵدا هەن، یان کێشەی نوێ بەهۆی نەمانی زەمینەی ئابووری و کۆمەڵایەتی قووڵتر بێتەوە. ئەم گوشارانە کاریگەرییەکی زیانبەخشی لەسەر هەردوو ژن و پیاو هەیە. زۆربەی جار دەبێتە هۆی زیادبوونی توندوتیژیی سێکسی و بنەماڵەیی دژی ئافرەتان.






ناکارایی لە سیستەمی داد، بڵاوبوونەوەی کەش وهەوای بەخشینی تاوانباران و نائاسایشی، نەبوونی دەستگەیشتنی سەربەخۆ بە میکانیزمی ناونووسین، سیستەمی دابەشکردنی خواردەمەنی، ساختاری ڕێبەرایەتی تێکەڵ لەگەڵ کەڵکوەرگرتن لە ژنان دەبێتە هۆی توندوتیژیی سێکسی و بە خراپ کەڵك لێوەرگرتنیان. هەندێك جار ژنان و کچان تەنانەت لە سوودوەرگرتنی سێکسی و شێوەی دیکە کە لەلایەن کارمەندانی یارمەتی مرۆڤایەتییەوە- هەر هەمان کەسانەوە کە بەتایبەت ئەرکی بەرپرسیارێتی ئاسایش و خۆشگوزەرانیی ئاوارە و دوورخراوەکانیان لە ئەستۆدایە- ئەنجامدەدرێت، لە ئاسایشدا نین. سوودوەرگرتن لە ژنان زۆربەی جار نیشانەیەکی خراپی بەردەوامبوونی ئەو نائاسایشەیە کە ئاوارەکان رووبەڕووی دەبنەوە. ڕەنگە ئەوان چەندین ساڵ لەنێو هەلومەرجێکدا بژین کە لەوێدا رۆڵە نەریتییەکان یان کەموکووڕی ئیداری یارمەتییە مرۆڤایەتییەکان ببنە هۆی بەردەوامی خراپتربوونی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ناسکبوونی بارودۆخەکەیان.

راپۆرتەکانی ساڵی ٢٠٠٢ی ئۆفیسی کۆمیسارییای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) و منداڵپارێزی بریتانیا راستییەکانی بەکارهێنان و توندوتیژیی سێکسی بەرامبەر ژن و منداڵان کە لەلایەن کارمەندانی رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان لە کەمپی ئاوارە و دوورخراوەکان لە سیرالیۆن، لیبیریا و گینیا کراون، تۆمارکردووە. ئەم راستییانە بەئەنقەست نەدانی خواردەمەنی، دابین نەکردنی خزمەتگوزاری لەلایەن کارمەندانی رێکخراوە مرۆڤایەتییەکانەوە بە مەبەستی وەرگرتنی زۆرەملێی خزمەتی سێکسی، دەگرێتەوە. لە نیپال UNHCR زانیاری لە بارەی ئاوارەکانی بوتانیس- یەکێك لەو کەمپانەی کە دایانمەزراندووە، لایکەمی ١٨ کەیس، بووبوونە قوربانیی توندوتیژیی سێکسی و بەکارهێنانیان لەلایەن کارمەندانی یارمەتیدەری ئاوارەکان، پێگەیشتووە. یەك لەو قوربانییانە کیژێکی ٧ ساڵان و ژنێکی ناتەواو بوو.

ئێستا لای هەموان قەبوولکراوە کە کارمەندانی یارمەتیدەر دەبێت لێپرساوی رەوشتی خۆیان بن، هەروەها ژمارەیەك لە ئاژانس و رێکخراوەکان یاسایان بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتی کارمەندەکانیان داناوە.

زۆربەی خەڵك لە شار و شارۆچکەکاندا بۆ بژێوی نەژی و نەمری خۆیان هەوڵدەدەن و لە هەلومەرجێکی خراپدا دەژین. توندوتیژیی سێکسی و بنەماڵەیی زۆرە. هەندێك جار ئەو ژنانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی لە شارەکاندا دەژین ناچارن "رشوەی سێکسی" بە ئەفسەری پۆلیس و کارمەندانی دیکەی حکوومەت بدەن.

لە ژمارەیەك وڵاتان داخوازیکەری پەنابەریی سیاسی لەنێو زیندانە ئاساییەکاندا کە لەوێدا وەکو تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، دادەنرێن. تەنانەت لەو وڵاتانەی کە داخوازیکەرانی پەنابەری لە شوێنی جودا لە زیندانییەکانی دیکە رادەگیرێن، بەڵام ئەزموونی مانەوەیان لەو قەرەنتینیەیە دەبێتە هۆی برینی دەروونی و چالاککردنەوەی وەبیرهاتنەوەی ئەشکەنجە و ئازاری کۆن. رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی و



رێکخراوەکانی دیکەی مافەکانی مرۆڤ رووداوگەلێکیان لە بارەی توندوتیژیی ژنان و کچانی ئاوارە و داخوازیکەرانی پەنابەری لەنێو قەرەنتینەکاندا تووشیبوون و دەگاتە رادەی مامەڵەی بێبەزەییانە، نامرۆڤانە و سووکایەتی، تۆمارکردووە. لە هەندێك حاڵەتدا سووکایەتی و دەستدرێژی وایان لە ژنان کردووە کە هەوڵی خۆکوشتن یان خۆئازاردان بدەن.

کاتێك ژنان دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان لەوانەیە چاویان بەو تاوانبارانە بکەوێت کە ئازاریان داون و بەهۆی ئەوانەوە ناچار بوون هەڵبێن. هەندێك جار لە تەنیشت تاوانبارەکاندا کە ئێستا هاوسێن یان پلەوپایەی بەرزی نێو دەسەڵاتیان هەیە کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵەکەیان هەبێت، دەژین.

ژنان و کچان کاتێك لە تاراوگەوە دەگەڕێنەوە لەوانەیە رووبەڕووی کۆمەڵێك گرفتی نوێ ببنەوە. هەڵوەشاندنی ساختاری کۆمەڵایەتی و رۆڵە نەریتییەکان کە زۆربەی جار بەهۆی ناکۆکی و شەڕ لە کۆمەڵگەی پاش شەڕ پێکدێت، پێویستی بە رووبەڕووبوونەوەیەکی نوێ هەیە. لە هەندێك حاڵەتدا ژنانی تاراوگە ئەو خوێندنانەیان تەواوکردووە کە پێشتر بۆیان نەبوو بیخوێنن، یان دەرفەتی پەرەپێدانی بەهرە و راهێنانیان هەبووە کە پێشتر رێگەیان پێنەدراوە بیکەن. دوبارە تێکەڵبوونەوەی ئەوان لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەی بەجێیانهێشتووە لەوانەیە ببێتە هۆی سوودی خراپ لێوەرگرتنیان و کەوتنە نێو مەترسیی نوێ و ناسکتربوونەوەی بارودۆخیان.

لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠١، کۆمیسارییای باڵای پەنابەران پێنج پەیمانی بە ژنانی ئاوارە دا کە بریتین لە: دڵنیایی دان بە ژنانی ئاوارە کە لە هەموو بەڕێوەبردن و رێبەرایەتی کۆمیتەکاندا بەشداری بکەن، ژنە ئاوارەکان لەسەر بنەمای تاکەکەسی ناونووس بکرێن، هەروەها ئامادەکردنی بەڵگەی پەیوەندیدار بە پێشبردنی ستراتیژی بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژی لەسەر بنەمای ژێندەر، دڵنیابوون لەوەی کە ژنانی ئاوارە راستەوخۆ بەشداربن لە بەڕێوەبردن و دابەشکردنی خواردەمەنی. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣دا کۆمیتەی دەستەی بەڕێوەبەری UNHCR

ئەنجامێکی پاراستن لە ئازاردانی سێکسی و خراپ سوودوەرگرتن لەژێر رۆشنایی پێویستی هەڵسەنگاندن و بەهێزکردنی ژنان لە بارودۆخی ئاوارەییدا، یاسای هەڵسوکەوت و رەفتار، چالاککردنی سەرمایەگوزاری بۆ دەرکەوتنی ئەو راستییانەی کە لە بارەی توندوتیژیی سێکسی و سوودوەرگرتن لە ژنان هەیە، هەروەها میکانیزمی لێپرسینەوەی پەسندکرد. ئەم بەئەنجامگەیشتنە، دەوڵەتەکان UNHCR و لایەنە بەڕێوەبەریی کارییەگەرەکان بە فەرمی دەناسێتەوە کە هەموویان لێپرسراوێتیان هەبێت بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی کۆنکرێتیان بۆ پێشگرتن لە توندوتیژی لەسەر بنەمای ژێندەر و کاریشی بۆ بکەن، هەبێت. ئەمانە هەنگاوگەلێکی گرنگن بۆ شکاندنی بازنەی توندوتیژی کە رووبەڕووی ژنان و کچانی ئاوارە دەبێت. رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی جەخت دەکاتەسەر ئەوەی کە میکانیزمی چاودێری، سکالاکان و یارمەتیدان سەربەخۆ بن و بۆ شار و کەمپەکان دابین بکرێن.

## ژنان داوای مافەکانیان دەکەن و بەدووی ئاشتیدا دەگەڕێن:

لەو کاتەوە کە یەکەمین هەوڵی نێونەتەوەیی لە کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی ژنان لە ساڵی ١٩١٩دا بۆ لەیەك نزیکردنەوەی ژنان بۆ خۆڕیکخستن بە مەبەستی ئاشتی، ژنان خۆیان رێکخستووە بۆ ئەوەی دژی توندوتیژی و شەڕ راوەستن. ژنان بوون بە نوێنەری ئاشتی، هێڵی شەڕی لایەنە ناکۆکەکانیان بڕیوە، گفتوگۆیان رێکخستووە و لەگەڵ لایەنە بڕیاردەرەکان و دەستپێشخەریی جیهانی بۆ ئاشتبوونەوەیان دروستکردووە، بۆ ئەوەی ئەم کارانە بکەن داوای دادپەروەری و مافی خۆیان لە بەشداریکردن لە دانیشتەکانی ئاشتیدا کردووە.

*بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت دەکاتەسەر مافەکانی ژنان بۆ پاراستنیان لە کاتی ناکۆکییەکاندا، هەروەها پێویستی بەشداریکردنی هەموو لایەنەکانی ناکۆکییە چەکدارییەکان کە هەڵسگاندنیان بە کاریگەرییەکانی هەبێت، دەربڕینی ویستی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ جێگەکردنەوەی ڕوانگەیەکی ژێندەری لە کاتی دانوستانی ئاشتیدا، داواکردن لە هەموو ئەو ئاکتۆرانەی کە لە دانوستان و ئەنجامدانی رێکەوتنامە ئاشتییەکاندا بەشدارن کە ڕوانگە ژێندەرییەکان پەسند بکەن، هەروەها جەختکردن لە دەوڵەتە ئەندامەکان کە پەرەدان بە نوێنەرایەتی ژنان لە هەموو ئاستە بڕیاردەرەکانی میکانیزمە نەتەوەیی، ناوچەیی، نێونەتەوەییەکان بۆ پێشگرتن، رێکخستن و بڕیاردانی ناکۆکییەکان، بدەن.*

لە ساڵی ٢٠٠٠ کاتێك ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگیدا بە بڕیاری ١٣٢٥ کە مافی ژن بۆ پاراستنیان لە کاتی ناکۆکییەکان و پاش ناکۆکییەکان، هەروەها جەختکردنەسەر زیادکرنی بەشداری ژنان لە هەموو پرۆسەکانی ئاشتیدا دەسەلمێنێت و بەم بڕیارە هەوڵەکانی ژنان بۆ بە فەرمی ناسینی جیهانی وەدەستهێنا. ئەم شێوە بەشدارییە هەستیارانەیە کاردەکات بۆ دڵنیاییکردنەوەی ئەوەی کە بنیاتنانەوەی ئاشتی و پرۆسەی چارەسەرکردنی ناکۆکی لەسەر بنەمای یەکسانی و بێ هەڵاواردن دامەزراوە کە ئەویش بۆ بنبڕکردنی توندوتیژیی دژی ژن، گرنگییەکی سەرەکی هەیە.

پەسنکردنی بڕیاری ١٣٢٥ بەهۆی ئەو گوشارەوە کە لەلایەن بزاڤی ژنان و هەندێك لە ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش/ بەتایبەت نامیبیا، جامایکا، بەنگلادش- هەروەها UNIFEM و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی ژن لەوانە رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بوو. ئەم بڕیارە وەکو ئامرازێکی پاراستن بە شێوەیەکی فراوان لە مەیدانە نێونەتەوەیی و نەتەوەییەکاندا لەلایەن ئەو ژنانەی کە لە پرۆسەی ئاشتیی ناوچەکانی پاش ناکۆکی وەکو ئەفغانستان، عێراق و لیبریا بەشدارن، کەڵکی لێوەردەگیرێت.

لە دەستپێشخەرییەکی بێوێنەدا کە بۆ بەشداریکردنی ژنان لە دانیشتنە فەرمییەکانی ئاشتیدا کرا، لقە- کۆمیتەیەکی ژێندەری لە سەرەتای ٢٠٠٣دا لە سریلانکا بۆ مۆچیاریکردنی تیمی سەرەکی دانیشتنەکان لە بارەی کاریگەریی و گرنگی تیکەڵکردنی بابەتی ژێندەر لەنێو پرۆسەی ئاشتیدا، دامەزرا. هەردوو حکوومەت و هێزی بەرهەڵستکاری LTTE ناوزەدکران بۆ ئەندامێتی ئەم کۆمیتەیە.

ئەنجوومەنی ژنان بۆ دادپەروەریی ژێندەر لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکانی دیکە کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی یەکێکە لەوان، هەڵمەتیان سازداوە بۆ جێکردنەوەی ڕوانگەی ژێندەر لەنێو پرۆسەی ڕێکخستنی دادگەی نێونەتەوەیی تاوان، دادگەیەك کە دەسەڵاتی قەزایی لەسەر جینۆساید، تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی شەڕ هەیە و لە کاتێکدا دادگەی وڵاتەکان ناتوانن یان نایانەوێ تاوانباران دادگەیی بکەن، ئەم دادگەیە دەکەوێتەگەڕ. ئەوان هەروەها هەڵمەتیان سازکرد بۆ ئەوەی دادگە داکۆکی لە چالاکیی دادپەروەریی ژێندەر بکات. ئەنجامی ئەم هەڵمەتانە نەتەنیا بوو بەهۆی گونجاندنی شێوەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ژێندەر وەکو تاوانی شەڕ و تاوان دژی مرۆڤایەتی لەنێو یاسای ڕۆم کە لە دادگەی تاوانی نێونەتەوەیی دامەزرا، بەڵکو بوو بە هۆی دروستکردنی یەکەی قوربانی و شایەت. ئەم یەکەیە پارێزگاری لە شایەتەکان دەکات و هەوڵدەدا کە ڕێگە بگرێت لەوەی قوربانییانی توندوتیژی لە کاتی بەدواداچوونی یاسایی دادگەییکردندا دیسانەوە لەڕووی دەروونییەوە بریندار بکرێن.

ڕێکخراوی ناحکوومەتی بۆ هەڵمەتی خێرای یارمەتی ماڵی بۆ مافەکانی مرۆڤی ژن، گەرانتی پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤی ژن لە هەلومەرجە قەیراناوییەکاندا دەکات.

لە ئاستی نزمتردا ژنان ئازایانە بەرامبەر گاڵتەپێکردن و مەترسی بۆ بەرهەڵستکاری کردنیان دژی شەڕ و ناکۆکی بوونەتەوە. لەژێر ناوی ژنانی ڕەشپۆش، ژنان لە وڵاتگەلێکی جیاواز دژی توندوتیژی و ڕق و کینە کە بەهۆی شەڕەوە دروستدەبێت، خۆپیشاندانی بێدەنگیان سازداوە و سەرنجەکانیان بۆ ئەو پەیوەندییەی



کە لە نێوان توندوتیژی لە کاتی شەڕ و بەردەوامبوونی توندوتیژیی دژی ژندا هەیە، ڕاکێشاوە. ژنانی ڕەشپۆش ژنانی فەلەستینی و ئیسرائیلی لە یورشەلیم، بەلگراد، سەربیا گرتۆتەوە کە گرووپگەلێکی زۆر لە جیهاندا پشتیوانییان لێدەکەن.

لە گرژترین و خراپترین هەلومەرجدا هێشتا ژنان دەتوانن ڕێگەگەلێك بدۆزنەوە کە لەنێو شەڕیشدا کار بکەن. لە یورشەلیم ناوەندی ژنانی یورشەلیم و بات شالۆم هاوکات بەهۆی ئەو وتوێژانەی کە لە نێوان ژنانی فەلەستینی و ئیسرائیلیدا درێژەی هەبوو دامەزرا. ئەوان هەرکام سەربەخۆیانە کاریان دەکرد بەڵام بەهۆی بناغەی هاوبەشیان کە یورشەلیمە، پەیوەندییان هەبوو بەیەکەوە. لەگەڵ هەبوونی گوشار لەسەر پەیوەندی ئەو دوو ڕێکخراوە، بەڵام ئەوان درێژەیان بە پەیوەندی و هاوکاریی هاوبەشی خۆیان بۆ دروستکردنی "دەستپێشخەری کاریگەر و باوەڕپێکراوی ڕابەرایەتی ژنان"دا.

# بەشی شەشەم

## یاسای نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ و توندوتیژیی دژی ژن

برەودان بە هەڵمەتەکانی چالاکڤانانی مافەکانی ژن لە ماوەی چەند دەیەی رابوردوودا پێشکەوتنێکی گرنگی لە کارکردنی کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ وردبوونەوە و شەڕی توندوتیژیی مافەکانی ژن بەدەستهێنا. جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ - لە ساڵی ١٩٤٨دا لەلایەن ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان راگەیەندرا و هێشتایش بەردی بناغەی سیستەمی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانە- لەوێدا هاتووە کە هەموو کەسێك دەبێت لە مافەکانی مرۆڤ بەبێ هەڵاواردن سوود وەرگرێت. بڕیارنامەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختدەکاتە سەر مافی یەکسانی ژن و پیاو. هەرچەند "نابینایی ژێندەریی" لە پراکتیکدا بە مانای ئەوەیە کە پێشێلکردنە گەورەکانی مافەکانی مرۆڤی ژن زۆربەی جار پشتگوێخراون و بەرەنگاری ساختاری هەڵاواردن دژی ژن نەکراوە.

لەڕووی مێژووییەوە زۆربەی تێگەیشتنەکان لە یاسای مافەکانی مرۆڤ جیاوازییەکی بەرچاویان لە نێوان "بەشی گشتی سیاسی، یاسایی و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان- "بەشی تایبەتی" - ماڵ و خێزان- داناوە، هەروەها تەنیا داکۆکی لە توندوتیژیی بەشە "گشتییەکە" کردووە. رای تایبەتمەندبوون و پاراستنی خێزان لە هەردوو یاسای نێونەتەوەیی و نەتەوەییدا نووسراوە و بۆ بەهێزکردنی ئەم دابەشکردنە دەستکردە بەکارهاتووە. سەلماندنی ئەوەی کە هەموو شێوازێکی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، لە هەر کوێیەك رووبدات، وەکو توندوتیژیی دژی مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێت و بۆ ئەمەیش وڵاتان بە بەرپرسیار دەزانرێت، یەکێکە لە گەورەترین دەستکەوتەکانی چالاکانی مافەکانی مرۆڤی ژنە.

بەکارهێنانی یاسای نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ وەکو چوارچێوەی کاریی بۆ کارکردن لەگەڵ توندوتیژیی دژی ژن میتودۆلۆژییەك پێشکەش دەکات بۆ دیاریکردنی ئەرکی حکوومەت بۆ چالاککردن و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤی ژن. ئەمە هەروەها ئەو میکانیزمە لەبەردەستبووانە دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی حکوومەتەکان لێپرساراو بن لە بەرامبەر ئەگەری سەرنەکەوتنیان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا.



پەیماننامەی مافی مرۆڤ گرێبەستێکە لە نێوان دەوڵەتگەلێکی تایبەت کە بەشێك لە کۆمەڵەی نێونەتەوەیی نەتەوەکانن. ئەوان هەروەها گەرەنتی ئازادی و مافی تاکەکان دەکەن بۆ ئەوەی لە هەموو ئاستە نێونەتەوەیی و نەتەوەییەکاندا بتوانن داوای بکەن. ئەم پەیمانانە کۆمەڵێك ئەرکی داناوە کە دەوڵەتەکان لە کاتی دەنگدانىدا ئیمزایان کردوون (بەو رێککەوتنانە بەستراونەتەوە). بە شێوەیەکی گشتی کاتێك دەوڵەتێك پەیمانێك ئیمزا دەکات، بەو مانایە دێت کە رەزامەندی لەسەر: بڵاوکردنەوەی مافەکانی نێو پەیماننامەکە هەیە، مافەکان بە دڵنیاییەوە بۆ هەموو کەسێك بن و لەنێو سیاسەت و ستراتیژییەکاندا پیادە بکرێن، پێش لە پێشێلکردنی مافەکانی نێو پەیماننامەکە بگیردرێت، هەروەها دابینکردنی چارەسەری بۆ ئەو قوربانییانەی کە بەرامبەر مافەکانیان توندوتیژی کراوە. ئەم ئەرکانە لەلایەن ئەو تاکەکەسانەوە کە دەوڵەت فەرمانی پێداون و هانیداون و لەسەری رازیبووە، بەڕێوەدەچێت.

پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی هەموو شێوازێکی هەڵاواردن دژی ژن (CEDAW) بە راشکاوی داوای لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی لایەندارن (ئەو حکوومەتانەی کە رازین و خۆیان بە پەیماننامەکە گرێداوە)" هەموو رێگەیەکی گونجاو بگرنەبەر بۆ نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژن لەلایەن هەر کەس، رێکخراو یان سەرمایەگوازێکەوە بێت" (بەندی٢(e)).

### توندوتیژی وەکو شێوازێکی هەڵاواردن:

جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ کە مافەکانی مرۆڤ لەخۆیدا بنچینەیەکە بۆ سەربەخۆیی و پێشکەوتنی هەموو مرۆڤێك دەسەلمێنێت و لەوێدا هاتووە هەموو کەسێك دەبێت کەڵك لە مافەکانی مرۆڤ بەبێ هەڵاواردن لەسەر بنەمای رەگەز وەرگرێت. ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەسەر "یەکسانی پیاو و ژن"، "سەربەخۆیی و نرخی مرۆڤ" دەکات و تێگەیشتن لە بناغەیی بوونی مافەکانی

مرۆڤ لە پرەنسیپ و بابەتە کاکڵەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە.[٩٨] پەیماننامەکانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ و ستانداردەکان ئەرکی دەوڵەتەکان بەوە پێناسە دەکەن کە مافی مرۆڤی تاکەکان لەنێو هەرێمەکانیاندا بپارێزن و لە حەوزەی یاسای دەوڵەتەکەدا "بەبێ هیچ جیاوازییەك" مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. مافی رووبەڕوو نەبوونەوە لەگەڵ هەڵاواردن هێندە بنچینەییە کە لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا نابێت ئەو مافە وەلا بخرێت.

### ستانداردەکانی مافی مرۆڤ:

وردەکارییەکانی ئەو پەیمانەی کە یەکسانیی ژن و پیاو بپارێزێت، هەروەها پێش لە هەڵاواردن بگرێت لە (CEDAW) دا هاتووە. سەرچاوەی ئەم پەیمانە کاکڵەی بەڵگەنامەکانی مافەکانی مرۆڤە- جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ، پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ مافە ئابووری، مافە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پەیمانی نێونەتەوەیی مافە سیاسی و مەدەنییەکان (ICCPR). پرەنسیپەکانی ئەم سێ بەڵگەنامەیە کە بەگشتی ناسراون بە بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ، جاڕی مافی یەکسانی، ئازادی و ئاسایش و مافی نەبوونی هەڵاواردن، ئەشکەنجە و سووکایەتیکردن و مامەڵەی نامرۆڤانە، دەکەن. پەیمانی نێونەتەوەیی لە بارەی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی هەڵاواردنی رەگەزپەرستانە و پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی مافی منداڵ لەگەڵ (CEDAW) دا چوارچێوەیەکی کاریی گەورەی فۆرم و ستانداردی مافەکانی مرۆڤیان سازکردووە کە تەرکیز لەسەر گرووپگەلێکی تایبەت دەکەن.

لە کاتێکدا کۆمیتەی نەهێشتنی هەڵاواردن دژی ژن پێشنیازی گشتیی ژمارە ١٩ی لە ساڵی ١٩٩٢ لە بارەی "توندوتیژیی دژی ژن" [٩٩] پەسندکرد، ئەم ستانداردانەی مافی مرۆڤ رێکخراوی مافی ئافرەتانیان بۆ ئەوەی ئازاد بێت لە توندوتیژی دامەزراند. پێشنیازی گشتیی ژمارە ١٩ توندوتیژیی دژی ژن وەکو شێوازێکی هەڵاواردن پێناسە دەکات و ئەم یادداشتانەی هەیە:



"توندوتیژیی لەسەر بنەمای ژێندەر، کە زیان بە ئافرەتان دەگەیەنێت بۆ کەڵکورەرگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکانی کە لەژێر یاسای گشتیی نێونەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، و کاریگەری ناهێڵێت، بە هەڵاواردن دەژمێردرێت... ئەم ماف و ئازادییانە بریتین لە:

١. مافی ژیان.
٢. مافی نەبوونی نیشانەی ئەشکەنجە و مامەڵەی بێبەزەییانە، نامرۆڤانە و بێڕێزی یان سزادان.
٣. مافی پاراستنی یەکسانی بەگوێرەی نۆرمە مرۆڤایەتییەکان لە کاتی ناکۆکیی سەربازیی نێونەتەوەیی و نەتەوەییدا.
٤. مافی ئازادی و ئاسایشی تاکەکەس.
٥. مافی پاراستنی یەکسانی لەبەردەم یاسادا.
٦. مافی یەکسان لەنێو بنەماڵەدا.
٧. مافی دەستڕاگەیشتن بە بەرزترین ستانداردی تەندروستیی فیزیکی و دەروونی
٨. مافی هەلومەرجی دادپەروەرانە و باشی کار."

پێشنیازی گشتیی ژمارە ١٩ سروشتی ئەرکەکانی حکومەت بۆ هەنگاونانی فراوان بۆ خەباتکردن دژی توندوتیژی دیاریدەکات. لەوێدا هاتووە کە ئەم پێشنیازە بەتایبەت لەسەر ئەو توندوتیژیانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی گشتییەوە دەکرێت، کار بکات. بەڵام گرنگی دەدات بە ئەوەی حکوومەت بەرپرسیارە لە نەهێشتنی هەڵاواردن دژی ئافرەتان، لەلایەن هەر کەس، رێکخراو یان سەرمایەگوزارێکەوە کرابێت (بڕگەی نۆیەم)، هەروەها لەسەر حکوومەتەکانە پێش پێشێلکردنی مافەکان لەلایەن هەر ئاکتۆرێکەوە بێت بگرن و ئەو سەرپێچیکەرانە سزا بدرێن و زەرەر و زیانەکان قەرەبوو بکرێنەوە (بڕگەی نۆیەم).

له ساڵی ١٩٩٣دا كۆنفرانسی جیهانی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بارەی مافەكانی مرۆڤ لە ڤییەنا دەرفەتێكی بە چەكەرەكردنی تۆڕێكی جیهانی بۆ چالاكڤانانی دژی توندوتیژی - هەڵمەتی جیهانی بۆ مافەكانی ژن- بۆ وەدەستهێنانی گۆڕینی سیاسەتی حكوومەتەكان لە ئاستی نەتەوە یەكگرتووەكاندا دا. وەكو بەرئەنجامێكی كاری فراوانی ئافرەتانی چالاكی مافەكانی مرۆڤ، نەتەوە یەكگرتووەكان توندوتیژیی دژی ژنی بە پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ راگەیاند و سەرنجی خێرای بۆ ئەم مەبەستەی بە پێویست زانی و ڕایگەیاند كە مافەكانی ژن هەمان مافی مرۆڤن. هەر زوو پاش ئەم راگەیاندنە لە كانوونی یەكەمی ١٩٩٣ **راگەیاندنی نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژن** بە دانانی پەیماننامەیەك كە تێیدا توندوتیژیی دژی ئافرەتان بە پرسێكی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ بژمێردرێت، پەسندكرا.

كۆنفرانسی جیهانیی نەتەوە یەكگرتووەكان لە دەیەكانی رابردوودا دەستپێكێكی گرنگ بوو بۆ لەیەك نزیكخستنەوەی گرووپی ئافرەتان بە دوور لە سنووری نەتەوەیی، ناوچەیی و ناسنامەیی بە مەبەستی سازكردنی بەرنامەیەكی كاریی هاوبەش. تۆڕی جیهانی و ناوچەیی ئافرەتان ئەم هەوڵدانەیان ئاسان كردۆتەوە و دەرفەتیان رەخساندووە بۆ گرووپگەلێكی فراوانی جیاواز بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی یەكگرتوو كار بكەن.

یەكێك لە گرنگترین دەرهاویشتەكانی ئەم هاوكارییەی ئافرەتانی رێكخراوە ناحكوومەتی و نوێنەرایەتی حكوومەتەكان، راگەیاندنی پەكین و پلاتفۆرمی كاركردن بوو كە لە چوارەمین كۆنفرانسی جیهانی لە بارەی ژن لە ساڵی ١٩٩٥دا پەسندكرا. پلاتفۆرمی چالاكیی پەكین (و پێنجەمین خولی لە ساڵی ٢٠٠١) بەهۆی چەند رێككەوتنێك كە لەلایەن زنجیرەیەك كۆنفرانسی جیهانیی نەتەوە یەكگرتووەكان كە لە ١٩٩٠وە تا سەدەی ٢١ بەڕێوەچوو، بەهێزتر كرا.[١٠٠] ئەم پەیمانانە رێگە بە پتر ناسینەوەی ئەو هەنگاوانەی كە دەبێت لەلایەن حكوومەت و كۆمەڵگەی مەدەنییەوە وەكو یەك، بۆ پێشگرتن لە توندوتیژی، پاراستنی كچان و ئافرەتان و قەرەبووكردنەوەی قوربانییەكان هەڵبگیرێن، دەدەن. لە كاتێكدا كە پلاتفۆرمی



چالاكیی پەكین پەیماننامە نییە، بەڵام دەتوانرێت وەكو بەشێكی هاوڕێی پێشنیازی گشتیی ژمارە ١٩ كە لەوێدا زۆربەی وردەكارییەكانی ئەركەكانی دەوڵەتەكان بەو شێوەی لە یاسای پەیماننامەكاندا هاتوون، بخوێندرێتەوە.

یاسای رۆم بۆ دادگەی نێونەتەوەیی تاوان كە لە ساڵی ١٩٩٨ تەواوكرا، پێشكەوتنێكی گرنگ بۆ پیشاندانی تاوانەكانی توندوتیژیی دژی ژن بوو. چەندین شێوازی توندوتیژی وەكو لاقەكردن، لە یاسای رۆمدا خرایە خانەی تاوانی شەڕ و تاوان دژی مرۆڤایەتی. جگە لەمانە، ئەشكەنجە لەسەر بنەمای ژێندەر خرایە خانەی تاوان دژی مرۆڤایەتی. ئامادەكردنە سەرەتاییەكانی نەخشەی تاوانەكان پێناسەیەكی هەستیار لە بارەی ژێندەرەوە دەخاتەڕوو [١٠١] و لە یاسای رۆمدا بڕیارێكی پێشكەوتوو كە پەیوەستە بە بەشداربوون و پارێزگاریكردن لە قوربانی و شایەتەكان لە پرۆسەكانی دادگەیی كردندا، هەروەها قەرەبووكردنەوەیەكی خێرای قوربانییەكان، هەیە. هەروەها لەو یاسایەدا بڕیارێكی پێشكەوتوو لە بارەی بەشداربوونی ئافرەتان لە دادگەی نێونەتەوەیی تاوان وەكو دادوەر، داواكاری گشتی و ستافی دادگە، دانراوە.

بەشێكی نوێی كاری میكانیزمی نێونەتەوەیی كە لەوێدا دژایەتی دژی ژن دەكرێت پەیماننامەی نەتەوەیەكگرتووەكان لە دژی تاوانكاریی رێكخراوە ترانسناسیۆنالەكانە. ئەم پەیماننامەیە لە ساڵی ٢٠٠٠ پەسندكرا كە لەوێدا پرۆتۆكۆلێكی نوێ بۆ پێشگرتن، گوشار و سزادانی قاچاخی مرۆڤ، بەتایبەتی ژن و منداڵی پێ زیادكراوە. ئەم پەیماننامە و پرۆتۆكۆلە قاچاخی مرۆڤ بەم شێوەیە پێناسە دەكات و ئەم شتانە دەگرێتەوە "بەلای كەمەوە سوودوەرگرتن لە لەشفرۆشی كەسانی دیكە یان شێوازی دیكەی سوودوەرگرتنی سێكسی، كار و خزمەتگوزاری زۆرەملێ، كۆیلەییكردن یان كاری نزیكە كۆیلەیی، كارەكەری یان لابردنی ئەندامەكانی لەش".

پەیمان و رێككەوتنی ناوچەییش هەن كە لەلایەن حكوومەتەوە دانراون یان پەسندكراون. پەیماننامەی ناوچەیی وەكو پەیمانی **ئینتەر- ئەمەریكان بۆ پێشگرتن، سزادان و بنبڕكردنی توندوتیژیی دژی ژن**، كە بە پەیمانی **بلێم دو پارا** ناسراوە، ئەو

ولآتانەی بەیەکەوە گرێداوە کە ئەم پەیماننامەیان پەسندکردووە. [١٠٢] پەیمانی بلێم دو پارا دان بە مافی هەموو ژنێك دەنێت بۆ ئەوەی دوور بێت لە توندوتیژی چ لە ژیانی گشتی یان ژیانی تایبەتی. دەوڵەتە بەشدارەکان خۆیان بۆ تاوانبارکردنی هەموو شێوەیەکی توندوتیژی دژی ژن تەرخانکردووە و رازین ئەو سیاسەتە درێژە پێبدەن کە پێش لە توندوتیژی دەگرێت و بکەرانی سزا بدەن و خودی توندوتیژی بنبڕ بکەن. ژمارەیەك لەو کەیسانەی کە پەیوەنددارن بە پێشێلکردنی پەیمانی بلێم دو پارا لەلایەن کۆمیسیۆنی ئینتەر- ئەمەریکان لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە بڕیاری لەسەر دراوە.

لە تەمموزی ٢٠٠٣دا یەکێتی ئەفریقا (پێشتر ناسراو بە: رێکخراوی یەکبوونی ئەفریقا) پەیمانی ناوچەیی تایبەت بە خۆی کە پەیوەندە بە مافەکانی مرۆڤی ژن - پرۆتۆکۆلەکە بۆ بڕیاری ئەفریقایی لە بارەی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی خەڵك لەسەر مافەکانی ژن لە ئەفریقا، پەسندکرد. ئەم پرۆتۆکۆلە داوا لە هەموو لایەنەکانی ئەو دەوڵەتانە دەکات کە هەڵسەنگاندنێك بۆ گوشار خستنەسەر هەموو شێوازێکی توندوتیژیی دژی ژن، ناساندنی هۆکارەکانی، سزادانی بکەرەکان، هەروەها دڵنیاکردنەوەی بوونی چاکسازیی کاریگەر و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان، بکەن.

پەیماننامەی ناوچەیی، نیوە- ناوچەیی و دوولایەنە کە ئامانجیان پێشچوونە بۆ بنبڕکردنی توندوتیژیی دژی ژن، یان شێوازەکانی دیکەی تایبەت بە توندتیژی بەستراوە.

کاری نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی توندوتیژیی دژی ژن، تێگەیشتنی کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان لە بارەی هۆکار و بوونی توندوتیژیی دژی ژن لە سەرانسەری دونیادای قووڵترکردووە. جگە لەمە، کاری نوێنەرە تایبەتییەکانی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زۆری بریتی بووە لە ئاسانکردنی کار بۆ پیشاندانی لایەنە ژێندەرییەکانی ئەو بەشانەی کە لەژێر چاودێرییاندا بووە. ئەمانە لەسەر رەخنەگرتن لە توندوتیژیی بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ کە لە هەندێك ولآتی تایبەتدا روودەدات، هەروەها بۆ پشکنینی پرسە تایبەتییەکان وەکو مافی دەستگەیشتن بە بەرزترین ستانداردی خزمەتگوزاری تەندروستی، مافی خوێندن و مافی نیشتەجێبوون، *دەگونجێندرێن*.



*ژنێکی بەرازیلی پاش چەندین ساڵ توندوتیژیی نێوماڵیی مێردەکەی تووشی فەلەجی بووبوو. پاش ١٧ ساڵ هێشتا بڕیارِ لەسەر کەیسی دژی مێردەکەی نەدرابوو. ساڵی ٢٠٠١ کۆمیسیۆنی ئینتەر- ئەمەریکان لە بارەی مافەکانی مرۆڤ، سوودییان لە پەیمانی ئەمریکی لە بارەی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامەی بلێم دو پارا وەرگرت بۆ پێداچوونەوەی سروشتی ئەنجامدانی ئەرکی دەوڵەتی بەرازیلی و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ لێکۆڵینەوە، بەدواداچوونی یاسایی و سزادانی توندوتیژیی نێوماڵ. بۆ کۆمیسیۆنەکە دەرکەوت کە چاوپۆشی لەنێو کەیسەکانی توندوتیژیی نێوماڵیدا باوە، و لەم کەیسەدا بەتایبەتی، رێك بە پێچەوانەی ئەرکی دەوڵەت بوو کە بەگوێرەی بەندی ٧ی پەیماننامەی بلێم دوپارا، دەبا ئەنجامی دابایە.* [١٠٣]

### ئەرکەکانی دەوڵەت:

دەوڵەتەکان لەژێر یاسای نێونەتەوەیی مافی مرۆڤدا داوایان لێدەکرێت **"رێز لەو مافانە بگرن و پارێزگار و تەواوکەری مافەکانی مرۆڤ"** بن. یەکەم، لەسەر دەوڵەتانە رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن، بە واتایەکی دیکە، کارمەندانی حکوومەت و ئەوانەی کار لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتدا دەکەن نابێت کرداری توندوتیژیی دژی ژنان ئەنجامبدەن. دەبێت رێز لە مافەکانی مرۆڤی ژن بەوەی کە دوور بێت لە توندوتیژی ئەمەیش بە دڵنیاییکردنی ئەوەی هیچ ئاکتۆرێکی دەوڵەتی دەستی لە کرداری توندوتیژیی دژی ژندا نەبێت. کاتێك پاسەوانی بەندیخانەیەك ژنێکی بەندیی دەلاوێنێتەوە یان لێی دەدات، یان ئەفسەرێکی پۆلیس بە مەبەستی پشکنین، ژنێکی گومانلێکراو رووتدەکاتەوە، یان دوکتۆرێکی دامەزراو لە دەوڵەتێکدا "پشکنینی کچێنی" لەسەر ئافرەتانی گەنج دەکات، ئەوددەم دەوڵەت لە ئەرکی خۆی بۆ رێزگرتن لە مافی مرۆڤی ژندا سەرکەوتوو نەبووە.

هەروەها دەوڵەتەکان دەبێت مافەکانی ژن **بپارێزن**. ئەرکی پاراستن داوا لە دەوڵەتەکان و نوێنەرەکانیان دەکات کە هەڵسەنگاندنێکی کاریگەرییان بۆ پێشگرتن لە تاکەکەسەکان و گرووپەکان (وەکو سەرمایەگوزارە تایبەتەکان و کۆمپانییەکان) لە پێشێلکردنی سەربەخۆیی، ئازادیی چالاکی، یان مافەکانی دیکەی مرۆڤی تاکەکەسی، هەبێت. کاتێك ئەم ئەرکە پشتیوانی لێدەکرێت و بەهێز دەکرێت کە ئەنستیتۆی یاسایی دەوڵەتەکان، سیاسەت و ئەو ئەزموونانەی کە پارێزگاری لە قوربانییەکان بەرامبەر توندوتیژی دەکات، چارەسەری گونجاو پێشکەش بکەن و تاوانکاران بخەنە بەردەم دادگە. پێشنیازی گشتیی ژمارە ١٩ کە لەلایەن کۆمیتەی CEDAWوە بڵاوکرایەوە (کۆمیتەی پسپۆر کە چاودێری قەبووڵکردنی CEDAW لەلایەن وڵاتەکانەوە دەکات) جەختدەکاتەسەر "لایەنە دەوڵەتییەکان کە دەبێت هەڵسەنگاندنی گونجاو و کاریگەرییان بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو شێوازیکی توندوتیژی لەسەر بنەمای ژێندەر، چ لە بەشی گشتی یان تایبەتی ئەنجامدرابێت، هەبێت."

لە کۆتاییدا، ئەوان دەبێت لەرێگەی دڵنیاییدان بە بوونی ژێربنای گونجاو بۆ پشتیوانیکردن لەم یاسا، سیاسەت، ئەزموونانە و دابینکردنیان بە شێوەیەکی کاریگەر، **تەواوکەری** ئەم مافانە بن. جگە لەمە، چاوەڕوانی لە دەوڵەتەکان دەکرێت کە لەسەر بەرەوپێشچوونی ئەو یاسا و سیاسەتانەی بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن و توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان داڕێژراون، راپۆرت بنێرن و ئەو تایبەتمەندییانەی کە ناکاریگەر بوون چاك بکرێنەوە. ئەو وڵاتانەی کە لایەنێکی CEDAW یان پەیمانەکانی دیکەن، لەسەریانە هەر چوار ساڵ جارێك راپۆرتێك کە لەوێدا هەوڵەکانیان بۆ خەبات دژی هەڵاواردن و بنبڕکردنی توندوتیژی تۆمار کراوە، پێشکەش بکەن. چوارچێوەی پەیمانەکانی دیکەی مافی مرۆڤ، وەکو کۆمیتەی مافی مرۆڤ، کە چاودێری ئەنجامدانی ICCPR لەلایەن حکوومەتەکانەوە دەکەن، ژێندەریان لەگەڵ کارە سەرەکییەکانی خۆیاندا، بەتایبەت بە سەرنجدان بەو راپۆرتانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە لە بارەی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتاکانیان دەینێرن، تێکەڵکردووە.(١٠٤)



بە واتایەکی دیکە، ئەرکی دەوڵەتەکانە کە هەنگاوی کاریگەر بۆ کۆتاییپێهێنانی توندوتیژیی دژی ژن هەڵگرن. بەگوێرەی ئەم ئەرکانە، دەوڵەتەکان پێویستە نەتەنیا دڵنیایی بدەن بەوەی کە نوێنەرەکانیان کرداری توندوتیژیی دژی ژن ئەنجامنەدەن، بەڵکو هەنگاوی کاریگەریش بۆ پێشگرتن و سزادانی ئەم جۆرە کردارانە کە لەلایەن ئاکتۆرە تایبەتییەکانەوە دەکرێن، هەڵگرن. ئەگەر دەوڵەتێك لە چالاکانە کارکردن بۆ پێشگرتن لە توندوتیژی ـ ئیدی لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت ـ سەرنەکەوێت یان لە لێکۆڵینەوە لە بارەی و سزادانی توندوتیژیی پاش روودانی سەرکەوتوو نەبێت، دەوڵەتەکە بۆخۆی دەکرێتە بەرپرسی ئەو پێشێلکارییە. ئەمە بە ستانداردی کاری پێویست Due Diligence (تەماشای خوارەوە بکە) دەناسرێت. ئەمە نابێتە هۆی بەخشینی تاوانبارە راستەقینەکان و هاوڕێکانیان لە بەدواداچوونی یاسایی و سزا بەهۆی ئەو کردارە سەرەتاییە توندوتیژیانەی کە کردوویانە.

دەوڵەتەکان دەبێت هەنگاوی فراوان بۆ گەیشتن بە نەهێشتنی **هەموو** شێوازێکی توندوتیژیی دژی ژن هەڵگرن و ئەو هەڵسەنگاندنانە پەسند بکەن کە بۆ بنبڕکردنی هەموو شێوازێکی توندوتیژی و هەڵاواردن داڕێژراون. دەوڵەتەکان ئەرکی بەردەوامیان بۆ چاودێریکردنی هەلومەرج و بەپێی ئەوە وەڵامدەرەوە بن و کاتێك هیچ پێشکەوتنێك روونادات، دەبێت گۆڕانکاری- لە تاکتیك و پشتیوانییەکانیاندا- بکەن.

پەسنکردنی ئەم دواییەی **پرۆتۆکۆلێکی هەڵبژاردە** بۆ CEDAW ئەو ئامرازە بەهێزتر دەکات کە دەتوانرێت بەرامبەر بە توندوتیژیی دژی ئافرەتان راوەستێت. پرۆتۆکۆلی هەڵبژاردە رێگەیەکی راستەوخۆ بۆ داواکردنی قەرەبوو لە ئاستی نێونەتەوەیی بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانیان لەژێر یاسای CEDAW پێشکەشی ئافرەتان دەکات. ئەمە میکانیزمێکە کە رێگە بە قوربانی پێشێلکارییەکان یان ئەوانەی کە لەژێر فەرمانی ئەواندا کار دەکەن (رێکخراوە ناحکوومەتییەکانیش دەگرێتەوە) دەدا بۆ ئەوەی راستەوخۆ سکاڵا لەلای کۆمیتەی CEDAW لە کاتێکدا کە هەموو هەوڵە نێوخۆییەکان بۆ چارەسەرکردن تەواو بووبێت یان ناکاریگەر بووبێت

(مەگەر پرۆسەیەکی لەم شێوە بەبێ هۆ کاریگەرانە چارەسەر کرابێت) بکەن. ئەم پرۆتۆکۆلە هەروەها ڕێگە بە کۆمیتەی CEDAW دەدات کە لێکۆڵینەوە لەسەر توندوتیژیە سیستەماتیکەکان بکات. تا سێپتەمبەری ٢٠٠٣، ٧٥ دەوڵەت پرۆتۆکۆلی هەڵبژاردەیان ئیمزاکرد و ٥٥ دەوڵەتیش دەنگیان پێدا و دەستیان بە پرۆتۆکۆلەکە گەیشت.

زۆر لەو وڵاتانەی دەنگیان داوەتە CEDAW مەرجی خۆیان خستۆتە نێوی. مەرج ئەو نارەزامەندییە یاساییەیە کە بەرامبەر بەند یان ماددەیەك لەنێو پەیماننامەیەکدا دەکرێت کە ئەگەر ئەو بەندە یان ماددەیە نەبێت دەوڵەتەکە خۆی بە بڕیارەکانی پەیماننامەکە دەبەستێتەوە. ئەو مەرجانەی کە "ناگونجێن لەگەڵ بابەت و ئامانجی پەیمانەکە" قەدەغە دەکرێن.[١٠٥] کاریگەریی مەرجەکان بۆ لاوازکردنی کاری پشتگیری دەوڵەتەکان لە مافەکانی نێو پەیماننامەکەدایە، بەتایبەت بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی دەوڵەتەکان بۆ گۆڕینی یاسا نێوخۆییەکانیان. زۆر مەرج لەسەر CEDAW لە بارەی کاری گشتی بۆ بە ئەنجامگەیاندنی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ یاسای بنەماڵە و نەتەوەییدا هەیە. کاریگەریی ئەم مەرجانە لەسەر ژنە قوربانییەکانی توندوتیژی هەیە، وەکو بە زەحمەت دەستکەوتنی مافی جودابوونەوە، مافی بەخێوکردنی منداڵەکانی، پاسپۆرت، کە ئەمانە هەموو کاردەکەنە سەر تواناییان لە بەجێهێشتنی بارودۆخە پڕ توندوتیژییەکان.

لە لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر کاریگەری CEDAW کراوە، دەرکەوتووە کە ئامرازێکی گرنگ بۆ داکۆکیکردن لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومەتییەکان و گفتوگۆکردنیان لەگەڵ کارمەندانی دەوڵەتدا بووە. گۆڕان پێویستی بە گۆڕان لە ئاستی جیاوازدا هەیە و زۆربەی جار ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی سەخت دەبێتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکە نموونەی ڕوونی بۆ پێشەوەچوونی دۆزیوەتەوە. بۆ نموونە لە ژاپۆن پەسندکردنی CEDAW لە ساڵی ١٩٨٥دا کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو: لەسەر بەیاساییکردنی یاسای دەرفەتی کاری یەکسان و دوابەدوای ئەوە یاسایەك چاککرا کە



هەڵاواردن دژی ژنی لە کاتی دامەزراندن و دانی پلەدا قەدەغە دەکرد، هەروەها چاکسازی لە یاسای ستانداردی کرێکاری بە سوودی ئافرەتان کرا. لە تورکیا هەوڵی درێژخایەنی بزووتنەوەکانی ئافرەتان لە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بۆ وەدەستهێنانی دانانی یاسایەك دژی توندوتیژیی نێو بنەماڵەیی (یاسای پاراستنی خێزان) بەهۆی گفتوگۆی نێوان کۆمیتەی CEDAW و کارمەندانی تورکەوە دروستبوو. لە ئۆکرانیا پرەنسیپەکانی CEDAW لەنێو یاسایەکی نوێ کە لە ساڵی ١٩٩٨ پەسندکرا، دانرا. لە نێپال زۆر لە ڕێکخراوە سەرەکییە ناحکومەتییەکان کەڵکیان لە CEDAW لە کار و هەڵمەتەکانیان وەرگرتووە و دوو بەڵگەنامەی یاساییان بۆ پیشاندانی توندوتیژیی دژی ژن، پێشکەش بە پەرلەمان کرد.[١٠٦]

**کاری پێویست:**

چەمکی کاری پێویست [١٠٧] پلەی هەوڵدانی دەوڵەتێك کە بەڵێنیی ئەنجامدانی مافەکان لە پراکتیکدا دەدات، شیدەکاتەوە. ئەمە بەتایبەت نرخی لە هەڵسەنگاندنی بەرپرسیارێتی حکوومەتەکان بۆ هەڵسوکەوتی تاکەکەس و گرووپە تایبەتییەکاندا هەیە. دەوڵەتەکان دەبێت دڵنیابن کە ئەو مافانەی لەژێر مافەکانی مرۆڤدا ناسراون لە پراکتیکدا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە کاریان پێبکرێ. جگە لەمە ئەگەر مافێك پێشێل بکرێت، دەوڵەت دەبێت قەرەبووی ئەو مافە پێشێلکراوە بەقەدەر توانا بە شێوەیەکی گونجاو بداتەوە. ستانداردی کاری پێویست بەردەوام بۆ ئەوەی ئەو هەڵسەنگاندنە بکات کە ئایا ئەوان ئەم ئەرکانەیان ئەنجامدەدەن یان نە، بوونی هەیە.

بەگوێرەی ڕاگەیاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان، دەوڵەتەکان دەبێت "کاری پێویست بە بەردەوامی بکەن بۆ پارێزگاریکردن، لێکۆڵینەوە و سزای کرداری توندوتیژیی دژی ئافرەتان بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی بدەن، چ ئەم کارە لەلایەن دەوڵەتەوە یان کەسانی ئاساییەوە ئەنجامدرابێت." ستانداردی کاری پێویست لەنێو پەیمانی بلێم دو پارا (بەندی ٧ ب)دا جێکراوەتەوە.

دەرگای هەڵسەنگاندن بۆ دەوڵەتەکان بە مەبەستی دڵنیاییکردن لە ڕێزگرتنی مافی ژن و پیاو ئاوەڵا کراوە، بەشێکی تایبەتی کارکردن ئەوەیە کە لەنێو کۆنسێپتی هەر وڵاتێکدا بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەت، ئابووری، ئایین، کولتووری دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بەو دەوڵەتە دیاریبکرێت. هەرچەند دابە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان نابێت بۆ قەبوولکردنی ناکاری یان هەڵسەنگاندنی ناتەواو لەسەر بەشێکی دەوڵەتەکە بەکاربێن. لەڕاستیدا بەندی پێنجی CEDAW بەتایبەت داوا لە لایەنەکانی دەوڵەتەکان دەکات بۆ "گۆڕان و چاکسازی نموونەی کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی رەفتاری ژن و پیاو، بە ئامانجی گەیشتن بە نەهێشتنی پێشداوەری و هەموو ئەو کردارانەی کە لەسەر باوەڕی باڵادەستی و ژێردەستی یەك لە رەگەزەکان یان دابەشکردنی رۆڵە نەریتییەکان بەسەر ژن و پیاودا دامەزراوە."

## پارێزگاری یەکسان لە بەردەم یاسادا:

یاسای مافەکانی مرۆڤ لەسەر پرەنسیپی یەکسانی و نەبوونی هەڵاواردن دامەزراوە. بەرپرسیارێتی دەوڵەت بۆ پیشاندانی توندوتیژی بە مافەکانی ژن لە ئەرکەوە بۆ دڵنیاییدان کە هەموو دەچنە پێش سیستەمی داد و بە یەکسانی لەبەردەم یاسادا پارێزگارییان لێدەکرێت دەگۆڕێت. لەژێر یاسای نێونەتەوەییدا دەوڵەتەکان دەبێت پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو کەسێك بەبێ هەڵاواردن مسۆگەر بکەن.

ئەو دەوڵەتانەی کە هەڵاواردن لە کاری پارێزگاری مافەکانی مرۆڤ لەسەر ژمارەیەك بنەمای تایبەت دەکەن، مافەکانی مرۆڤ پێشێلدەکەن. بۆ نموونە بەندی دووی ICCPR لایەنە دەوڵەتییەکان ناچاردەکات کە مافەکانی **ڕێککەوتنەکە** بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە سەر بە حەوزەی یاسایی ئەوانن بەبێ هەڵاواردن لەسەر بنەمای جیاواز، کە رەگەز دەگرێتەوە، مسۆگەر بکەن. بەندی سێی ICCPR جەختدەکات و تایبەتمەندی دەدات بەوەی کە دەوڵەتە لایەندارەکان دەبێت زامنی



مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو بن کە سوود لە هەموو مافەکانی نێو ڕێککەوتننامەکە وەرگرن، وەکو مافی ژیان (بەندی ٦) و مافی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەشکەنجە یان مامەڵەی بێبەزەییانە، نامرۆڤانە و بێڕێزی (بەندی ٧).

لە ICCPR هەروەها هاتووە کە "هەموو کەسێك بەرامبەر دادگە و تریبۆنەکان دەبێت یەکسان بن" (بەندی ١٤). ئافرەتانی قوربانیی توندوتیژی هەروەك هەموو قوربانییەکی دیکەی توندوتیژی مافی خۆیانە کە لەڕووی یاساوە پارێزگارییان لێبکرێت و کارەکانیان ئەنجامبدرێن، ئەگەر دەوڵەتەکان لە مسۆگەرکردنی ئەمەدا سەرنەکەوتن، مامەڵەیەکی بەم شێوەیە کە هەڵاواردن لەسەر بنەمای ژێندەر بێت، مافی پارێزگاریی یەکسان لەبەردەم یاسای پێشێلکردووە.

## نەهێشتنی ئەشکەنجە:

مافی نەهێشتنی ئەشکەنجە و مامەڵەی بێبەزەییانە و نامرۆڤانە شتێکی بنچینەییە بۆ ڕێگەدان بە تاکەکەس کە ژیانێکی سەربەخۆ و ئاسایش بباتەسەر. ICCPR داوا لە دەوڵەتەکان دەکات کە نەبوونی ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپ مسۆگەر بکەن. هەرچەند ئەشکەنجەی ئافرەتان لە زۆربەی ناوچەکانی دەوڵەتەکانی دونیادا ئاساییە. لە پێناسەی ئەشکەنجە کە لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئەشکەنجە و هەموو مامەڵەیەکی بێبەزەییانە، نامرۆڤانە و سووکایەتی پێکردن یان سزادان (پەیماننامەی دژی ئەشکەنجە) هاتووە کە یەکێك لە مەبەستە خێراکانی قەدەغەکردنی ئەشکەنجە، هەڵاواردنە.

بەندی یەکی پەیماننامەی دژی ئەشکەنجە، دەوڵەت بۆ کرداری ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپ بەدەستی تاکەکەسی ئاسایی (وەکو مێرد یان ئەندامانی دیکەی بنەماڵە) کە بە "رەزامەندی و قەبوولکردنی دەزگایەکی گشتی" کرابێت، بە بەرپرسیار دەزانێت. شارەزایانی مافەکانی مرۆڤ ئاماژەیان کردووە کە هەموو لایەنەکانی ئەشکەنجە دەکرێت لە توندوتیژیی نێو بنەماڵەدا ببینرێن. ئەمە دەکرێت

ببێتە هۆی ئازاری گەورەی فیزیکی و دەروونی، هەروەها دەکرێت بە مەبەست و بۆ ئامانجی تایبەت ئەم کردارە ئەنجامبدرێت. ئەگەر دەوڵەتێك لە ئاست توندوتیژیی نێو بنەماڵە چاوپۆشێت و بێدەنگی لێبکات بەوەی کە کاری پێویست و پارێزگاریی یەکسان لە پێشگرتن و سزادانی توندوتیژییدا نەکات، ئەو کات دەوڵەت بەرپرسیاری ڕوودانی ئەو توندوتیژییەیە.

**پێناسەیەکی ئەشکەنجە:**

لە بەندی یەکەمی پەیماننامەی دژی ئەشکەنجەدا [ساڵی ١٩٨٤ مۆر کراوە] هاتووە "بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیماننامەیە، تێرمی 'ئەشکەنجە' واتە هەر کردەوەیەك کە دەبێتە هۆی ئازار و ڕەنجێکی زۆر، فیزیکی بێت یان دەروونی، بە مەبەستەوە لەسەر کەسێك ئەنجامبدرێت بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری یان دانپێنان لەلایەن ئەو یان کەسی سێیەمەوە، سزادانی بۆ کردەوەیەك کە ئەو یان کەسی سێیەم کردوویەتی یان گومانی کردنی لێدەکرێت، یان تۆقاندن و زۆرلێکردنی ئەو یان کەسی سێیەم، یان لەبەر هەر هۆیەك کە لەسەر بنچینەی هەر شێوەیەکی هەڵاواردن بێت، کاتێك ئازار یان ڕەنجێکی ئاوها لەلایەن یان بە هاندان و ڕەزامەندیی دەزگایەکی گشتی یان کەسێکی دیکە کە دەسەڵاتی فەرمی هەیە، تەحەمول بکرێت. ئەمانە ئەو ئازار و ڕەنجە کە تەنیا بەهۆی زاتیی یان بە ڕێکەوت و بەهۆی مۆڵەتی یاساییەوە ڕوویدابێت ناگرێتەوە."

## دەستدرێژی وەکو ئەشکەنجە:

دادگەکانی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی و تریبونی تاوان جەختیان کردە سەر ئەوەی کە ئازار و ڕەنجێك کە بەهۆی لاقەکردنەوە ڕوودەدات، لەگەڵ پێناسەی ئەشکەنجەدا یەکدەگرێتەوە. لە زۆربەی هەلومەرجەکانی یاسای نێونەتەوەییدا، لاقەکردن بە شێوازێکی ئەشکەنجە کە دەبێتە هۆی تەحەمولکردنی ئازارێکی زۆری فیزیکی و



دەروونی لەلایەن قوربانییەوە، زانراوە. هەرچەند هەموو کەیسێکی لاقەکردن لەژێر یاسای نێونەتەوەییدا ناکەوێتە بەر بەرپرسیارێتی دەوڵەتەوە. دەوڵەتەکان لە بەردەم یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤدا بەرامبەر لاقەکردنێك کە بەهۆی نوێنەرانی ئەوانەوە کرابێت، بەرپرسیارن. ئەوان هەروەها بەرپرسیارن بەرامبەر لاقەکردنێك کە لەلایەن تاکەکەسی ئاساییەوە کرابێت ئەگەر دەوڵەتەکە لە ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ پێشگرتن، سزادان یان قەرەبووکردنەوەدا سەرکەوتوو نەبووبێت.

هەڵمەتی جیهانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دژی ئەشکەنجە، تەرکیز لەسەر ژن و مامەڵەی خراپ لەسەر بنەمای ناسنامەی سێکسوالیتە گرتەخۆ. لەشی تێکشکاو، هزری پەرش و بڵاو: ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپی ئافرەتان [١٠٨] ئەو کەیسە دادەنێت، کە کردارەکانی توندوتیژیی دژی ژن لەنێو ماڵ و کۆمەڵدا ئەشکەنجە پێکدێنن کە دەبێتە هۆی دەوڵەت بەرپرسیار بێت بەرامبەری بەهۆی سروشت و کاکڵی ئەشکەنجەکە، هەروەها سەرنەکەوتنی دەوڵەت لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی بۆ دابینکردنی پاراستنێکی کاریگەر. تاوانی ڕق، دەسکیسی بێدەنگی: ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپ لەسەر بنچینەی ناسنامەی سێکسوالیتە [١٠٩] پیشانیدەدات کە ڕەواجی سێکسیزم و هۆمۆفۆبیا لەنێو کۆمەڵگەدا، هاوجنسبازە ژنەکان دەخاتە مەترسی گەورەی توندوتیژیی لەنێو ماڵ و کۆمەڵدا.

## یاسای نێونەتەوەیی و ناکۆکی چەکداری:

یاسای مرۆڤدۆستانەی نێونەتەوەیی (پەیماننامەی جنێڤ و پرۆتۆکۆلە پێزیادکراوەکانیش دەگرێتەوە) داوای هاوکاری لە هەموو لایەنەکانی ناکۆکییە چەکدارییە نێونەتەوەیی و نێوخۆییەکان دەکات. چوارچێوەی کاریی مافی نێونەتەوەیی مرۆڤ هەروەها داوا لە دەوڵەتەکان و هێزەکانی ئاسایش دەکات کە لە کاتی ناکۆکی چەکداریدا بەرهەڵستی خۆیان پیشانبدەن. لە هەموو حاڵەتەکاندا دەوڵەتەکان بەرامبەر ئەو کارانەی کە لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە و بە هاوکاری یان مۆڵەتی

ئەوان ئەنجامدەدرێن (وەکو هێزی نیوەسەربازی، ملیشیا، دەستەی مەرگ و سیخوڕی) بەرپرسیارن. ئەندامانی گرووپە چەکدارییەکان چ ئەوانەی یەکگرتوون لەگەڵ دەوڵەتدا یان نا، لەسەریانە بە لایەنی کەمەوە ڕێز لە مەرجەکانی بەندی سێی پەیماننامەی جنێڤ بگرن و پێش لە هەموو شێوازێکی توندوتیژیی بەرامبەر خەڵکی مەدەنی وەکو کوشتن و ئەشکەنجە و مامەڵەی نامرۆڤانە و لاقەکردن و شێوازەکانی دیکەی توندوتیژیی سێکسی بگرن. ئەوان هەروەها لەبەردەم یاسای تاوانی نێونەتەوەیی بۆ کردنی تاوانی شەڕ و تاوان دژی بە مرۆڤایەتی بەرپرسیارن (ئەمە پێشێلکردنی بەندی گشتی **٣** یش دەگرێتەوە).

کردەوەی توندوتیژیی دژی ژن لە کاتی ناکۆکیدا بەگوێرەی هەردوو یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆڤدۆستانەدا قەدەغە کراوە. بەپێی یاسا نێونەتەوەییە نەریتییەکان (ئەو یاسایانەی کە هەموو دەوڵەتەکان پێوەی بەستراون، چ بەپێی یاسای ڕێککەوتننامەکان بەستراو بن یان نا) زۆر کردەوەی توندوتیژی کە لەلایەن لایەنەکانی ناکۆکییەکانەوە ئەنجامدەدرێن بە ئەشکەنجە دەژمێردرێن. جگە لەمە، ئەم کردارانەی خوارەوە بە تاوانی شەڕ دەژمێردرێن: لاقەکردن، کۆیلەیی سێکسی، لەشفرۆشی بە زۆرەملێ، بەزۆر زگپڕکردن، بەزۆر نەزۆککردن و شێوازەکانی دیکەی توندوتیژیی سێکسی کە لە سامناکی و بێبەزەییانەبووندا لەگەڵ ئەمانەی سەرەوەدا بتوانرێت بەراورد بکرێن. ئەگەر ئەم کردەوانە بە هۆشیارییەوە وەکو بەشێك لە هێرشێکی بەربڵاوی سیستەماتیك بۆسەر خەڵکی مەدەنی ئەنجامدرابن، ئەوا ئەوان تاوانیان دژی مرۆڤایەتی ئەنجامداوە.

ئەشکەنجەی ئافرەتان لە ناکۆکییەکی چەکداری نێونەتەوەیی بەگوێرەی پەیمانی ژنێڤ بە تاوانی شەڕ دادەنرێت و لە هەندێك هەلومەرجدا دەکرێت بەشەکانی جینۆساید پێکبهێنێت. کردەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان کە دەگاتە ڕادەی ئەشکەنجە، تاوانی شەڕ، تاوان دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید هەموو دەخرێنە بەردەم دادگەی جیهانی. ئەمە بەو مانایەیە کە لە بەردەم یاسای نێونەتەوەییدا



دەسەڵاتدارانی هەر وڵاتێك کە لەوێدا گومان لە کەسانێك بۆ کردنی ئەو تاوانە، هەبێت - دەبێت- لێکۆڵینەوەی بە بێگوێدانە ئەوەی کە ئەو تاوانە لە چ شوێنیك ئەنجامدرابێت لەسەر بکرێت. ئەگەر بە شێوەیەکی شایستە و ڕەوا بەڵگە هەبێت، ئەو دەوڵەتە دەبێت گومانلێکراو بداتە دادگە، یان بیداتە دەوڵەتێك کە دەتوانێت و دەیەوێت دادگەیی گومانلێکراو بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەبێ دەرکردنی سزای مەرگ بکات، یان گومانلێکراو بدرێتە دادگەیەکی نێونەتەوەیی تاوان.

لە ساڵی **١٩٩٠**دا هاواری گشتی پاش ئەوەی کە ئافرەتان لە ناکۆکییەکانی یوگسلاڤیای پێشوو و ڕواندا دەگیران و بەردەوام لاقەدەکران بەرزبووەوە. لەو کاتەوە پێکهاتنی تریبونی نێونەتەوەیی تاوان بۆ یوگسلاڤیای پێشوو و ڕواندا، هەروەها دادگەی نێونەتەوەیی تاوان دەسەڵاتی سیستەمی یاساییان بۆ پیشاندانی توندوتیژیی دژی ژن لە سەردەمی شەڕدا فراوانتر کردەوە. ئەم دادگەیانە بەڵگەی پێویست بۆ خستنەژێر پرسیاری ئەوانەی کە زۆرترین بەرپرسیاریەتییان (ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان) لە کردنی تاوانی وەکو جینۆساید، تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ هەیە، دابیندەکات.

یەکەم دادگەیی کە لەلایەن دادگەی نێونەتەوەیی لەسەر لاقەکردن و توندوتیژیی سێکسی وەکو جینۆساید، لە **٢**ی ئۆکتۆبەری ساڵی **١٩٩٨** لە تریبوونی نێونەتەوەیی تاوان لە ڕواندا بۆ تاوانبارکردنی سەرۆکی پێشووی شارەوانی ژان- پۆل ئاکایەسو بەڕێوەچوو و لەوێدا ناوبراو تاوانبار کرا بە ئەنجامدانی جینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و بە سێ جار بەندیخانەی هەمیشەیی حوکمدرا. ئافرەتانی ڕواندایی شایەتییان دا کە ناوبراو بۆ ڕاگرتنی لاقەکردنی بەکۆمەڵ بەردەوام و کوشتن کە لەلایەن میلشیاکانەوە دەکرا هیچ کارێکی نەکرد، لەگەڵ ئەوەی ئەو دەسەڵاتەیشی هەبووە. جگە لەمە بە ٨٠ ساڵی دیکەیش بە تاوانی لاقەکردن و هاندانی کردنی توندوتیژیی سێکسی حوکمدرا. ئەم حوکمە باسکراوە، لاقەکردن و توندوتیژیی سێکسی بە جینۆساید دەزانێت:

"ئەگەر بە مەبەستێکی تایبەتی وێرانکردن لە بەشێك یان هەموو بەشەکانی، گرووپی دەستنیشانکراو ئەنجامدرابێت". هەروەها پێناسەیەکی لاقەکردن بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی پێشکەشدەکات کە بریتییە لە داگیرکارییەکی فیزیکی کە سروشتێکی سێکسی هەیە، کە دژ بە کەسێك لە هەلومەرجێکی زۆرەملێدا کرابێت.

تریبونی نێونەتەوەیی تاوان لەمەڕ یوگسلاڤیای پێشوو، دوو کەسیان، یەك موسڵمان و ئەوی دیکە کرۆواتی بۆسنی، بە تاوانی شەڕ کە لاقەکردنی ئافرەتانی سەربیی بۆسنیایی دەگرتەوە تاوانبارکران. شایەتەکانی دادگەی Čelebići[110] روونیان کردەوە کە چۆن دانیشتوانی کامپ ئەشکەنجە دەدران، تا مردن لەلایەن پاسەوانەکانەوە و بە بەکارهێنانی داری یاری بەیسباڵ دارکاری دەکران، ئاگریان تێبەردەدان و لاقەدەکران. لە دادگەی فۆکا،[111] سێ فەرماندەی سەربی بۆسنیایی بە ناچارکردنی ژنە موسڵمانەکان کە ببنە کۆیلەی سێکسی تاوانبار کران. لە بڕیاری فێبروەری ٢٠٠١دا دادگەکە رایگەیاند کە بەگوێرەی یاسای عورفی نێونەتەوەییدا لاقەکردن تاوانە، هەروەها یەکەمین حوکمی سەبارەت بە لاقەکردن و کۆیلەییکردن وەکو تاوانێك دژی مرۆڤایەتی خستەبەردەست.

یاسای رۆمی دادگەی نێونەتەوەیی تاوان، لاقەکردن و شێوازەکانی دیکەی توندوتیژیی سێکسی وەکو تاوانێك دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی شەڕ دەناسێتەوە، بەشێکی زۆری ئەم بڕیارە دەگەڕێتەوە بۆ کاری فراوانی چالاکڤانانی مافەکانی ژن و مافی مرۆڤ. لە هەلومەرجێکدا لاقەکردن تاوانە کە ژن سێکس بۆ خۆلادان لە ئازار، یان بەدەستهێنانی پێویستییەکانی ژیان، یان هەر هۆیەکی دیکە کە کاریگەرانە بێبەشی بکات لە توانایی نارەزامەندی دەربڕین، بکات. قاچاخکردنی ئافرەتانیش چونکە وەکو کۆیلەکردن دەژمێردرێت، تاوانێکە دژی مرۆڤایەتی. هەروەها بۆ یەکەمین جار ئەشکەنجە لەسەر بنەمای ژێندەریش دەچێتە خانەی تاوان دژی مرۆڤایەتی. جێکردنەوەی ئەم تاوانانە وەکو یاسایەك لەنێو یاسای رۆمدا، هەنگاوێکی گرنگە بۆ



خەبات دژی بەخشینی بکەرانی توندوتیژیی قورس دژی ئافرەتان لە کاتی ناکۆکیدا.

**مافی پارێزگاریی نێونەتەوەیی:**

ئافرەتان بە زۆر هۆی جیاوازەوە لەوانە شەڕ، کارەساتی سروشتی، توندوتیژی و هەژاری لە ماڵەکانی خۆیان هەڵدێن و هەندێکیان لە وڵاتی دیکە داوای پەنابەری دەکەن، هەندێکیش هەوڵدەدەن ئاسایش لە ناوچەیەکی دیکەی وڵاتەکەی خۆیاندا بدۆزنەوە. هەندێك لەوان دەچنە کەمپی ئاوارەکان یان ئەو کەمپانەی کە بۆ ئاوارە نێوخۆییەکان لەنێو وڵاتەکانی خۆیاندا تەرخانکراون. ئەگەر بگەنە وڵاتێکی دیکە، هۆی هەڵهاتنەکەیان دیاریدەکات کە ئایا بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی بە ئاوارە و پەنابەر دەناسرێن یان نا و پاشانیش دەچنە ژێر پارێزگاریی نێونەتەوەیی یان نا.

پێناسەی کارپێکراوی نێونەتەوەیی بۆ ئاوارەکان لە پەیماننامەی ١٩٥١ کە پەیوەستە بە یاسای پەنابەرێتی و پرۆتۆکۆلەکانی لە ساڵی ١٩٦٧ (پەیماننامەی پەنابەری)دا بڵاوکرایەوە. مافەکانی نێو پەیماننامەی پەنابەری نەتەنیا لەلایەن ئاوارەکانەوە لە سیستەمێکی تاکەکەسی پەناگەدا داوادەکرێت، بەڵکو ئەو ئاوارانەیش کە لە هەلومەرجی هێرشی بەکۆمەڵ، لەوێدا کە دەیان یان سەدان هەزار ئاوارە سنوورەکان لە ماوەی چەند رۆژێکدا دەبڕن، دەگرێتەوە.

ژمارەیەکی رووڵەزیادبووی وڵاتان لەم ساڵانەی دواییدا دانی مافی پەنابەریی سیاسی بە ژنیان مسۆگەر کردووە، لەسەر ئەو بناغەیەی کە هەندێك کرداری توندوتیژیی دژی ژن، هەندێك حاڵەتی توندوتیژیی نێو بنەماڵەیی، دەکرێت هێندە جیددی بن کە ببنە هۆی ئازارێکی وا کە بەگوێرەی پەیماننامەی پەنابەران (لەلایەن پرۆتۆکۆلی ١٩٦٧ چاکسازی کرا) بە ئەشکەنجە دابنرێت. ژێندەر دەکرێت کاریگەری هەبێت یان تەنانەت شێواز و هۆی ئازاردانێك کە کراوە دیاری بکات. گەرەنتی مافی پەنابەرێتی دراوە بە ئافرەتان بەهۆی ئەو مەترسییانەی کە رووبەڕووی دەبنەوە، وەکو خەتەنەکردن، توندوتیژیی

بنەماڵەیی و شێوازە جیددییەکانی ئازار کە لەسەر بنەمای ژێندەر دەکرێن. لە هەندێك کەیسدا رووبەڕووی ئەشکەنجە بوونەتەوە چونکە هاوجنسباز (لێزبیان) بوون، رازی نەبوون بەزۆر بدرێن بە شوو، قوربانی قاچاخی مرۆڤن، یان بەرهەڵستکار و بەرەنگاری چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە و کەلتورییان کردووە. بەلایکەمەوە دوانزە وڵات لە سەرانسەری دونیادا هەن کە یاساگەلێکیان لەنێو یاسای پەنابەریی خۆیاندا هەیە کە دەرفەت دەداتە ئەو کەسانەی بەهۆی شێوازی سێکسوالیتە یان ناسنامەی ژێندەرییانەوە رووبەڕووی ئەشکەنجە دەبن، وەکو پەنابەر بناسرێن.

کلیلی زۆربەی سکاڵاکان لەم پرسەدا ئەوەیە کە ئایا وڵاتی ئەسڵی دەبێت لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی ئازاردا، پارێزگاری پێشکەش بە داواکەری پەنابەریی بکات. بە واتایەکی دیکە مافی پەنابەرێتی تەنیا کاتێك مسۆگەر دەکرێت کە دەوڵەتی ئەسڵیی داواخوازی پەنابەریی نەتوانێت یان نەیەوێت ئەو لەو توندوتیژییەی کە لەسەر بنەمای ژێندەر لە حاڵەتی گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆیدا تووشی دەبێت، بیپارێزێت.[١١٢] هەرچەندە هەندێك ژنی ئاوارە مافی پەنابەرییان نادرێتێ، چونکە ئەو توندوتیژییەی کە توشی بوون لەلایەن گرووپی چەکدارەوە نەك دەوڵەتەکەی ئەنجامدراوە.

لە یاسای نێونەتەوەیی پەنابەریدا قەدەغەیە کەسێك بۆ ئەو هەرێمەی کە ژیانی یان ئازادیی بەهۆی کەسایەتی و بیروباوەڕییەوە لەژێر هەڕەشەدا بێت بگەڕێندرێتەوە. ئەمە پرەنسیپی نەگەڕاندنەوەی زۆرەکی (non-refoulement)یە. لە یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤدا قەدەغەکردنێکی گشتیتر دژ بە گەڕاندنەوەی زۆرەکی (refoulement) کە لەوێدا تاکەکەس لە مەترسی جیددیی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، بۆ نموونە ئەشکەنجە بێت، هەیە. ئەم قەدەغەکردنە گشتییە لەسەر refoulement وەکو نۆرمێکی یاسای عورفی نێونەتەوەییە و ئەمەیش بەو



مانایە کە هەموو وڵاتەکان دەبێت پێبەندی بن.

داواکارییە پەیوەندارەکان بە ژێندەرەوە بۆ وەدەستهێنانی پارێزگاری دەکرێت پەیوەست بکرێت بەو ٥ خاڵە سەرەکییەیانەی پارێزگاریکردن بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی کە لە مرۆڤی ئاوارە کراوە (رەگەز، ئایین، نەتەوە، بۆچوونی سیاسی و ئەندامبوون لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت). ئەنجامێکی بەهێز کە لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەریی (EXCOM)ی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) پەسندکراوە هاتووە کە: ئافرەتانی داواخوازی پەنابەرێتی کە رووبەڕووی مامەڵەی خراپی نامرۆڤانە بەهۆی سەرپێچیکردن لە دابە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیەك دەبنەوە، دەکرێ وەکو "ئەندامبوون لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت" رووبەڕوووی ئەشکەنجە بن.

**پەنابەری سیاسی:**

**پێناسەیەك**

پەیمانی ١٩٥١ پەیوەست بە یاسای پەنابەری، پەنابەر بە هەر کەسێك کە" ترسێکی لەسەر بنچینەیەکی راستەقینە هەبێت کە بەهۆی رەگەز، ئایین، نەتەوە، ئەندامبوونی لە گرووپێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی یان بۆچوونی سیاسی، بکەوێتەبەر ئازار و لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیەتی و ناتوانێت یان ترسێکی وای هەیە کە نەیەوێت خۆی بخاتەژێر پاراستنی ئەو وڵاتە، یان ئەو کەسەیە کە هیچ نەتەوەیەکی نییە و لە دەرەوەی وڵاتەکە بووە کە پێشتر لێی ژیاوە و نیشتەجێ بووە، بەهۆی بەم شێوەیە کە ناتوانێت، یان ترسێکی وای هەیە، یان نایەوێت بگەڕێتەوە ئەوێ" پێناسە دەکات.

ژنێك كە داخوازیی پەنابەریی سیاسییە پێویست ناكات ئاماژە بە ئەندامبوون "لە گرووپێكی تایبەتی كۆمەڵ" وەكو تەنیا بنچینەیەك بۆ داوای پارێزگاری لە ئازار لەسەر بنەمای ژێندەر، بكات. UNHCR ڕێنماییەكی سەبارەت بە ئازاردان لەسەر بنەمای ژێندەر داناوە كە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

"لە زۆربەی داخوازییەكانی پەیوەندیدار بە ژێندەرەوە، ترس لە ئازار لەوانەیە یەك یان پتر لە بنچینەكانی پەیمانەكە بێت. بۆ نموونە داخوازیكەری پەنابەریی سیاسی بەهۆی سەرپێچیكردن لە نۆرمە كۆمەڵایەتی و ئایینییەكان لەوانەیە لەسەر چەمكی ئایین، بۆچوونی سیاسی یان ئەندامبوون لە گرووپێكی تایبەتی كۆمەڵایەتی شیبكرێتەوە. لەسەر داواكار نییە روونكردنەوە لەسەر ئەوەی بۆچی ترسی راستەقینەی هەیە لەوەی رووبەڕووی ئەشكەنجە ببێت، بدات."

هەندێك جار بۆ ژنان زەحمەتە كە داوای پەنابەرێتی بەهۆی شەرم یان ترس لەوەی راپۆرت بدەن لەسەر ئەو توندوتیژییانەی دووچاری بوون بكەن. كاتێك ئیدارەی كۆچبەران پسپۆڕی راهاتوو لەسەر گرفتی لەم شێوەیەیان نەبێت، گرفتەكە دوولایەنە دەبێتەوە چونكە لەوانەیە لە كاتی پرسكردن بە ژنان بۆ گێڕانەوەی ئەزموونی توندوتیژی، هەراسانكردن یان هەڵاواردن لە زەحمەتبوونی ئەم كارە بۆ ئەو ژنانە تێنەگەن.

گرووپی ژنان، یاسای نێونەتەوەیی نەتەنیا بۆ زۆركردن لە حكوومەتەكان بۆ قەبووڵكردنی بەرپرسیاریەتی خۆیان، بەڵكو بۆ وەدەستهێنانی پارێزگاری بۆ یەكە یەكەی ژنان كەڵك وەردەگرن. ژنێكی خەڵكی عەرەبستانی سعودی بەهۆی هەراسانكردن و هەڕەشەلێكردن چونكە حیجابی نەكردبوو، داوای پەنابەریی سیاسی لە كەنەدا كرد و داخوازییەكەی قەبووڵ نەكرا چونكە كەنەدا ئازار



لەسەر بنەمای ژێندەر بە بنچینەیەك بۆ وەرگرتنی پەنابەری سیاسی نازانێت. بەهۆی گوشاری گشتییەوە حكوومەتی كەنەدی رایگەیاند كە رێگە بە مانەوەی دەدات، بەڵام تەنیا بەهۆی مرۆڤایەتییەوە. لە ساڵی ١٩٩٣دا لە میانەی هاواری خەڵكی لەسەر كەیسی ئەو و چەندان كەیسی وێكچوو، كەنەدا ڕێنماییەكی نوێی بۆ قەبووڵكردنی ئەوەی ئازار لەسەر بنەمای ژێندەر، بنچینەیەكە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری سیاسی، پەسندكرد.

ئەزموونی توندوتیژی كە دەبێتە هۆی پەنابەربوونی ژنان و كچان، كاریگەرییەكی قورس و درێژخایەنی هەیە. لە هەندێك حاڵەتدا گەڕاندنەوەیان بۆ وڵاتەكانی خۆیان دەبێتە هۆی "دووبارە تووشبوونەوەی باری دەروونی خراپ" و ناوزڕاندنیان، بەتایبەت ئەگەر لە لاقەكردن یان هەر توندوتیژییەكی سێكسی رزگاریان بووبێت. یاسای نێونەتەوەیی سەبارەت بە پەنابەران دان دەنێت بەوەی كە تەنانەت ئەگەر هەلومەرجی وڵاتێك بگۆڕێت لەوانەیە هۆكارگەلێكی سەپێنراو لە ئازاردانی پێشووەوە بێتە كایەوە كە بەو مانایە بێت كە پەنابەرەكە نابێت بگەڕێندرێتەوە وڵاتی ئەسڵیی خۆی. ژنان و كچان لەوانەیە وەكو شایەتێك هەستیان بریندار بكرێت تەنانەت ئەگەر تاوانبارانیش بخرێنە بەردەم دادگە.

# بەشی حەوتەم

## چاوپۆشی، رووبەڕوونەبوونەوە و سزا نەدانی توندوتیژی

ئابی ١٩٩٥ کاتێك پۆلیسی ئیسپانی بەدوای کرێکارانی سێکس کە بەبێ مۆڵەت و بەڵگەنامە هاتبوونە ئیپسانیاوە دەگەڕان، ریتا مارگریت رۆگیەرۆی بەرازیلییان گرت. هیچ رایەڵکە و بەندیوارییەك لە نێوان ئەو و کرێکاری سێکس ساغ نەبۆوە. ئەو ئافرەتە لە سلولێکی بنکەی سەرەکیی پۆلیسی بیلباو دەستدرێژی کرایەسەر. وێڕای بوونی بەڵگەی پزیشکیش، لێ داواکاری گشتی نەیویست ئەم کەیسە دژ بە ئەفسەرەکە بەکار بهێنێت. کاتێك ریتا داواکارێکی تایبەتی هێنا، دادگەکە دیتی کە لێیدراوە و لاقەکراوە، بەڵام ناچار بوو هەر سێ ئەفسەرەکە کە تا ئەو کات هەر کاریان دەکرد بە بێتاوان بناسێت، چونکە ئامادە نەبوون شایەتی دژی یەکتر بدەن. لە ساڵی ١٩٩٩ دادگەی باڵا بێتاوانناسینی لاقەکردنی وەکو کارێکی "ترسناك" ناوبرد چونکە لای دادگەی خواروو "وەکو رۆژی رووناك" ئاشکرا بوو کە ریتا رۆگیەرۆ لەلایەن ئەفسەرێکی پۆلیس لە بەندیخانەی پۆلیسدا لاقەکراوە، شایەتە پۆلیسەکان پێکەوە رێککەوتن درۆ بکەن و نکۆڵی لە ناساندنی تاوانبارەکە بکەن. وەکو دەرئەنجامێك دادگەی باڵا هیچ رێگەیەکی دیکەی شك نەبرد جگە لەوەی بە بێتاوانیان بناسێنیت. پاشتر ئەو ژنە رووبەڕووی هەڵمەتێکی دڕندانەی رۆژنامەوانی لەلایەن ئەفسەرە پۆلیسەکان و یەکێتییەکەیان بووەوە. پاش چەندین خولی دادگەییکردن لە ٢٧ی ئایاری ١٩٩٩دا دوو ئەفسەر، کە ریتا گوتبووی شایەتی لاقەکردنەکە بوونە، لەسەر کارەکانیان لابران. ٢٢ی مارسی ٢٠٠٢ بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە کار بەو دوو ئەفسەرە درایەوە.

ئەم کەیسە تەنیا یەك لەو هەموو کەیسانەیە کە ژنان سکاڵایان لە پۆلیسی ئیسپانیا کردووە بەهۆی لاقەکردن و ئازاردانی سێکسی لە بەندیخانەکاندا. ژنانی بێگانەی بێ بەڵگەنامە بەتایبەت دەبنە نیشانەی توندوتیژی لەلایەن پۆلیسی ئیسپانییەوە. وەکو هەر وڵاتێکی دیکە، بەدواداچوونی یاسایی پۆلیس ناکارایە، رێگە لە پارێزەر و دوکتۆرەکان دەگرێت کە بە نهێنی چاوپێکەوتن ئەنجامبدەن و پرۆسەی قەزایی زۆربەی جار نارەوایانە درێژەی پێدەدرێت. وەك بەرئەنجامێك، تاوانباران



ناخرێنە بەردەم دادگە، راستییەکان دەرناکەون و قەرەبووی قوربانییانیش ناکرێتەوە.

کاتێك دێتەسەر توندوتیژیی لەنێو ماڵدا، مەسەلەی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە ئاڵۆزتر دەبێت، چونکە زۆربەی جار بنەماڵە، کۆمەڵ و دەوڵەت هەموویان دەگرێتەوە. ژنێك کە داوای لێپرسینەوە لە توندوتیژی دەکات، پێیدەگوترێت ئەوە شتێکی تایبەتە و ئەنجامەکەی دەبێتە ئەوەی توندوتیژیی نێوماڵ بەبێ سزادان و بەلێبوردنەوە لە هەموو وڵاتەکانی دونیادا ئەنجامدەدرێت. بەگوێرەی ئەزموونی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، ئەم چاوپۆشینە فاکتەرێکی گرنگی درێژەدان بە توندوتیژییە.

کاتێك ژنان داوای بەدواداچوونی یاسایی دەکەن، زۆربەی جار رووبەڕووی سیستەمێکی دوژمنکارانە و توندوتیژانەی دادگەی تاوان دەبنەوە. ئەم سیستەمانە لە قووڵاییەوە هەڵگری هەڵوێستێکن کە ژنان لەکەدار دەکات، نکۆڵی لە مافی یەکسانییان دەکرێت و وەکو کەلوپەلێك دەبینرێن کە خراونەتە نێو زۆربەی یاساکانی خێزان و سزا، لێکۆڵینەوەی یاسایی تاوان، هەروەها رێساکانی بەڵگە و سیستەمەکانی یاسای عورفی. بۆ نموونە لە زۆربەی یاساکانی سزادا، لاقەکردن بە "تاوانی شەرەف" دەناسرێتەوە کە رەوشت و رەفتاری سێکسی ژن دەخرێتەبەر لێکۆڵینەوەی دادگە و بەو شێوەیە مامەڵەی ئەو وەکو گومانلێکراوێك دەکرێت. ئەگەر ژنەکە لەڕووی سێکسییەوە چالاك بوو بێت، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی حوکمی "رەزامەندیی خۆی لەگەڵ کاری لاقەکردن"ی بەسەردا بدرێت.

چاوپۆشی لە ناوچە پڕ ناکۆکییەکاندا شتێکی باوە. بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆری ژنان و کچان لەلایەن هێزەکانی رووسیاوە لە کاتی ناکۆکییەکانی چیچینیا لاقەکراون و کوژراون. لێکۆڵینەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن سەربازە رووسەکانەوە دەگمەنە. ئەو لێکۆڵینەوانەیش کە دەکرێن زۆربەی جار ناتەواو و کەم و زۆر بەدەگمەن دەبنە هۆی لێپرسینەوەی یاسایی. بەگوێرەی راپۆرتەکان دەسەڵاتدارانی رووسیا لەبری لێپرسینەوە لە تاوانباران، ئەو یەکانەی کە بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تاوانبارکراون، بۆ خزمەتی زیاتر دەگوێزنەوە بۆ چیچینیا.

زۆربەی چیچانییەکان لە دەسەڵاتدارانی رووسیا بەگومانن و باوەڕێکی کەمیان هەیە کە سکاڵایان ببێتە هۆی لێپرسینەوەی یاسایی. بەتایبەت قوربانییە ژنەکانی لاقەکردن پێیان خۆش نییە بێنە پێشەوە و سکاڵاکانیان لە بارەی لاقەکردن کە هێندە بە عەیبە و شورەیی لەلایەن کۆمەڵگەکەیانەوە دەوردراوە، تۆمار بکەن. دەسەڵاتدارانی رووسیا کەشێکی وایان دروستکردووە کە بەخشینی ئەو تاوانانە لە چیچینیا ببێتە هۆی هاندانی پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ.

**چاوپۆشین:**

**پێناسەیەك**

چاوپۆشین، بە واتای نەبوونی سزادان، سەرنەکەوتن لە هێنانی تاوانبار لەبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بۆ بەردەم دادگە. زۆربەی کردەوەی توندوتیژیی دژی ژنان هەرگیز لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە، تاوانباران بە دڵنیاییەوە و بەو زانیارییەی کە هەرگیز رووبەڕووی بەندیخانە نابنەوە، لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ ناکرێت و سزانادرێن، تاوانەکانی خۆیان ئەنجامداوە. چاوپۆشین لە توندوتیژیی دژی ژن لەگەڵ ئەو کەشەی کە کردەوەیەکی وا بە ئاسایی دەبینرێت و قەبووڵ دەکریت لەجیاتی ئەوەی بە تاوان بناسرێت هاوبەشە، کاتێك ژنان داوای داد ناکەن چونکە دەزانن دەستیان ناکەوێت، کاتێك ژانی ئەسڵی و رەنجەکەی بەهۆی نکۆڵیکردن لەوەی کە پێشێلکارییەکی جیددی دژی مافەکانی مرۆڤ کراوە، هەر درێژە دەکێشێت و خراپتر دەبێت. لە کاتێکدا کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بەرپرسیارییەتی دەوڵەت، تاك و کۆمەڵەکان رۆڵێکی سەرەکییان لە نەهێشتنی چاوپۆشی لەو تاوانانە هەیە.

### سنوورەکانی چارەسەریی دادگەی تاوان:

تیشکۆی سەرەکیی پارێزەرانی دژی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان، لابردن و چاکسازیی یاسا هەڵاواردنخوازەکان بووە. پێنجەمین خولی راگەیاندن و پلاتفۆرمی



چالاکیی پەکین و بانگەوازی بۆ لابردنی یاسا هەڵاواردنخوازەکان تا ساڵی ٢٠٠٥ کرد. لە وەڵامی زیادبوونی چالاکییەکان زۆر لە وڵاتان خۆیان بۆ پرۆسەی چاکسازی لەنێو یاساکانیان و راهێنانی ئەندامانی سیستەمی دادگەی تاوان رێکخست.

**تایبەتە بەو وێنەیەی خوارەوە** ((دایکی خەدا کونگایڤا، رۆزا، لەبەردەم چادرەکەیدا. لە مارسی ٢٠٠٠ خەدا کونگایڤا لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لە چیچانیا گیرا و برا بۆ کۆلۆنیالی سوپای رووسیا یوری بودانۆڤ بۆ لێپرسینەوە. پاشتر بە مردوویی دۆزرایەوە. ئەشکەنجەدرابوو و خنکێندرابوو و بەڵگە هەیە کە لاقەکردنی دەسەلمێنێت. لە جولایی ٢٠٠٢دا یوری بودانۆڤ بە تاوانی رفاندن، کوشتن و زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆیدا بە تاوانکار ناسرا و بە ١٠ ساڵ بەندیخانە حوکمدرا. حوکمەکە جێبەجێ نەکرا. چاوپۆشی لە زۆربەی تاوانەکانی توندوتیژی لە چیچانیا دەکرێت.))



گرووپ و تۆڕی کاریی ژنان خاوەنی ئەزموونن و بەرەنگارییەکانی ئەم ستراتیژییە بە باشی دەناسنەوە. تەنانەت ئەگەر یاساش توندوتیژیی دژی ژنان قەدەغە بکات، ئەنستیتۆ کۆمەڵایەتییەکان و نۆرمە کولتوری و ساختارە سیاسییەکان لە هەموو وڵاتێك پشتیوانی لە توندوتیژی دەکەن و وا دەکەن کە یاسا ببێتە بەڵگەنامەیەکی بێ کاریگەر. چاوپۆشی وەکو نۆرمێك لەبەر ناتەواوبوونی ئەنجامدان، چاودێریکردن، بەڵگەکۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی یاسا، دەمێنێتەوە. بۆیە کردەوەی توندوتیژی بێ رووبەڕووبوونەوە و سزادان بەردەوام دەبێت.

هەڵوێستە هەڵاواردنخوازەکان لەنێو سیستەمی دادگەی تاواندا دەکرێ چاکسازیی یاساکان کەمڕەنگ بکات و ببێتە هۆی دەرهاویشتێکی فریودەرانە، کە لەوێدا لەبری پەرەدان بە مافی ژنان، مافەکانیان سنووردار دەکرێت- کەمتر پشتیوانی پۆلیسیان لێدەکرێت و پتر تاوانبار دەکرێن. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ناوەندی قەیرانەکانی لاقەکردن بەڵگەنامەیەکیان لەسەر چۆنیەتی سزادانی قوربانییەکان بەهۆی نەبوونی ئامادەکاری و بەرپێوەچوونی یاسا کۆکردۆتەوە.[١١٣] ژنانی بەتایبەت سەر بە کۆمەڵە پەراوێزخراوەکان بێ مەیلن لە گوشار خستنەسەر دەزگا کارییەکان یان شایەتیدان، چونکە کەم یان هەر باوەڕیان بە بەرئەنجامەکانی هاوکاری لەگەڵ پۆلیس و سیستەمی دادگەی تاوان نییە.

هەندێك پێشکەوتن لە خستنەبەر لێپرسینەوەی تاوانکارانی توندوتیژیی دژی ژنان لە ئاستی نێونەتەوەییدا روویداوە. هەرچەند ئەمە زۆربەی جار رەنگدانەوەی لەسەر لێپرسینەوەی یاسایی نەتەوەییدا نییە. بۆ نموونە لەگەڵ بڕیاری هەژێنەری تریبوونی نێونەتەوەیی تاوان لە بارەی یوگسلاڤیای پێشوو بۆ لێپرسینەوەی یاسایی توندوتیژیی سێکسی، هیچ لێپرسینەوەیەکی یاسایی نێوخۆیی کە تەنیا و تایبەت بە لاقەکردن لە بۆسنیاهەرزەگۆڤینا بێت، ئەنجامنەدراوە.

بۆسنیا هەرزەگۆڤینا میراتێکی گەورەی لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ کە هێشتا چارەسەر نەکراوە بۆ ماوەتەوە، لەوانە ژمارەیەکی زۆری توندوتیژیی دژی ژنان و کچان لە کاتی شەڕەکەدا، کە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە تاوانکاران خرانە بەردەم دادگە، دەگرێتەوە. لێپرسینەوە یاساییەکانی تاوانەکانی شەڕ لە بەردەم دادگەی بۆسنیادا بەگشتی کەموکورتی



هەبوو و زۆربەیان پاش ئەوەی شایەتەکان بەهۆی تۆقاندن و هەراسانکردن لە شایەتیدان پاشگەزبوونەوە، هەڵوەشایەوە. هەر کە تریبوونی نێونەتەوەیی تاوان لەبارەی یوگسلاڤیای پێشوو لە کۆتایی خۆی نزیك بووەوە، پێشنیازێك بە مەکتەبی تایبەتی دادگەی دەوڵەت لە بۆسنیا هەرزەگۆڤینا کرا کە لێپرسینەوەی یاسایی دژی تاوانەکانی شەڕ بکات. ئەم میکانیزمە نوێیە لە چەند لایەنەوە لاوازە، بەتایبەت نەبوونی سەرنجراکێشان بۆ پارێزگاریکردن و پێویستیی بە راوێژکاری و دابینکردنی پشتیوانی بۆ ژنە شایەتەکان.

لە کاتی ناکۆکییەکانی سیرالیۆن، لاقەکردن و توندوتیژیی سێکسی سیستەماتیك و فراوان بوو. لە ساڵی **١٩٩٩** و لە کاتی رێککەوتنی ئاشتی لۆمێ، لێبووردن بۆ هەموو شەڕکەرەکان مسۆگەرکرا، کە پاشتر خرایە نێو یاسا و بەم شێوەیە هەموو لێپرسینەوە یاساییەکان کە بۆ ئەو تاوانانەی لە کاتی ناکۆکییەکاندا روویاندابوو و ئەنجامدەدران، لابران. ئەنجوومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی پاشتر رێککەوت لەسەر دانانی دادگەیەکی تایبەت بە سیرالیۆن بۆ هێنانەبەردەم دادگەی ئەو کەسانەی کە گەورەترین بەرپرسیاریەتییان لە کردنی ئەو تاوانانەی دژی مرۆڤایەتی، تاوانەکانی شەڕ و پێشێلکردنە جیددییەکانی یاسا نێونەتەوە مرۆڤایەتییەکاندا هەیە. هەرچەند دادگەی تایبەت بەتەنیا دەتوانێت بەو تاوانانەدا بچێتەوە کە پاش **٣٠**ی تشرینی دووەمی **١٩٩٦** کراون. لێبوردنە گشتییەکە تایبەت بە لێپرسینەوەکانی دادگەی تایبەت نییە، بەڵام وەکو رێگرێکی جیددی بۆ هەزاران ژن و کچ کە تووشی کەسەری توندوتیژییەکی ترسناك لە کاتی شەڕدا بوون، بۆ وەرگرتنی مافەکانیان دەمێنێتەوە.

دانانی چاوپۆشی لە تاوان لەنێو یاسادا شتێکی نائاساییە، هەرچەند لە هەندێك وڵات کە ناکۆکییان تێدا بووە، دەبینرێت. ئاساییترینیان ئەو یاسایانەن کە ناتەواون، هێزەکانی پۆلیس کە ئەم کارەیان پێ سەرنجراکێش نییە، دووری، گرانی و زەمینەی دژەژنیی سیستەمی دادپەروەری تاوان و ئەو کۆمەڵانەی کە هێشتا توندوتیژیی دژی ژن، بەهەند ناگرن.

**یاسا ناتەواوەکان:**

ناتەواوی لە چوارچێوەی یاسایی هەندێك وڵات کە هاوبەشن لە چاوپۆشین لە تاواندا هەیە. بۆ نموونە لەگەڵ ئەوەی بەندەکانی یاسا دانراوەکان جەخت دەکەنە سەر مافی ژن بۆ ژیانێکی بێ توندوتیژی، بەڵام پێناسەکە هەموو شێوازەکانی توندوتیژیی ناگرێتەخۆ. لەنێو ئەو شێوازانەدا کە هەمیشە بۆ یاسا دانراوەکان کە توندوتیژی قەدەغە دەکات نادیارە، هەراسانکردنی سێکسی لە شوێنی کار و فێرگەدایە. یاساکان هەندێك شێوازی توندوتیژی دەگرنەوە و هەندێکی دیکە ناگرنەوە. بۆ نموونە لەوانەیە یاسا سزای توندوتیژیی نێوماڵ بدات، بەڵام لاقەکردنی نێوان ژن و مێرد لەم پێناسەیەدا لەقەڵەم خرا بێت. ئەمە ئەو وڵاتانەی کە یاسای پێشکەوتووی لەسەر توندوتیژیی نێوماڵ، وەکو تایلەند، هەیە، دەبینرێت.[(١١٤)]

یاساکانی دژی توندوتیژیی دژی ژن- بەتایبەت توندوتیژیی نێوماڵ- هەمیشە جەخت دەکەنە سەر دووبارە یەکگرتنەوەی خێزان یان دابیننەکردنی پارێزگاری بە قوربانییەکان. لە هەندێك وڵاتدا یاسا بۆ سووککردنی سزای تاوانەکە، ڕێگە بە "تاوانی شەرەف" یان بەرگری لە شەرەف دەدات و بەم شێوەیە مافی خێزان بۆ بەرگری لە شەرەف دەخاتە پێش مافەکانی تاکەکەس لەنێو خێزاندا.

لە هەندێك سیستەمی یاساییدا دەوڵەت بەرگری لە شەرەف، سۆز و تووڕەکردن کە تەنیا لەلایەن مێردەوە کرابێت لە کەیسی پەیوەندیدار بە خیانەتەوە قەبووڵ دەکات. لە هەندێك سیستەمی دیکەدا دەکرێ باوك، مام و هتد بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی و مامەڵەی خراپ سزا نەدرێن. لەو کەیسانەدا کە دەوڵەت چاوپۆشی بە شێوەیەکی فەرمی لەنێو یاساکەیدا دارشتووە یان سزای بۆ کوشتنی ئەندامانی بنەماڵە لەسەر مەسەلەی شەرەف کەم کردۆتەوە، دەوڵەت لە بەرپرسیارێتیی خۆی بۆ ڕێز لە یاسا سەرنەکەوتوو بووە. لە کەیسی دیکەدا سەرنەکەوتن لە لێکۆڵینەوە یان لێپرسینەوەی پێشێلکارییەکان و پارێزگاری مافەکان و کردنی کاری پێویست لە بەرپرسیارییەتی دەوڵەتە. نەبوونی کاری پێویست لە بەشێك لە دەوڵەتدا ئەنجامێکی



ترسناکی لێدەکەوێتەوە. لە لوبنان بەگوێرەی یاسای سزا پیاوێك کە ژنەکەی یان هەرکەسێکی مێینەی خێزانەکەی دەکوژێت ڕووبەڕووی سزایەکی کەم دەبێتەوە، ئەگەر پیشانی بدات کە ئەو تاوانەی لە وەڵامی ئەوەی کە قوربانییەکە پەیوەندییەکی سێکسی کە لەلایەن کۆمەڵگەوە قەبووڵناکرێت هەبووە، کردووە. لە ساڵی ٢٠٠١دا بە ڕێژەی ٢ لە ٣ی تاوانی لەم شێوە هەموو مانگێك کراوە بەڵام تا شوباتی ٢٠٠٣ هیچ کەسێك لە کەیسی بە یاسایی ناسراوی "تاوانی شەرەف" حوکم نەدراوە.[(١١٥)]

هەندێك وڵات وەکو بەرازیل، لوبنان و تورکیا، یاساگەلێکیان هەیە کە سزای تاوانی لاقەکردن بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە ئەگەر تاوانکار قوربانییەکە بخوازێت. لە ڕاپۆرتێکدا لە بارەی چاکسازی یاسای سزای ئەرژەنتین کە "تاوان دژی سەربەخۆیی سێکسی"ی لە شوێنی یاسای ناونراو بە "تاوان دژی پاکدامێنی" دانرا و لەم بارەوە ناوەندی مافی زاوزێکردن سەرنجیداوە کە:

"بە لەبەرچاو گرتنی لاقەکردن، دەرفەتی لاقەکەر بەوەی لایەنێکی ڕێککەوتن بێت جێگەی بڕیاری پێشوو کە ڕێگەی بە لاقەکەر دەدا کە بە خواستنی قوربانی لە سزا ڕزگاری بێت، دەگرێتەوە. لەگەڵ گۆڕانکارییەکەدا ڕێگە بە لاقەکەر دەدات کە خۆی لە بەرپرسیارێتی تاوانەکەی ڕزگار بکات بەوەی کە تاوانێکی کراو جێگەی لەگەڵ ناکۆکییەك کە دەکرێت لەسەری دانوستان بکرێت، گۆڕیوەتەوە."[(١١٦)]

هەندێك جار وردەکارییەکانی بەندەکانی یاسا ئامانجە سەرەکییەکانی دادەپۆشێت. بۆ نموونە لە میسر یاسایەك هەیە کە خەتەنەکردنی مێ قەدەغە دەکات، بەڵام یاساکە تەنیا ئاماژە بەو نەشتەرگەرییە کە لە دەرەوەی نەخۆشخانە و لەلایەن خەڵکێك کە پزیشك نین، دەکرێت، دەکات.[(١١٧)]

***یاسا هەڵاواردنخوازەکان:***

لە هەندێك وڵاتدا هەرچەند کە یاسا نووسراوەکان راستەوخۆ چاو لە ئاست توندوتیژی ناپۆشن، بەڵام هەر هەڵاواردنخوازە- یاسا مامەڵەی ژن بە شێوەیەکی جودا لە پیاو دەکات، مافی کەمتر دەداتە ژن. نموونەگەلێك بۆ ئەم یاسا دانراو و شکانە لە روانگەی ژێندەرەوە، ژنانێکن کە بۆیان نییە بەڵگە فەرمییەکان بەبێ رەزامەندیی مێردەکانیان ئیمزا بکەن، یان پێویستیان بە رەزامەندیی مێرد هەیە بۆ هەبوونی پاسپۆرت، بەکارهێنانی دەرمانی بەرگری لە زگپڕی یان داوای مولك بکەن. لە زۆربەی وڵاتەکاندا مافی کەمتر لە پیاو بۆ میرات وەرگرتن و خاوەندارێتی مولکیان هەیە. لە زۆربەی وڵاتان، گابۆن یەك لەوانە، هاوسەر دەبێت رەزامەندیی مێردی هەبێت بۆ ئەوەی سەفەری دەرەوەی وڵات بکات.[١١٨] لە وڵاتانی دیکەدا ژن بۆی نییە هاووڵاتییەتی خۆی بداتە منداڵەکانی. زۆربەی ژنان دەکەونە نێو تەڵەی هەلومەرجی پڕ توندوتیژی، یان رووبەڕووی هەڵبژاردنێکی ترسناك دەبنەوە کە لەوێدا بمێننەوە یان وڵات بەبێ منداڵەکانیان بەجێبهێڵن.

*کچێکی ١٦ ساڵەی ئەفغانی کە لە تەمەنی ٩ ساڵیدا دابوویان بە شوو، لە مێردە ٨٥ ساڵەکەی "هەڵاتبوو"، بە تاوانی زینا بە دوو ساڵ و نیو حوکمدرا. ئەو پیاوەی کە یارمەتی ئەو هەڵاتنەی دابوو بەگوێرەی راپۆرتەکان پاش ٥ مانگ ئازادکرا.*

هەندێك جار رەگەزپەرستیی ژێندەری لە ئەنجامدانی یاسادا هەیە. بەگوێرەی یاسای ئەفغانی، خیانەت گوناهێکی تاوانکارانەیە و دەبێتە هۆی سزای تا ١٠ ساڵ بەندیخانە، یان ئەگەر هەندێك پێویستی داواکراو ئاشکرا بوون، سزاکە دەبێتە بەردباران (رەجم)کردن. (بەگوێرەی زانیارییەکانی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، ئەم سزایە لە سەردەمی دەوڵەتی ئینتیقالیدا جێبەجێ نەکراوە.) لە زۆربەی بەشەکانی ئەفغانستاندا گوشارێکی بەهێز بۆ لێپرسینەوەی یاسایی ژنان و کچان هەیە لەسەر



کردەوەی وەکو خیانەت، **"لە ماڵ هەڵاتن"** و سێکس پێش شووکردن، کە بە تاوانی زینا ناسراوە. ژمارەیەکی کەمی پیاو لەسەر تاوانی زینا لێپرسینەوەیان لێکراوە، بەڵام سیستەمی دادی تاوان جەختێکی نەگونجاو دەخاتەسەر لێپرسینەوەی یاسایی دژی ژنان بۆ کردنی تاوانی زینا.

**تایبەتە بەو وێنەیەی خوارەوە** ((ژنانی قەرقیزستان لە پرسەی مێرد و براکانیان کە بەدەستی پۆلیس لە گوندی کەربەن لە مارسی ٢٠٠٢دا کوژران. ساڵی ٢٠٠٣ سەفەری بیشکەکی پێتەختیان کرد و مانیان لە خواردن گرت بۆ داواکردنی هێنانەبەردەم دادگای بەرپرسانی ئەو تاوانە.))



**سەرنەکەوتن لە ئەنجامدانی *یاسا*:**

تەنانەت کاتێك چوارچێوەی یاسا توندوتیژیی دژی ژن قەدەغە دەکات لەوانەیە هەر لە قۆناغی ئەنجامدانیدا سەرنەکەوێت. بۆ نموونە لەوانەیە دانانی یاسایەکی گونجاو و بەتوانا پەسند نەکرێت یان بەندە ناتەواوەکانی بخەنەگەڕ. دەکرێ سیستەمی داد بە ناڕوونی دانەنرابێت و ئەگەریش وا بێت، دادوەرەکان بەکارهێنانی یاسا مەدەنییەکانیان، ئەو یاسایانەی کە دەبنە هۆی مامەڵەیەکی نەرم و نیانتر بەرامبەر کرداری توندوتیژی، پێ لە یاساکانی تاوان باشتر بێت.

*"بە ئەفسەرێکی ژن کە لەپشت مێزی پرسگەکەدا کاری دەکرد، گوتم کە دەمەوێ یارمەتیم بدات چۆن راپۆرتی لاقەکردنێك بکەم. ئەو لەپێش هەموو ئەو خەڵکەی کە لە بنکەی پۆلیسەکە وەستابوون دەستیکرد بە پرسیارکردن لەو بارەوە. کاتێك گوتم کە لە دەرەوەی وڵات روویداوە، یەکسەر گوتی، "ئەو کات خواردبووتەوە؟" شایەتی ژنێکی گەنج کە ساڵی ۲۰۰۱ سەردانی بنکەیەکی پۆلیسی لە لەندەن، بریتانیا کردبوو.*

لە هەندێك بەشدا ئاشکرایە کە هیچ هەوڵێك بۆ جێبەجێکردنی یاسا نادرێت. بۆ نموونە زوو بەشوودانی کچان لە زۆر وڵاتدا شتێکی ئاساییە لەگەڵ ئەوەی یاسا قەدەغەی کردووە و ئەرکی نێونەتەوەیی کە لەنێو پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی مافی منداڵ دانراوە، هاتووە کە سنووری تەمەنی منداڵیی تا ۱۸ ساڵییە. بەندی ۲٤ (۳) دەوڵەتەکان ناچار دەکات کە هەموو هەڵسەنگاندنێکی گونجاوی کاریگەر بۆ نەهێشتنی ئەو کردەوە نەریتییانەی کە زیان بە تەندروستیی منداڵ دەگەیەنن، بەکاربهێنن. هەروەها کۆمیتەی مافەکانی منداڵ دیاریدەکات کە منداڵ و بەزۆر بەشوودان هەردووك نەریتێکی زیانبەخشن و شێوازێکی هەڵاواردنی ژێندەرییە. گرووپی کاریی UN-NGO راپۆرتی لەسەر گەنجترین بووك کە مێردەکانیان چەند بەرامبەر تەمەنی ئەوانیان هەیە، هەیە. لەڕاستیدا لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە "تا



بووکەکە گەنجتر بێت، جیاوازی تەمەنی لەگەڵ مێردەکەی زۆرترە، لە سەدا ۳٥ی هاوژیانی کچە تازە لاوەکانی تەمەن نێوان ۱٥-۱۹ ساڵانی وڵاتە کەمتر پێشکەوتووەکانی (بێجگە لە چین) ۱۰ ساڵ یان پتر لە ژنەکانیان بەتەمەنترن."[۱۱۹]

لە کۆسۆڤۆ یاسای قەدەغەکردنی قاچاخی ژنان لە شوباتی ۲۰۰۱دا راگەیەندرا، بەڵام تا تەمموزی ۲۰۰۳، ئەو بڕیارانەی کە پارێزگاری لە قوربانییان دەکات و قەرەبوویان دەکاتەوە هێشتا لەلایەن نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆسۆڤۆ کە حوکمی پارێزگای سەربیای پێشووی دەکرد، کاری پێنەکرا.[۱۲۰] ژنان بە بەردەوامی بە تاوانی لەشفرۆشی و تەزویری پاسپۆرت و بڕینی سنوور، بەند دەکران و ئازار دەدران. گومان لە ئەندامانی هێزەکانی پارێزەری ئاشتیی نێونەتەوەیی و پۆلیسە مەدەنییەکان کراوە بۆ بەشداربوونیان لە سەوداکردن بە ژنان یان بەکارهێنانی ئەو خزمەتانەی کە ژنان و کچانی بە قاچاخ هێنراو دەیاندەنێ، بەڵام ئەوان رووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی نەبوونەتەوە ئەگەرچی بڕیاری پەیوەندیدار بەو مەسەلە لەنێو یاسادا هەیە.[۱۲۱]

*فلۆر، ژنێکی ٤٨ ساڵەی کۆچبەری کرێکاری خەڵکی فیلیپین کە لە عەرەبستانی سعودی کاری دەکرد، بە رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت کە لە کاتێکدا هەوڵیدا لە خاوەنکارە ئازاردەرەکەی هەڵبێ، ئازاری بە پشتی گەیاند و پاش ماوەیەکی کورت لە دەرمانکردنێکی کەم لە نەخۆشخانە، بۆ ماوەی پێنج مانگ خرایە بەندیخانەوە. فلۆر گێڕایەوە "کاتێك گەیشتمە بەندیخانە، نەمدەتوانی بڕۆم و بە سینگەخشکێ دەڕۆیشتم."*

ئەوانەی کە سیستەمی یاسایی تاوان هەڵدەسووڕێنن، دادوەرەکان، دادیار، پۆلیس، پاسەوانانی بەندیخانە - لەو بۆچوونە باوەی کە ژنان بۆ خۆیان بەرپرسیاری ئەو توندوتیژییانەن کە دژیان دەکرێت یان شایەنی سزادانن بەهۆی رەفتاری نەگونجاویان، بێبەری نین. ئەمە رەنگدانەوەی لە هەڵسووڕاندنی دادا هەیە- لە

زۆربەی وڵاتاندا یاساکان بە بیرێکی (دابێکی هەڵاواردنخوازانە) ئەنجامدەدرێن. وەکو بەرئەنجامێك، کەیسی توندوتیژیی دژی ژن زۆربەی جار بزر دەبێت مەگەر ئەوەی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بۆ بەکارهێنانی هێز، هەروەها بۆ هەموو کەسێك روون بێتەوە کە قوربانی پارێزگاری لە خۆی کردووە، هەبێت. لە رەوەندەکانی دادگەییکردندا شایەتیی ژنی قوربانی بەهۆی هێنانی بەڵگەی بێ پەیوندی لە بارەی مێژووی ژیانی سێکسی ئەو و پرسیارپێچکردن لەلایەن پارێزەرەکانەوە، بزر دەکرێت. هەندێك جار سکاڵاکەری ژن لەلایەن کەسی تاوانبارەوە کە خۆی پارێزەری خۆی بووە، پرسیارپێچکراوە. هەندێك جار بەڵگەی سایکۆلۆژی- چ پەیوندی هەبێت بە لاقەکردنەوە یان نا- بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی ژنەکە وەکو کەسێکی باوەڕپێنەکراو پیشانبدرێت. لەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ڤانکۆڤەر- کەنەدا لە نێوان ١٩٩٣ تا ١٩٩٧دا کراوە دەردەکەوێت کە گەورەترین حوکم لە کەیسی لاقەکردندا ئەو کاتە دراوە کە برینی فیزیکی لەسەر قوربانی هەبووە. جگە لەمە ئەو لێکۆڵینەوە پیشانیدا کە تاوانبارکردنەکان شتێکی دەگمەنن، لەو ٤٦٢ کەیسەی کە پێیاندا چوونەتەوە، تەنیا ٣٣ لە سەدی تاوانەکەی خراوەتەڕوو، هەروەها تەنیا ١١ لە سەدی تاوانبارکراون.[١٢٢]

لە هەندێك کەیسدا بەدەستهێنانی رێساکانی بەڵگە چەتوونن چونکە دوکتۆری یاسایی بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی گونجاو کەمن و لەبەردەست نین. یان قوربانی بۆ خۆی دەبێت پارەی تاقیکردنەوە یاساییەکە بدات و نەتوانێت ئەو پارەیە بدات. بۆ نموونە لە سانت کلاود مینەسوتای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، داوا لە قوربانییانی لاقەکردن دەکرێت خۆیان پارەی کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەر لاقەکردنەکەیان لەلایەن نەخۆشخانەوە بدەن. ئەم بارودۆخە لە سەرانسەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دونیادا لەپەرەسەندندایە.[١٢٣]

لە هەندێك حاڵەتدا، بەتایبەت لە کاتی شەڕدا، ژنان ناتوانن بە خێرایی بگەنە لای دوکتۆر. پرۆسەی ئامادەکردنی بەڵگە دەکرێ زۆر ناخۆش بێت. تەنانەت کاتێك



تاقیکردنەوەکان دەکرێن و کەیسەکە دەچێتە بەردەم دادگە، چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دادگە دەکرێت وا لە ژنان بکەن کە واز لە جەختکردن لەسەر داوای خۆیان بێنن.

ژنێکی کێنیایی کە لاقەکرابوو بەم شێوەیە باسی چەتوونبوونی ئامادەکردنی بەڵگەی کرد:

"پاش ئەوەی بردیانم بۆلای دوکتۆری تایبەت، پێی گوتم خۆم نەشۆم چونکە دەبوایە راپۆرت بدەمە دوکتۆری پۆلیس. چونکە کاتژمێر دووی بەیانی بوو، بەو مانایە بوو کە راپۆرتدانەکە دەکەوتە رۆژی دواتر. نەمدەتوانی باوەڕ بکەم کە ناچارم لەگەڵ بوونی بۆنی ئەو پیاوانە لەسەر لەشم بخەوم... کاتێك بۆ راپۆرتدان چوومە لای دوکتۆری پۆلیس، ریزێکی درێژی خەڵکی هەمەجۆرم بینی. سیستەری یاریدەدەری دوکتۆرەکە دوو سلایدی شووشەی دامێ و پێیگوتم پەنجە لە خۆم بکەم و سپێرمەکان بخەمەسەر سلایدە شووشەکان. نەمتوانی باوەڕ بە قسەکانی ژنەکە بکەم، ئەوان دەیانویست دیسانەوە لاقەکردنەکەم دووبارە بێتەوە."[١٢٤]

بۆ ئەو ئافرەتانەی کە سەر بە کۆمەڵە لە پەراوێزخراوەکانن، پشتگوێخستن و دوژمنایەتی لەلایەن پۆلیسەوە شتێکی ئاساییە، بەتایبەت ئەگەر تاوانکار سەر بە کۆمەڵێ زۆرینە بێت.

لە هیند دالیتەکان [١٢٥] رۆژانە رووبەڕووی ئازار و توندوتیژیی دەبنەوە. لە کەیسێکدا لە پرادەشی سەروو، رامڤاتی لە سێپتەمبەری ١٩٩٥ لەلایەن پێنج پیاوەوە بەکۆمەڵ لاقەکرا. دەگوترا کە ئەو گوندییانەی سەر بە چینەکانی سەرەوەن لاقەیان کردووە بۆ ئەوەی سزای خۆی و مێردەکەی رامچاندرا بدەن، چونکە ئەوان رازی نین دەستبەرداری پارچە زەوییەکەی خۆیان بن و بەم شێوەیە بەهۆی ناوزڕاندنیان لە ئەنجامی لاقەکردنەکە لە کۆمەڵگەی دالیتەکانیان دوور بخەنەوە. کاتێك رام چاندرا بۆ دانانی سکاڵا چوو بۆ لای پۆلیس، ئەوان رازی نەبوون راپۆرتەکە تۆمار بکەن. لە کۆتاییدا بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو ناوچەیە فەرمانیدا لەسەر ئەو رووداوە لێکۆڵینەوە بکرێت، بەڵام هیچ کارێك نەکرا. چەند مانگێك پاشتر کاتێك ژن و پیاوەکە ویستیان

زەوییەکەیان وەربگرنەوە، بە شێوەیەکی دڕندانە لەلایەن چەند پیاوێك بە شەن و تەورەوە لێیاندرا. رامڤاتی بە شەن لاقەکرا و رۆژی دواتر مرد. پاش ئەوەی چالاکڤانان گوشاریان خستەسەر بەڕێوەبەری پۆلیس، راپۆرتێك تۆمارکرا بەڵام لە ئاداری ۲۰۰۳دا هیچ بەڵگەیەك نەخرایە بەردەم دادگە. سەرنەکەوتنی دەوڵەت لە لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەی کەیسگەلی توندوتیژیی دژی ژن، نیشانەیەکە بۆ سەرنەکەوتنی کاری پێویست.

لە زۆربەی زۆری کەیسەکاندا دەوڵەتەکان هاوکاری لەگەڵ ئاکتۆرە تایبەتییەکان بۆ پارێزگاریکردن، پشتگوێ خستن یان بەهانەهێنانەوە بۆ توندوتیژیی دژی ژن کە لەلایەن بنەماڵە، سەرمایەدارە بازرگانەکان و ئاکتۆرە تایبەتییەکانی دیکەوە دەکرێت، کاردەکەن. لە ئیندۆنیزیا هەلومەرج بەم شێوەیە: کاتێك ئیندۆنیزیاییەك بەهیوایە کە لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی وەکو کارەکەر کار بکات، دەبێ بەنێو کۆمەڵێك ئاژانسی تایبەتی دامەزراندنی کرێکاردا تێپەڕێت. ئەم ئاژانسانە کرێکارانی داهاتوو بۆ ماوەی درێژخایەنی چەندین مانگ تا یەك ساڵ بۆ کەمپی راهێنان دەنێرن. سەدان لەم جۆرە کەمپانە لە سەرانسەری وڵاتدا هەن. لەگەڵ ئەوەی حکوومەت نزمترین ستانداردی بۆ ئەم کەمپانە داناوە، بەڵام بە دەگمەن ئەو ستاندارده کاری پێکراوە. رێکخراوی ناحکوومەتی نێونەتەوەیی دژی کۆیلایەتی چیرۆکی ئادەکی، ئەو کچەی هیوادار بوو لە هۆنگ کۆنگ کار بکات، تۆمارکردووە. بەهۆی دەلاڵێکەوە ئادەك پەیوەندی بە ئاژانسی کاردۆزینەوە لە سورابایا، رۆژهەڵاتی جاڤا، کرد و لەوێ پارەی تاقیکردنەوەی پزیشکی و جلوبەرگ و کتێبەکانی درایە. ئادەك لەگەڵ ۱۰۰۰ ژنی دیکەدا نێردرا بۆ کەمپی راهێنان لە سورابایا. هەلومەرج خراپ، خواردن کەم و ئاوەکەیش پیس بوو کە ژنگەلێکی زۆر نەخۆش کەوتن. کاتێك ئادەك لەوێ بوو ژنێك بەهۆی نەبوونی چاودێری پزیشکی مرد. زۆر لە ئافرەتان کاریان بۆ کارمەندانی ئاژانسەکە دەکرد و رێگەیان پێنەدەدرا کامپەکە جێبهێڵن و تەنیا بۆ ماوەی زۆر کەم و کورت رێگەی سەردانی بنەماڵەکانیان دەدرا. نامەکانی ئادەك



سانسۆر دەکران و بەبێ ئەوەی لە نێوەڕۆکی گرێبەندەکان تێبگات ئیمزایان پێدەکرد. پاش چوار مانگان بردیانە هۆنگ کۆنگ، بەڵام بۆ ئەو کارەی کە لە کەمپەکەدا کردبووی هیچ مووچەیەکی پێنەبرا.[١٢٦]

سەرنەکەوتنی رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەریدەخات کە کارمەندانی دەوڵەت خۆیان بکەرەکانی توندوتیژین. کۆمەڵەی یەکگرتوو دژی توندوتیژیی لە سانفرانسیسکۆ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تێبینییانکردووە کە ئەفسەری ئەنجامدەری یاسا هەمیشە وای داناوە کە ژنە ترانسسێکسوالەکان، کرێکاری سێکسن و دەیانگرن و بە لەشفرۆش تاوانباریان دەکەن، تەنانەت ئەگەر تەنیایش نەبن، یان لەگەڵ مێرد یان جووتەکەیان بن.[١٢٧] بەگوێرەی گێڕانەوەیەك:

"ستێفانی لە کاتێکدا بۆ کلوبێکی شەوانە دەڕۆیشت سەرنجی بۆ ئۆتۆمۆبیلێکی پۆلیس کە بەدوایدا دەهات چوو... کاتێك گەیشتە بارەکە، یەکسەر چوو بۆ توالێتی ئافرەتان... ئەفسەرێکی پۆلیس چووە توالێتەکەوە و بە تاوانی لەشفرۆشی گرتی. پاشتر لە بنکەی پۆلیس، پۆلیسەکە بە نیازی پشکنین رووتیکردەوە و هاوکات ئامادەبوان جنێویان پێدەدا. ئەفسەرێك هێندە بە قایمی قژی راکێشا کە پێستی سەری خوێنی لێهات... پۆلیسەکە دەیگوت، قژی خۆی نییە. بە رووتی فڕێدرایە نێو سلولێك و بەو شەوە ساردە بەجێیانهێشت. ئەو هیچ پێشینەیەکی تاوانکاری نەبوو."[١٢٨]

هەندێك لە حکوومەتان خۆیان لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر مافی مرۆڤی ژن دوور دەخەنەوە و دەڵێن: وەکو دەوڵەتێکی ئینتیقالی ئەو چوارچێوە دەستوورییەی پێویستە هێشتا تەواو نەبووە. لەو وڵاتانەی کە ساختاری فیدراڵییان هەیە، دەوڵەت و دەسەڵاتی فیدراڵی لە هەر کاتێکدا ئەوی دیکە بە هەڵگری بەرپرسیارێتی دەزانێت. بۆ نموونە لە مەکزیکۆ چەند ساڵێك پێش دەسەڵاتی فیدراڵی نکۆڵی لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانی رفاندن و کوشتنەکان لە سویداد خواریز روویدەدا، لەسەر ئەو بناغەیەی کە ئەوە ئەرکی دەوڵەتە نەك فیدراڵ، دەکرد.

**هاودەستی بە کۆمەڵ لە *تاواندا*:**

لە ئاستی ناوچەییدا کاتێك کە کەسەری قوربانییەکانی توندوتیـژیی ژن پـشتگوێ دەخرێت یان بە کەم دەژمێردرێت، پشتیوانی لە چاوپۆشـی لـە تـاوان دەکرێـت. ئـەم چـیرۆکانەی خـوارەوە مـشتێکن لـە خـەروار. لـە ١٢ی شـوباتی ٢٠٠١ ژنێکـی هاوجنسبازی بورمایی کە لە تایلەنـد کـاری دەکـرد و لـەگـەڵ هاوڕێیـەکـی پیـاوی دەگەڕانەوە ماڵەوە کە کۆمەڵێك پیاو کە ئەوانیش لە هەمان شـوێن کاریـان دەکـرد، هاتن و پێکەوە بەرێکەوتن. پیاوەکان سەرخۆش بوون. یەکێکیان لە ژنـەکـەی پرسـی ئایا هاوجنسبازە. ژنەکە وەڵامی نەدایەوە بەڵام هەنگاوەکانی خێراتر کرد، بەردەمیان گرت، یەکێکیان پێی گوت کە جوانە، هەروەها گوتی حەیفە هاوجنسبازە. ژنەی گرت و بە هاوڕێکانی گوت "ئەم هاوجنـسبازە نائاسـاییە چارەسـەر بکـەن بـا بێتـە نێـو جیهانی ژنایەتییەوە!" هـەر شـەش پیـاوەکـە لاقـەیـان کـرد و پـاش تـەواوکردنـی کردەوەکەیان بەجێیانهێشت. ڕۆژی دواتر هەموو کارخانەکە بە لاقەکردنەکەیان زانـی، بەڵام هیچ کەس داکۆکی لێنەکرد. ژنەکە بە گریانەوە پرسـی، بـۆ کۆمـەڵ ڕێگـە بـە لاقەکەر دەدا هەروا بەبێ سزا رزگاری بێت و تەنیا سەرزەنـشتی ئـەم دەکـات. وەکـو ژنێکی کۆچبەری کرێکـار ئـەم ژنـە بـەتایبـەت زۆرتـر تووشـی توندوتیـژی دەبێـت. ئافرەتانی کۆچبەری کرێکار لە تایلەند لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی تایلەندیشەوە لاقە کراون، ژنێکی گەنجی کاریی لە ماینمار (برۆما) لەلایەن پۆلیسێکی تایلەندییەوە کـە بەڵێنی پێدابوو بە سەلامەتی بیگەیەنێتە بانکۆك بۆ دامەزراندنی، لاقەکـرا. نـە ئـەم ژنە و نە ژنە هاوجنسبازەکە نەیانوێرا لە ترسـی بـەندیخانـە و دیپـۆرتکردن، راپـۆرت لەسەر لاقەکردنەکان بە دەسەڵاتدارانی تایلەند بدەن.

*لە سویسرا ژنێکی کامیرۆنی کە بە شێوەیـەکـی یاسـایی لـەو وڵاتـە نیشتەجێ بوو، پاش دەمەقاڵەیەك لەسەر کرێی باس لەسەر شەقامێك لە ژنێڤ بە خۆی و کۆرپەکەیەوە گیران. ئەو پیـشانیداوە کـە پـۆلیس کـەلـەپـچەی لـە دەسـتکردووە و تووشـی ئـازاری فیزیکـی و*



*رەگەزپەرستانەی کردووە، لەپێش چاوی ئەفسەرە پیاوەکە بۆ پـشکنین رووتیان کردۆتەوە و لە کۆرپە شیرخۆرەکەی جیایـان کردۆتـەوە. تـەنیا پاش وەجوابهاتنی پزیـشکێك لـە بنکـەی پۆلیـسدا کۆرپـەکـەیـان بـۆ گەڕاندۆتەوە. پزیشکێکی دیکە پاش ئازادکردنی، تەماشـای کـردووە و بۆی دەرکەوتووە کە نیشانەی برین و شۆکی لەسەر هەبووە. سـکاڵاکەی لەلایەن دەسەڵاتی سیستەمی دادی هەرێمییەوە وەلانرا، هەرچەنـدە کـە هەرگیز پرسیاری لێنەکرا و هیچ هەوڵێکیش نەدرا بۆ وەرگرتنی قـسەی شایەتەکان وەکو ئەو دوو پزیشکەی کە ئەویان دیبوو.*

کاتێك ژنێك لەوەی کۆمەڵ بە رەفتاری "گونجاو"ی دادەنێت دووردەکەوێتـەوە بـە داکۆکیکردن لە سێکسوالیتەی خـۆی یـان هـەر شـێوەیـەکـی دیکـە. زۆربـەی جـار رووبەڕووی سزای توند لەلایەن بنەماڵە، ئەندامانی کۆمەڵەکەی یان دەوڵـەت دەبێـت. شێوازە ئاساییەکانی ئەم سزایانە بریتین لە رفاندن، لاقەکردن، کوشتن و زینـدانیکردن. لـە زۆربـەی کۆمـەڵگـەکانـدا شـێوازەکـانی زەوجـین و دابونـەریتـەکـان، دژایـەتـی مافـە بنچینەییەکانی ژن و پیاو لە هەڵبژاردنی یەکسانی هاوسەر، رەزامەندی هەردوولا لەسـەر سێکسی نێو ژن و مێردایەتی یان کۆتاییهێنان بە پـەیوەنـدی ژن و مێردایـەتـی دەکـەن. کەواتە ژن هەر بە گەڕان بەدوای بەدەستهێنانی مافە بنچینەییەکانی خۆی، سەرپێچی لـە نۆرمەکانی کۆمەڵ کردووە. ئەم توندوتیژییە ساختارییانە مافـەکـانی ژن و ڕێزگـرتن لـە لەشیان دەخاتە مەترسییەوە. دەوڵەت هەر بە بەرپرسیاری دابینکردنی ئاسایش بـۆ مافـە سەرەتاییەکانی ژن دادەنرێت، تەنانەت ئەگەر دابڕان لە نۆرمەکانی کۆمەڵیش هەڵبـژێرن. لە خەبات دژی چاوپۆشی لە تاوان دەبێت رووبەڕووی بێدەنگی هاوبەشی نەتەنیا دەوڵـەت بەڵکو تاکەکەس و کۆمەڵەکانیش ببێتەوە و بەسەریدا زاڵ بێت.

# بەشی هەشتەم

# سیستەمە یاساییە هاوتەریبەکان

لە دەستەیەك وڵات و کۆمەڵدا دەسەڵاتە نەریتییەکان یان یاسای عورفی هاوشانی یاسا فەرمی و سیستەمی یاسا نووسراوەکان کاردەکەن. ریشسپیی گوند، دادگە ئایینییەکان، سەرۆك خێڵە نەریتییەکان یان ساختارە خێڵەکییەکان وەکو سیستەمێکی فەرمی یاسایی هاوتەریب لەگەڵ یاسا نووسراوەکاندا، هەندێك جار نافەرمی بەڵام قەبوولکراو لەلایەن کۆمەڵگەوە و هەندێك جاریش بە دەسەڵاتێك کە بە فەرمی لەلایەن دەوڵەتەوە گەرەنتی کراوە، کار دەکەن. ئەم رژێمە یاساییە هاوتەریبانە چاودێری و کۆنترۆلی و رەفتارەکانی کۆمەڵ، کە زۆر جار بە مانای پشتیوانیکردنی هێزی پیاو بەسەر ژندا و رێگەدان بە توندوتیژیی دژی ژن، دەکەن. بە باوەڕی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی سیستەمی دادی هاوتەریب جێگرێکی گونجاو بۆ سیستەمی دادی تاوان کە کاریگەر بێت و رێز لە مافی قوربانییەکان بۆ قەرەبووی تەواو و دادگەییەکی دادپەروەرانەی تاوانبارکراو بگرێت و مسۆگەری بکات، نییە.

*لە کەیسێکی بەناوبانگدا لە پاکستان، موختاران بیبی، ژنێکی ٣٠ساڵەی سەر بە خێڵیٚ گوجار لە میروالا، پارێزگەی پونجاب، لە جونی ٢٠٠٢دا لەلایەن "دادگەی خێلەکییەوە" حوکمدرا کە بەکۆمەڵ لاقە بکرێت. ئەم حوکمە وەکو سزایەك بۆ برا بچووکەکەی بوو کە گوایە "پەیوەندییەکی شاراوەی" لەگەڵ کچێکی خێڵێکی دیکە، ماستۆیی، کە لەڕووی پلەوپایەوە لە سەرووی خێڵی ئەمان بوون، هەبووە. سەدان لە خەڵکی گوندەکە لەویٚ بوون کە حوکمەکە ئەنجامدرا. تەنیا کاتێك قەشەیەکی ئەو ناوچەیە باسی لەو کەیسە کرد و رۆژنامەنووسێك خستییە بەر چاو، پۆلیسەکان کەوتنەخۆیان. پاشتر روون بووەوە کە هەموو ئەم چیرۆکی "پەیوەندی شاراوەیە" بۆ داپۆشینی ئەو توندوتیژییە سێکسییەی کە لەلایەن سیٚ پیاوی خێڵی ماستۆیی دژی براکەی موختاران بیبی کرابوو، دروستکرابوو*

هەندێك جار سیستەمە هاوتەریبەکان لەنێو ساختاری سیستەمی یاسایی فەرمیدا



دروستکراون. بۆ نموونە لە ئیسرائیل زەوجین و جیابوونەوەی شارەوانی بوونی نییە. بۆ جوولەکە ئیسرائیلییەکان هەموو یەکگرتنەوەیەکی ئاوها لەلایەن دادگەی ڕابینییەوە بەڕێوەدەچێت. بۆ ئەوەی ژنێك جیابێتەوە پێویستی بە ڕەزامەندیی مێرد و دادگەی رابینی بۆ تەواوکردنی کارەکەی هەیە. زۆر جار دادگەی رابینی پێشنیازی ئەوەی کە جووتەکە بۆخۆیان گرفتەکەیان چارەسەر بکەن دەدات، "تەنانەت ئەگەر بیشزانن کە جیابوونەوەکەیان هەر روودەدات...[١٢٩] {ناڕاستەوخۆ} زۆر لە ئافرەتان دەکەن کە مل بە رشوەی ماڵیی مێردەکانیان بدەن." قەبووڵ نەکردنی تەڵاقدانی ژنە جووەکان بە ئاگیونات ("ژنە زەنجیرکراوەکان") ناسراوە، نە شوویان کردووە و نە تەڵاقدراون و ناتوانن دووبارە شووبکەنەوە و ژیانێکی نویٚ دەستپێبکەنەوە.

هەندێك جار رژێمە یاساییە هاوتەریبەکان تەنیا هەندێك کۆمەڵی تایبەت دەگرنەوە. لە ژمارەیەك ناوچەی باکووری نیجیریا یاسایەکی نویٚ کە لەسەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی دارێژراوە لەگەڵ ئەو یاسا نووسراوەی کە پێشتر لەویٚ کاری پێدەکرا، دانرا. ئەم یاسایانە تەنیا لەسەر ئەوانەی موسڵمانن دەسەپێن. بەگوێرەی ئەم یاسایانە بۆ تاوانگەلێك وەکو سێکس لە دەرەوەی ژن و مێردایەتی سزای مەرگ دەدرێت، کە پێشتر سزای شەلاقلێدان بۆ هەمان تاوان دەبڕایەوە، کە لەخۆیدا سزایەکی دلڕەقانەی نامرۆڤانە و سووکایەتیپێکردنە. ئەگەر تاوانبار موسڵمان نەبێت، هەمان گوناح بە گوناحێکی تاوانبارانە ناژمێردرێت و بەو شێوەیەش سزا نادرێت.

لە هەندێك وڵاتدا یاسا تایبەتە نووسراوەکان یاسای عورفی و یاسای خێزان کە پرسی مافی میرات و موڵکداری، ژن و مێردایەتی، جیابوونەوە و مافی سەرپەرشتی منداڵ بەڕێوەدەبن، جیاوازی دەخەنە نێوان هەمان ماف لە نێوان ژن و پیاودا. ئەم یاسایانە هەمیشە لەلایەن هێزە کۆلۆنیالەکانەوە دەنووسرانەوە. ئەم یاسا نووسراوانە دەربڕینێکی پاشکەوتووی یاسا ئایینی و عورفییەکان بوون. یاسای عورفی کێنیا کە زۆربەی نەنووسراون، لەگەڵ ئەوەیشدا سیستەمی یاسایی وڵات بە شێوەیەکی فەرمی دانی پێدا دەنێت. چاودێری مافەکانی مرۆڤ Human Rights Watch چۆنیەتی بەڕێوەچوونی

یاسا عورفییەکانیان تۆمارکردووە کە بێلایەن نین. سەرۆك هۆزێکی پلەبەرز لە وتووێژێکدا بە Human Rights Watch گوتووە کە "یاسای عورفی ئەوەیە کە من دەیڵێم."[١٣٠]

لە هەندێك وڵاتدا دەوڵەتەکان بۆ خۆیان سیستەمی هاوتەریب دروستدەکەن. بۆ نموونە لە رواندا تەنیا رێژەیەکی کەمی میکانیزمی نێوخۆی وڵات لە هێزی پسپۆڕی پۆلیسی نەتەوەیی راهێنراو پێکهاتووە. لە داوێنەکانی رواندادا بەبێ راهێنانێکی راستەقینەی میتودەکانی پۆلیسی و مافەکانی مرۆڤ جلوبەرگی پۆلیسی دەکەنەبەر پیاوی گەنج و تفەنگیان دەدەنێ و دەیاننێرن بۆ پاسەوانیکردنی کۆمەڵەکان. تا ئێستا هیچ یاسایەك کاری "هێزی بەرەنگاری ناوچەیی" (LDF) نەخستۆتەژێر چاودێرییەوە. ئەندامانی LDF بە توندوتیژیی سێکسی و هێرشبردنەسەر ئافرەتانێك لەو کۆمەڵانەی کە چاوەڕوانی پاراستنی ئاسایشییان لێدەکرا، تاوانبارکران. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی هەیەتی، لە کاتی تاوانبارکردنیاندا، ئەندامانی LDF بە دەگمەن هەوڵیاندەدا، هەروەها لەو دادگەییە کەمەی کە بەڕێوەچوو تاوانبارەکان پاش چەند رۆژێك ئازادکران. ئەندامێکی LDF کە بە لاقەکردن تاوانبارکرابوو، بردرایە دادگە و پاش دوو رۆژ ئازاد کرا و هەر لە کاتی ئازادکردنەکەی ژنێکی دیکەی لاقەکرد. ئەم پرۆسەیە پێنج جار دووبارە بووەوە و هەر پێنج ژنەکە وەکو لاقەکەر ناسییانەوە. دەنگۆ هەیە کە ئەندامانی LDF ژنیان بەزۆر بەشوودا‌وە.

لە کۆمەڵی دیکەدا دەسەڵاتە هاوتەرییەکان لە دەرەوەی یاسا کاردەکەن بەڵام دەسەڵاتێکی نزیك بە تەواویان لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتیاندایە هەیە. لە جامایکا کۆمەڵگە هەژارە شارنشین و دەوروبەرەکەی کە بە بنکە ناسراون لەلایەن کۆمەڵێکەوە کە ئاغایەك سەرۆکایەتییان دەکات کۆنترۆڵ دەکرێن. بەگوێرەی راپۆرتێك لە بنکەکان "جەنجاڵ سەقامگیرە، داکۆکیکارەکان تاوانبار دەکرێن و سزا دەدرێن، هەموو ئەم شتانە بەبێ ئەوەی روو لە یاسای دەوڵەتی جامایکا بکەن".[١٣١] سێکسی زۆرەملێ کارێکە کە گانگستەرەکان بۆ پارێزگاریکردن لە ژنی هەژار لەبری پارە داوای دەکەن. ژنێکی جامایکایی کە چالاکیی مافەکانی ژنە بەم شێوەیە روونی دەکاتەوە: "لە زۆربەی



کۆمەڵەکانی نێو شاردا هەر ئەوەندەی کچێك باڵق بوو، دەنێردرێت بۆ لای هەر پیاوێك کە بیەوێت سێکسی لەگەڵدا هەبێت، لە ئاغاکەوە دەستپێدەکات... لاقەکردنی بەکۆمەڵ بۆ هەڕەشەکردن لەو ئافرەتانەی کە بەرەنگاری لە سێکسکردن لە پیاوەکانیان دەکەن، دەکرێت کە 'ئەوان (ئافرەتان) دەسەڵاتیان لەسەر لەشی خۆیان نییە.'[١٣٢] هەمان دەسەڵاتی نافەرمی دەکرێت کار دژی ئەو راپۆرتانەی کە لە بارەی لاقەکردنەوە بۆیان دێت، بکەن. لە سیستەمی نافەرمی یاسای بنکەدا هەندێك پیاو بەو هۆیەوە دەکوژرێن."[١٣٣]

رێبەرە ئایینییە ناوچەییەکان لە بەنگلادیش فتوایان (فەرمانی ئایینییان داوە) کە زۆر جار داوای شەلاق، بەردباران یان سزاگەلێك کە دەبێتە هۆی سووکایەتیکردن وەکو سەرتاشین، جوێن و لێدان دەکات، دەرکردووە. لەم دواییەدا فتوایەك لەلایەن رابەرە ئایینییە گوندییەکانەوە لە گوندێك دژ بە ژنگەلێك کە نایانەوێت وەکو گوندی بژین دەرچوو. دادگەیەکی باڵا لە یەکی کانوونی دووەمی ٢٠٠١دا لەلایەن دوو قازیی بەناوبانگ، لەوانە نازمون ئەلسولتانە، یەکەمین قازیی ژن لەو وڵاتەدا بڕیارێکیان راگەیاند کە فتوا نایاساییە. ئەم بڕیارە لەلایەن هەموو لقەکانی گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پشتیوانی لێکرا و داوای جێبەجێکردنی یەکسەری ئەم بڕیارەیان کرد، بەڵام لەلایەن گرووپە ئیسلامییەکانەوە بەرهەڵستکارییەکی توندی لێکرا. خۆپیشاندانی پڕ لە توندوتیژیی دژی بڕیارەکە ئەنجامدرا، کە لایکەمی یەك ئەفسەری پۆلیس و حەوت چالاکڤانی موسڵمانی تێدا کوژرا. لە ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٠١دا بڕیارەکەی دادگەی باڵا خرایە بەردەم دادگەی سەرەوەر، لەو ماوەیەدا کە دادگەکە گوێی لە داواکاری دوو رێبەری ئایینی کە دژی بڕیارەکە بوون دەگرت، بڕیارەکە بە هەڵواسراوی مایەوە. تا تەمووزی ٢٠٠٣ هێشتا گوێ لە داواکارییەکە دەگیرا.

شێوازێکی دیکەی دەسەڵاتی هاوتەریب لە ناوچە میلیتاریزەکراوەکاندا کاردەکات کە ئەویش گرووپە چەکدارەکانە و هێزە نیوچە سەربازییە سەر بە حکوومەتەکانیش دەگرێتەوە. بۆ نموونە لە کۆلۆمبیا ئەوانەی کە لە توندوتیژی رزگاریان بووە روو ناکەنە

دادگەی کاروباری خێزان یان پارێزەرەکانی ئۆفیسی گشتی، "چونکە دەڵێن ئەم ئەنستیتۆ دادییە خزمەتی خێرایان بۆ دابیناکات... ئێستا داواکارییەکانیان دەدەنە هێزە نیوچە سەربازییەکان [یەکگرتوو لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش] یان گەریلاکان چونکە کاریگەرانە کاردەکەن. دەچمە لای فەرماندەی هێزە نیوچەسەربازییەکان، کەیسی خۆمی بۆ دەگێڕمەوە، خێرا دێن، دەیبەن، لێیدەدەن و بۆ جاری دووەم ئیدی دەزانی چی بە چییە، هەر هێندەی پێدەچێت."(١٣٤)

"هەموو کەسێك دەبێت مافی هەبێت کەیسەکەی لە بەردەم دادگەی ئاساییدا بەڕێوە بچێت و لە یاسا داڕێژراوەکان کەڵك وەربگیردرێت. ئەو دادگەیانەی کە ڕێگە دانراوەکانی پڕۆسەی یاسایی بەکارناهێنن نابێت ببنە جێگری بەشە یاساییەکانی کە سەر بە دادگەی ئاسایی و قەزاییەکانە."

پرەنسیپە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی سەربەخۆیی قەزایی، پرەنسیپی ژمارە ٥.(١٣٥)

هەندێك بەڵگە هەن کە پیشانیدەدەن لەم ساڵانەی دواییەدا سیستەمە هاوتەریبەکان بەهێز بوون. بەهۆی گەندەڵی، سەرچاوەی نایەکسان و گوشارە سیاسییەکان، هەندێك کۆمەڵ دووبارە بۆ دژایەتیکردنی میکانیزمە یاساییە فەرمییەکان، سیستەمی دادیی نەریتی خۆیان دەامەزراندۆتەوە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بەڵگەی لەسەر چۆنیەتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنە خێڵەکییەکانی پاکستان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی زەوی، ئاو، شکاندنی "شەرەف" و کوشتن هەیە. ئامانجی ئەوان دەرخستنی ڕاستی نییە - کە لە کۆمەڵێکی ئاوها نزیك بە یەك زۆریش چەتوون نەبێت- بەڵام بۆ دووبارە پێکهێنانی ئارامی کۆمەڵایەتییە. ئەنجوومەنە خێڵەکییەکان ئاشتی لەڕێگەی قەرەبووکردنەوە پێکدەهێنن. قەرەبووکردنەوەکە دەکرێت چەند شێوەی جیاواز بێت، ناکۆکی ئاو و زەوی و زار لە شێوەی پارەدا بێت، لە کەیسی تاوانی "شەرەف" یان کوشتن دەکرێت



قەرەبووکردنەکە ماڵی بێت یان ژنێك یان کچێك دەدرێت بە لایەنی سکاڵاکەر.(١٣٦)

دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی هەمیشە وایان پیشانداوە کە گوێ بە دەسەڵاتی فراوان و ڕوو لە گەشەی ئەنجوومەنە خێڵەکییەکان و شێوازەکانی دی دەسەڵاتە هاوتەریبەکان نادەن و زۆر جاریش نایانەوێت ڕێبەرەکان لە بەرامبەر پێشێلکاریدا بخەنە ژێر پرسیارەوە.

**تایبەتە بەو وێنەیەی خوارەوە** ((ڕزگاربوانی جینۆسایدی ١٩٩٤ لە ڕواندا گوێ لە کارمەندێکی وەزارەتی داد دەگرن کە چۆن دادگە تازەبووژاوەکانی گاکاکا (دادگا نەریتییە کۆمەڵایەتییەکان) ئەو کەسانەی کە تاوانبارن بە بەشداریکردن لەو جینۆسایدەدا دەخەنەبەردەم دادگا. حکوومەتی ڕواندا کەیسی نزیکەی ١١٥،٠٠٠ کەس کە بە کردنی تاوانی دڕندانە لە کاتی جینۆسایدی ١٩٩٤ بانگ کراون، بەهۆی قەرەباڵغی بەندیخانەکان، گواستۆتەوە بۆ ئەم جۆرە دادگەیانە. لە کاتی هەڵبژاردنی دادوەرکانی دادگای گاکاکا، هەندێك لە دادوەرەکان قەبووڵنەکران چونکە بەوە ناوبانگیان دەرچووە کە بە شێوەیەکی فیزیکی ئازاری ژنەکانیان دەدەن.))



**داواکردنەوەی دادپەروەری:**

لە کاتێکدا کە رژێمە یاساییە هاوتەریبەکان بە شێوەیەکی گشتی وەکو یاریدەدەری هەڵاواردن دژی ئافرەتانن، لە هەندێك کۆمەڵدا میتودە نەریتییەکان "داواکردنەوەی دادپەروەری" بۆ پیشاندانی کەمایەسییەکانی سیستەمی فەرمی داد بەکاردێن. داواکردنەوەی دادپەروەری پرۆسەیەکە کە لەوێدا قوربانی و تاوانبار پەیوەندی بەیەکەوە دەگرن و هەڵێك بە قوربانی و تاوانبار و هەندێك جار نوێنەرایەتی کۆمەڵەکەیش دەدرێت کە لە بارەی تاوانێك و چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی ئەو ئازارەی کە روویداوە گفتوگۆ بکەن.

رێکخراوەکانی ئافرەتان دەستیانکردووە بە پێکهێنانی مۆدێلێکی نوێی چارەسەرکردنی ناکۆکی لەسەر بنەمای نەریتە کولتورییەکان. مهیلا پانچایات، کۆمەڵەیەکی هاوبەشی هەرەوەزیی ئافرەتانە لە هیند کە لەسەر بناغەی رێکخراوی نەریتی دامەزراوە و کارەکەی دۆزینەوەی رێگەچارەی ناکۆکییەکانە لە کاتێکدا رێگە لە پێویستی دەستتێوەردانی یاسایی دەگرێت. ئەوان بۆ ئەوەی لایەنە زویرەکان بە کراوەیی گفتوگۆ بکەن و بگەنە ئەنجام، شوێن دابیندەکەن، ئەم نێوبژیکردنە توندوتیژیی نێوماڵێش دەگرێتەوە. کارمەندانی نیوچەیاسایی و راوێژکارانی یاساییش هاوکاری پرۆسەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەکەن. ئەوان کارەکانیان لەسەر بناغەی نەریتی کۆمەڵەکان دادەرێژن، بەڵام ئەنستیتۆتە کولتورییەکان لە بەرژەوەندی و پێویستی قوربانییانی توندوتیژی و ئازاردان دووبارە رێکدەخەنەوە.[١٣٧]

لە ویلایەتی رۆژهەڵاتی بەنگالی هیند، شرامجابیی سامتی (SMS) کە رێکخراوێکی بەکۆمەڵی ئازادیی ئافرەتانی کرێکارە، هەموو مانگێك ٧٠-٨٠ سالیشی (Salishis) دەگرنە ئەستۆ. ساڵیش پرۆسەی چارەسەرکردنی ناکۆکی لەسەر ئاستی گوندداییە. SMS رێنمایی بۆ وەرگرتنی داد بۆ ئەوانەی لە توندوتیژیی نێوماڵ رزگاریان بووە، لەسەر تێگەیشتنێك کە زۆر لە ئافرەتان زۆر بە سادەیی دەیانەوێت توندوتیژی کۆتایی پێبێت بەڵام نایانەوێت ژیانی ژن و مێردایەتییان بشێوێت، دەکات. ساڵیش دەرفەت بەو ئافرەتانە



دەدات کە بێشەرم و لە بەرامبەر گشتدا قسەی خۆیان بکەن، هەروەها گفتوگۆ لەبارەی رێگەچارە بکەن. چاوەڕوانیی ئەوان لە سیستەمی یاسایی کەم یان هەر هیچە.[١٣٨]

کۆمەڵەی دانیشتووە رەسەنەکانی کەنەدا ئەزموونێکیان لەگەڵ پرۆگرامی داد لەسەر بنەمای کۆمەڵدا هەیە. ئەم ئەزموونە دەیەوێت هەموو لایەنەکان بۆ پێکهێنانی رێککەوتنێکی چارەساز یەکبگرن و هەموو کەسێك پارێزەرێکی هەبێت، هەروەها هەموو کەسێك بەرپرسیارە لەوەی ئەگەر کەسێك رێککەوتنەکەی پێشێلکرد، بیخاتەبەر لێپرسینەوە.

هەرچەند سیستەمەکانی داواکردنەوەی دادپەروەری دەکرێت رۆڵێکی گرنگیان لە دابینکردنی رێوشوێنێکی نافەرمی بۆ قوربانییەکان بۆ شیکردنەوەی ئەزموونەکانیان هەبێت، بەڵام ناتوانن جێگرێك بۆ پرۆسەیەکی دادپەروەرانە و کاریگەر بەرامبەر تاوان بن. سیستەمەکانی داواکردنەوەی دادپەروەری دەبێت رێز لە پرۆسە یاساییەکان بگرن، راستی بڵاوبکەنەوە، ئاسانکاری قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان و دانانی پێشنیاز بۆ پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی تاوان بکەن. دەکرێت ئەوان تەواوکەری سیستەمی دادی تاوان بن بەڵام نابنە جێگری ئەو سیستەمە.

پرۆسەی ئەلتەرناتیڤ یان داواکردنەوەی دادپەروەری ئەو مەترسییەی هەیە کە سیستەمی دادی تاوان کە لەخۆیدا لاوازە، لاوازتری بکات. لەمەیش پتر دەستکەوتنی ئەنجامگەلێك کە سوودی بۆ ئافرەتان هەبێت پێویستی بە کۆمەڵێکی یەکگرتوو بۆ خستنەبەر لێپرسینەوەی تاونباران هەیە. هەندێك جار قوربانییەکانی توندوتیژی بۆ قەبوولکردنی رێککەوتنگەلێك دەخرێنە ژێر گوشارەوە بەبێ ئەوەی پشتیوانی تەواویان لێبکرێت یا گرنگی بدەنە ئاسایشیان. بە باوەڕی رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، هەموو بکەرانی تاوان کە دەستیان لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا هەیە دەبێت بخرێنە بەردەم دادگە.

# بەشی نۆیەم

## خۆڕێکخستن بۆ گۆڕانکاری– دروستکردنی جیاوازی

توندوتیژیی دژی ژن، دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام شتێکی ناچارییش نییە. ڕاپۆرتێکی نوێی ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی ئاشکرای کردووە کە لەو کۆمەڵانەی توندوتیژی تاوانباردەکەن و کار بۆ کۆتایی پێهێنانی و پشتیوانی پێشکەش بە ڕزگاربووانی توندوتیژی دەکەن، بە بەراورد لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەی کە ئەم هەنگاوانە نانێن، ئاستێکی نزمتری توندوتیژییان تێدا دەبینرێت. لە توێژینەوەیەکی بەراوردکاریی نێوان ١٦ وڵاتدا، توێژەرەوەکان بۆیان دەرکەوتووە کە توندوتیژیی نێوان هاوژیانەکان لەو کۆمەڵگەیەی کە ئاسایشی یاسایی هاوبەش (چ بە شێوەی کاری یاسایی، پەسندی کۆمەڵایەتی یان گوشاری ئەخلاقی بێت) یان پەناگەیان هەیە (سەرپەنا یان سیستەمی پشتیوانی بنەماڵە) ڕادەی توندوتیژیی نزمترە.[١٣٩]

چالاکڤانانی مافەکانی ژن لە سەرانسەری دنیادا ڕێبەرایەتی هەواڵگەلێکیان کردووە بۆ لەقاودانی توندوتیژیی دژی ژن، دەنگی قوربانییەکان ببیسترێت، شێوازی نوێی پشتیوانی دابینبکرێت، گوشار خستنە سەر حکوومەت و ئەنجوومەنە نێونەتەوەییەکان بۆ دانان بە سەرنەکەوتنیان لە پارێزگاری لە ژن، هەروەها خستنەژێر لێپرسینەوەی هەموو بەرپرسیارەکان. ئەوان پیشانیانداوە کە خۆڕێکخستن بۆ خەبات دژی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری. ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی دەستیکردووە بە هەڵمەتێك بۆ وەرگەڕخستنی پتر لە ١,٥ ملیۆن ئەندام و پشتیوانی خۆی لە هەموو جیهاندا بە مەبەستی یەکخستنی دەنگەکان لە خەبات دژی توندوتیژیی دژی ئافرەتان.

### با گرنگی بدرێتە مافەکان:

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی چالاککردنی چوارچێوەی کاریی مافەکانی مرۆڤ بۆ دژایەتیکردنی توندوتیژیی ژن باوەڕی مافەکانی مرۆڤ بەو بۆچوونەیە



کە دەڵێت وەستان بەرامبەر توندوتیژیی دژی ژن بەرپرسیاریەتییەکی گشتییە، کە پێویستی بە چاکسازیی یاسایی و کۆمەڵایەتی هەیە. مافەکانی مرۆڤ ئەو داواکارییە بەهێز دەکەن کە توندوتیژیی دژی ژن بەبێ گرنگیدان بەوەی چ واتایەکی کولتووری هەیە، کردەوەیەکی قەبووڵنەکراوە و لەشی تاکە تاکەی ژن شتێك نییە بۆ داگیرکردن. پیشاندانی ئەم خاڵە زۆر جار پێویستی بە کاری دلێرانە لەلایەن ڕێکخراوی ئافرەتانەوە کردووە.

توێژینەوە لە بارەی ناخی توندوتیژیی دژی ژن بۆتە هۆی بەهێزکردنی کاری داکۆکیکاران. بۆ نموونە لە ١٩٩٤وە ناوەندی ئافرەتان بۆ یارمەتیی یاسایی و ڕاوێژکاری لە یورشەلیم (WCLAC) لەگەڵ گرووپی دیکەی ئافرەتاندا کاریانکردووە بۆ دڵنیابوون لەوەی یاساگەلێك لە بارەی "کوشتن لەسەر شەرەف"[١٤٠] لە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی، لەنێو دەستووردا نەبێت. نەبوونی زانیاریی ڕاستەقینە، چونکە پۆلیس و تۆمارگەی دادگە ئەو ڕوونکردنەوانەی کە مردنەکان بەهۆی خۆکوشتن یان بەهۆی ڕووداوێکەوە ڕوویداوە پتر قەبووڵدەکەن، پاڵی بە WCLAC ناوە کە خۆیان بەدووی زانیاریی ڕاستەقینەدا بگەڕێن. ئەوان کوشتن لەسەر شەرەف ـ دیسانەوە ناویان ناوە ژنکوژی- هێناوەتە بەرچاوی ڕای گشتی و هەوڵدەدەن کە پێناسەی ئەم کارە لە کردەوەیەکی کوشتن بۆ مێتودێك کە بۆ کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتەی ئافرەتان بە مەبەستی سزادانیان لەبەر قەبووڵنەکردنی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، بگۆڕن.[١٤١] WCLAC ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەی جیاوازی وەکو تۆمارگە فەرمییەکان، بنەماڵە و قوربانییەکان، کارمەندانی تەندروستی، پۆلیس و دادوەرەکانەوە دەستیانکەوتووە و شیکردۆتەوە و توێژینەوە و وتوێژیان بەڕێوەبردووە.

وەکو هەموو ڕێکخراوەکانی دیکەی ئافرەتانی فەلەستینی، چالاکڤانانی WCLAC ناچار بوون بەسەر ڕێگری گەورەدا سەرکەون. یەکەم، دەبێت

رووبەڕووی هەڵاواردن و توندوتیژیی لەنێو کۆمەڵەکانی خۆیاندا ببنەوە. دووەم، ئەوان لە هەلومەرجێکی یەکجار سەختی هەژاری و نائاساییشدا کاردەکەن. لە راپەڕینی سیپتەمبەری ٢٠٠٠دا تەرکیزی کارەکانی گرووپی ئافرەتانی فەلەستینی گۆڕا بۆ کارکردن لەگەڵ توندوتیژییەکانی داگیرکاری و ناکۆکییەکان. هەرچەند زۆربەی کوژراو و بەندییەکان پیاون بەڵام لەسەر ئافرەتان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە. ٣٠٠٠ خانوو و ناوچەیەکی فراوانی زەویی کشتوکاڵی وێران بووە. پتر لە ٢٠٠٠ کەس کوژراون. هەزاران فەلەستینی خراونەتە بەندیخانەوە. گرتنی رێگەوبان و قەدەغەکردنی هاتوچوو، رێگەی لە جموجووڵی هەموو فەلەستینییەك سنووردار کردووە و بۆتە رێگرێك لە گەیشتنەسەر کار، خوێندن، خزمەتگوزاری تەندروستی و پەیوەندی بە خێزان و هاورێکانیانەوە. وێرانبوونی ئابووریی فەلەستین بۆتە هۆی ئەوەی کە ٨٠٪ی فەلەستینییەکان لەژێر هێڵی هەژاریدا بژین. بەرپرسیارێتی دابینکردنی ژیانی رۆژانە لە بەرامبەر هەژاریدا- کۆکردنەوەی خواردن، ئاو و سووتەمەنی- بە شێوەیەکی نەگونجاو و نایەکسان کەوتۆتەسەر شانی ئافرەتان.

**ناودانان لەسەر توندوتیژییەکان:**

ئەو ئازارانەی لە ئەنجامی کردارەکانی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دروستدەبن هەروەکو خەبات بۆ چاکسازی بەدرێژایی ژیان لەبیردا دەمێنێتەوە. لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا نزیکەی ٢٠٠,٠٠٠ ژن لە ئاسیاوە لەلایەن هێزەکانی ئیمپراتۆریی ژاپۆنەوە بەزۆر بران بۆ سۆزانیخانەکان. ئەم ئافرەتانە کە بە "ئافرەتانی ئاسوودەبەخش" ناودەبران، تەنیا لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٨٠و ١٩٩٠ داوای دانپێدانانی ئەو توندوتیژییانەی کە تووشیان بووبوون کرد. تا ئەو کاتە هەندێکیان بنەماڵەیەکیان نەمابوو کە "شەرم" بکەن، هەروەها چالاکڤانانی ئافرەتان دەستیانکردبوو بە پەیوەندانی ئەم پرسە لەگەڵ



گرفتی ستەمی سێکسی لەسەر ئافرەتان بەگشتی.[١٤٢]

لە ساڵی ١٩٩١دا لە وەڵامی نامەیەك کە لەلایەن کۆمەڵەی ئافرەتانی کۆریاییەوە ناردرابوو تێیدا چەند داواکارییەك لە حکوومەتی ژاپۆنی کرابوو کە داوای لێبوردن بکات، یادەوەرییەکیان بۆ بکرێت و لێکۆڵینەوەیەکی تەواو بکرێت، حکوومەتی ژاپۆنی لە وەڵامدا نکۆڵی لە بوونی بەڵگە بۆ بەزۆرهێنانی ئافرەتانی کۆریی وەکو "ئافرەتانی ئاسوودەبەخش" کرد، هەر بەو هۆیە پێویست ناکات حکوومەتی ژاپۆنی هیچ کارێك بکات. تووڕەبوون لەو وەڵامە وای کرد کە ئافرەتانێکی زۆر بەخێرایی بێنە پێشەوە و سکاڵاکانی خۆیان تۆمار بکەن. ئابی ١٩٩١ ژنێکی کۆریایی بە ناوی کیم هاك-سون یەکەم ژن کە پێشتر "ژنی ئاسوودەبەخش" بووە لە بەرامبەر رای گشتی شایەتی بدات.

ژاپۆن بە نابەدڵی تەنانەت دانی بە بوونی "ئافرەتانی ئاسوودەبەخش"دا نا. ئەم کارەی تەنیا لە ساڵی ١٩٩٢دا کرد. هەروەها بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٤دا لەنێو کتێبی فێرگەکانی ژاپۆنیدا ئاماژە بەو کرداره کرا. فۆندێکی تایبەت، نەوەك فۆندێکی فەرمی، بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکان دانرا.

دادگەیەکی ناوچەیی ژاپۆنی لە ساڵی ١٩٩٨دا حوکمێکی بە سوودی سێ ژنی کۆریای باشوور کە سکاڵایان دژی ژاپۆن تۆمارکردبوو، دەرکرد. بەڵام داداگای باڵای هیرۆشیما ئەم بڕیارەی پەسند نەکرد، چونکە بەگوێرەی بۆچوونی ئەوان و حکوومەتی ژاپۆنی پێویست بە دانەوەی قەرەبوو بە ئەو ئافرەتانە ناکات چونکە هەموو داواکارییەك لە کاتی کۆتاییهاتنی شەڕ و مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی جێبەجێکراون. هیچ کام لەو کەیسانەی کە تۆمارکران بەدواداچوونی یاساییان بۆ نەکرا.

هەرچەند تاکەکەسانی نوێنەری حکوومەتی ژاپۆنی چەند جارێك داوای لێبوردنیان کردووە، بەڵام هیچ کامیان وەکو حکوومەتی ژاپۆنی بەگشتی قسەیان نەکردووە. ژاپۆن بە هیچ شێوەیەك بەرپرسیارێتی یاسایی قەبووڵنەکرد

و ژێر هیچ بەدواداچوونێکی یاسایی ئیمزا نەکرد.

لە ساڵی ٢٠٠١دا تریبونی ناحکوومەتیی نێونەتەوەیی ئافرەتان بۆ تاوانەکانی شەڕ گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئیمپراتۆری ئێستای ژاپۆن هیرۆهیتۆ و حکوومەتەکەی بەرپرسیارن لە ناچارکردنی ئافرەتان بۆ کۆیلەییکردنی سێکسی لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا. ئەو ئەنجامە سیستەمەکە بە "لاقەکردن و کۆیلەییکردن بە مۆڵەتی دەوڵەت" دەناسێنێت.

**بەرزکردنەوەی رادەی هۆشیاری:**

چالاکڤانانی دژی توندوتیژیی - لەنێو خەڵکی ئاسایی و دەستپێشخەری ئەنجومەنەکانەوە، تا دەگاتە تۆڕی گەورەی نەتەوەیی و ناوچەیی، تا رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان- خۆیان بۆ هەوڵدانێکی هەمەوو جۆری بەرفراوان بۆ شکاندنی بێدەنگی سەبارەت بە توندوتیژیی دژی ژن خۆیان رێکخستووە، ئافرەتان فێری مافەکانیان دەکەن، پیاوان فێردەکەن کە توندوتیژیی دژی ژن پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و تاوان و کۆمەڵەکان وەگەڕدەخەن بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی دژی ئافرەتان بگرنەئەستۆ.

لە سینیگال رێکخراوێکی ناحکوومەتی بە ناوی تۆستان (بە مانای "پێشکەوتن" بە زمانی وۆلۆف)، پرۆگرامێکی لەسەر ئاستی گوندیی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ دارشتووە. ئەم پرۆگرامە جەختێکی گەورە دەخاتەسەر فێربوون بە مەرجی بەشداربوون. هەمەوو گوندییەکان، پیاو و ژن، رێبەرە ئاینییەکان و سەرۆك خێڵەکان بەشداربوون. ئەم رێکخراوە کە CEDAWیشی دەگرتەوە، بە فێرکردنی مافەکانی مرۆڤی بەشداربووەکان دەستیانپێکرد. پاش ئەوە خولێکی دیکە دەستپێێکرد لە بارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفت و تەندروستیی زاوزێ کە لەم بەشەدا بەشداربوان پێداویستییەکانی خۆیانیان پێناسە دەکردن. هەر لە میانەی ئەم پرۆسەدا ئەنجوومەنەکان خۆیان خەتەنەکردنی ئافرەتانیان بە گرفت دەستنیشانکرد و گفتوگۆیان بۆ لابردنی ئەم



کردەوەیە دەستپێکرد. پاش یەکەمین قۆناغ لە تشرینی دووەمی ١٩٩٩دا نزیکەی ٨٠٠٠٠ کەس لە ١٠٥ گوندی سەر بە ناوچەی کۆلدا لە رێوڕەسمێکدا بەشدارییان کرد و هەر لەوێدا بەیاننامەیەکیان لەبەردەم رای گشتی بۆ کۆتاییهاتنی دیاردەی خەتەنەکردنی ئافرەتان، راگەیاند.(١٤٣)

لە ساڵی ١٩٩٨ و ١٩٩٩چەندین ئۆفیسی ناوچەیی سەر بە فۆندی گەشەسەندنی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNIFEM) هەنگاوی یەکەمی بۆ هەڵمەتگەلێکی ناوچەیی گەورە بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی دژی ئافرەتان هەڵگرت. ئەم هەڵمەتانە بۆ یەکەمین جار لە ئەمریکای لاتین و کاریبی و پاشانیش لە ئاسیا و کیشوەری هێمن دەستیانپێکرد و پاشتر ئەفریقا و بەم دواییانەیش نێوەڕاستی ئاسایشی گرتەوە. ئەم هەنگاوانە سەرنجی رای گشتییان بۆ خۆی راکێشاوە و بۆنەتە هۆی گۆڕانکاری لە یاسا و سیاسەتدا. بەشداربوونی کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراوە حکوومەتی و ناحکوومەتییەکان و بەکارهێنانی میدیاکان وای کرد کە ئەم هەڵمەتانە ئەو پەیامانە بگەیەنن کە هەمەوو مرۆڤەکان، نەتەنیا ئافرەتان، بەرپرسیارن لە ئاست کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی دژی ئافرەتان.

تۆڕی گەورە و گەورەتر بە شێوەیەکی جیهانی لە سەرانسەری دونیادا دامەزراون. گرووپگەلی ئافرەتان لە باشووری کۆون لە ئەمریکای لاتین تۆڕی باشووری کۆون دژی توندوتیژیی نێوماڵێیان لە ساڵی ١٩٩٨ دامەزراند. لە ساڵی ١٩٩٠ بە نوێنەرایەتی ٢١ وڵات تۆڕی ئەمریکای لاتین و کاریبی دژی توندوتیژیی نێوماڵ و سێکسی دامەزرا. ئەو هەڵمەتانەی کە لەلایەن ئەم رێکخراو و تۆڕانەوە رێبەرایەتی کراون بوونەتە هۆی گۆڕانکاریی گرنگ لە دانانی دەستووری نەتەوەیی و هەلومەرجی سیاسی، هەروەها راگەیاندنی ناوچەیی و نێونەتەوەیی ویستی سیاسی. بۆ نموونە نزیك بە هەمەوو وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین و کاریبی یاسایان لەسەر توندوتیژیی نێوماڵ و بنەماڵەیی

هەیە. زۆربەیان یاسایان لەسەر توندوتیژیی سێکسی هەیە کە هەردوو، چاککردنەوەی یاسای سزا و دانانی بەندێك کە تایبەتە بە توندوتیژیی سێکسی دەگرێتەوە.(١٤٤)

> لە ساڵی ١٩٨١دا یەکەمین کۆبوونەوەی فێمینیستەکانی ئەمریکای لاتین و کاریبی، **٢٥**ی نۆڤەمبەریان وەکو ڕۆژی نێونەتەوەیی "نا، بۆ توندوتیژیی دژی ژنان" بۆ یادکردنەوەی کوشتنی خوشکانی میرابێل بەدەستی هێزەکانی ئاسایشی حکوومەتی تروجیللۆ لە کۆماری دۆمینیك لە ساڵی ١٩٦٠دا ڕاگەیاند. ١٩٨٧ پۆرتەریکۆ ئەو ڕۆژەی بە فەرمی ناسییەوە و لە ساڵی ١٩٩٩دا نەتەوە یەکگرتووەکان **٢٥**ی نۆڤەمبەری بە ڕۆژی نێونەتەوەیی نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژنان ڕاگەیاند.

### چالاککردنی میکانیزمی مافەکانی مرۆڤ:

ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکان، پارێزەرە یاساییەکان، مافی نێونەتەوەیی مرۆڤیان نەتەنیا بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی هۆشیاری و گوشار خستنەسەر حکوومەتەکان بەڵکو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تر بەکاردەهێنن. لە هەندێك کەیسدا کار نەکردن بە هەندێك یاسا لەلایەن ستانداردی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ لە دادگەکان و پرۆسەکانی تاواندا بەڕێوەدەچێت. دادگەی سەر بە دەستووری بنەڕەتیی تورکی بە شیوەیەکی فراوان ئاماژە بە CEDAW لە کاتی بڕیاردانەکاندا دەکات، کە یەکێك لە کاریگەرییەکانی ئەوە بوو خیانەتی ژن و مێردایەتی بە تاوان نەژمێردرێت.(١٤٥) تەنیا پاش دوو هەفتە لە قەبووڵکردنی لەلایەن ئەفغانستانەوە، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی تێبینی کرد کە سەرۆکی دادوەران لە دادگەی ناوچەی کابوول، CEDAW ی لە کەیسێکدا کە پیاوێك ژنەکەی بۆ ماوەی چەند ساڵ بەجێهێشتبوو و لە گەڕانەوەدا دەبینێت ژنەکەی شووی کردبووەوە، ڕەچاوکردبوو. مێردی پێشووی



داوای لە دادگە کرد ژنەکەی بدەنەوە و بە تۆمەتی خیانەت دادگەیی بکەن. بەگوێرەی ئامۆژگاریی کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ، ژنەکە بەهۆی ئەوەی مێردەکەی ئەرکی خۆی بەجێ نەهێنابوو داوای جیابوونەوەی کرد. لە دادگەدا دادوەر نەیویست کار لەسەر کەیسەکەدا بکات و ئاماژەی بە پەسندکردنی CEDAW لەلایەن دەستووری وڵاتەوە کرد، هەروەها بەڵگەی هێنایەوە کە ئەو حوکمەی لە کاتی ئاساییدا دەبا دەریکات لەگەڵ مافەکانی ژن بۆ یەکسانی یەك ناگرێتەوە. سەرۆکی دادوەران ئاماژەی بە ناکۆکیی مافەکان کرد و بڕیاریدا کە کەیسەکە بۆ سەرۆکی دادگەی باڵا بەرز بکاتەوە.

سیستەمە ناوچەییەکانی مافەکانی مرۆڤ بەشێکی گرنگ بوون بۆ خەبات دژی یاسا هەڵاواردنخوازەکان و داواکردنی کۆتاییهێنان بە چاوپۆشیکردن لە تاوانباران. چالاکڤانانی ژن سیستەمە ناوچەییەکانی مافەکانی مرۆڤیان بۆ خستنەژێر لێپرسینەوەی حکوومەتەکانیان و وەرگرتنی قەرەبوو خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. بۆ نموونە کۆمیسیۆنی ئەمریکای لاتین بۆ پارێزگاری لە مافەکانی ژن ئەو داواکارییانەی تۆمارکردن پێش ئەوەی کۆمیسیۆنی ئینتەر ئەمریکایی مافەکانی مرۆڤ، نەخشەی پەیمانی ئینتەر- ئەمریکایی لە بارەی پێشگرتن لە منداڵبوون، سزا و بنبڕکردنی توندوتیژیی دژی ژنان، هەروەها پەیمانی ئەمریکایی مافەکانی مرۆڤ دابڕێژرێت. لە کاتی نووسینەوەیدا بۆ نموونە لێپرسینەوەی یاسایی گونجاو سەبارەت بە توندوتیژیی سێکسی و بەزۆر نەزۆککردن دانرا.(١٤٦)

### ژێرکۆنترۆڵخستنی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵ:

لێپرسینەوە تەنیا پرسێك نییە بۆ دەوڵەت - توندوتیژیی دژی ژن بەهۆی نەبوونی لێپرسینەوە لەسەر ئاستی تاکەکەس و کۆمەڵ پشتیوانی لێدەکرێت. هەندێك "ڕێگەچارە" لەسەر ئاستی کۆمەڵ، بوونەتە هۆی هاتنەکایەی

بەرەنگاریی نویێ. ناوەندی قەیرانی ژنانی کەمبودی (CWCC) لە کەمبودیا، سیستەمێکی لە یەکێتی کۆمەڵەکان- بە بەشداریی پۆلیس، سەرۆکی کۆمەڵەکان، چالاکڤانە راهێنراوەکان/ چاودێرگەلێك بۆ نێوبژیکردن لە کاتی سەرهەڵدانی توندوتیژیی نێوماڵیدا دروستکردووە. ئەم یەکێتییە گرێبەندێك لە نێوان دەستدرێژیکەر و قوربانییەکەدا دەبەستێت و پێکەوە چاودێریی پەیڕەوکردنی ئەو گرێبەندە لەلایەن دەستدرێژیکەرەوە دەکەن. CWCC پێدادەگرێت کە بەم شێوەیە توندوتیژیی نێوماڵ لە پرسێکی تایبەتییەوە کە ژنان لە بێدەنگییدا پێیەوە دەیانناڵاند، بووە بە پرسێکی گشتی کە پێویستی بە بەشداری و گۆڕانکاری کۆمەڵ هەیە. هەرچەند زۆربەی ئەو کۆمەڵانەی کە CWCC رێبەری راهێنانەکانی کردبوون، بەرزبوونەوەی رادەی توندوتیژیی نێوماڵ و ئاژاوەیان بەخۆیانەوە دیتبوو. دەرکەوت کە هەندێك پیاو لە بەشداریکردنی ژنەکانیان هەستیان بە نائارامی دەکرد. هەندێکیان دژی ئەوە بوون ژنەکانیان لە ماڵ نەبن و ژەمەکانیان بۆ ئامادە نەکەن. لە وەڵامدا CWCC ماڵ بە ماڵ گەڕان و پیاوەکانیان هاندان بۆ بەشداریکردن لە خولی نویێ و رێگە بە ژنەکانیان بدەن کە ئەوانیش بەشدار بن. هێشتایش زۆر لە پیاوەکان نەیانویست بەشداریبکەن، بەڵام CWCC درێژەی بە کارەکەی لەنێو کۆمەڵەکان و بە یارمەتی خۆبەخشەکان و پۆلیس بۆ گەشەدان بە رێگەچارە بەهۆی کۆمەڵەکانەوە، دا.[١٤٧]

**سزای مەدەنی:**

چالاکڤانانی مافەکانی ژن لە هەندێك وڵاتدا شێوازگەلی جیاوازیی سزای مەدەنییان هەروەکو سزای تاوان بە مەبەستی وەڵامدانەوە و چاکسازیی توندوتیژیی دژی ژن پەرەپێدەدەن. سزای مەدەنی دەکرێت فەرمانی پاراستن، سزای پارەدان و لە ماڵ وەدەرنان بگرێتەوە. بۆ نموونە لە ئیتالیا دادوەرەکان



دەتوانن حوکمی وەرگرتنی بەشێك لە مووچەی مانگانەی دەستدرێژیکەر و دانی بە ئەو قوربانییەی کە دەستکورتە بدەن.[١٤٨] لە کۆلۆمبیا و کۆستاریکا داوا لە دەستدرێژیکەر دەکرێت لە ناوەندە تایبەتی یان گشتییەکان بۆ چارەسەرکردنی خۆیان بەشداریبکەن.[١٤٩]

هەڵسەنگاندنی کۆلۆمبیا، ئێل سلڤادۆر، گواتیمالا و پاراگوای بۆ پارێزگاریکردنی قوربانییان لە توندوتیژی، فەرمانی قەدەغەکردنی تاوانبارە بۆ چوونە نێو ماڵی خۆی. فەرمانی پارێزگاری لێکردنی بەم شێوەیە پتر فەرمانێکی شارەوانییە لەوەی حکوومەتی بێت. ئەم شێوازە لە وڵاتگەلێکی وەکو باربادۆس، تورکیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زۆر لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپای رۆژئاوادا ئەنجامدەدرێت. هەرچەند ژنان زۆر جار دەبینن کە فەرمانی پارێزگاریکردنیان بەتەواوی کاری پێناکرێت. لە کەیسێکدا کە لەلایەن یارمەتی ژنان لە دبلن، ئایرلەندا، راپۆرتکراوە، ژنێکی رزگاربوو لە هێرشی چەندپاتەکراوی مێردەکەی فەرمانێکی تایبەتی وەرگرت کە مێردەکەی نەتوانێت بۆ ماوەی سێ ساڵ دەستی پێبگات. لەگەڵ ئەوەیشدا درێژەی بە هەراسانکردنی ژنەکەی دا، دەهات بۆ ماڵەکەی هەڕەشەی کوشتنی خۆی و هاوڕێکانی لێدەکرد، جامی ئۆتۆمۆبیلەکەی وردوخاش دەکرد و بە درێژایی شەو تەلەفۆنی بۆ ماڵەکەی دەکرد. پاش یەکێك لەم رووداوانە گیرا و حوکمی ساڵێك چاکسازیی کۆمەڵایەتییان بەسەردا سەپاند. پاش رووداوێکی دیکە دیسان گیرایەوە و حوکمی چاودێریکردنی بەسەردا درا، کە داوای پێداچوونەوەی ئەو حوکمەی کرد. بە کەفالەت ئازادکرا و رێگەی درایە منداڵەکانی ببینێت. لە دادگەی جیابوونەوە کە پاش چەندین مانگ بەڕێوەچوو، دادگە نەیویست گوێ لەو بەڵگانەی کە لەبارەی دەستدرێژییەکانیەوە هەبوون بگرێت، بەو هۆیەی کە گوایە پەیوەندی بە کەیسەکەوە نییە. لە ئەنجامدا خەڵاتی هاوبەشبوون لە سەرپەرشتیی منداڵەکانی پێدرا.

ساڵی ٢٠٠١ یاسایەك لە ئەڵمانیا پەسندکرا کە رێگە بە دادگەکان دەدات حوکمی ماڵبەدەرکردنی تاوانبار بدرێت و بەم شێوەیە پێویست ناکات قوربانی پەنا ببات بۆ پەناگەکان. یەکێك لە نوێکارییەکانی ئەم یاسایە ئەوەیە کە ئەم بڕیارە تەنیا ئەو جووتانە ناگرێتەوە کە ژن و مێردن، بەڵکو ئەو جووتانەیش کە هێشتا زەماوەندیان نەکردووە، دەگرێتەوە.

**خێزان:**

**پێناسەیەك**

چەمکی خێزان هەمیشە وەکو خێزانی کاکڵەیی ناسراوە، بەڵام خێزان لە شێوەی جیاواز پێکهاتووە، وەکو خێزانی بەربڵاو، خێزانی دایك یان باوك بە تەنیا و ئەو خێزانانەی کە دایك و باوکەکان هەمان جنسییان هەیە (هەردوو نێر یان مێن). ئامانج ئەوەیە کە خێزان وەکو پەیوەندییەکی نزیکی تاکەکەسی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، نەك وەکو دەستگایەك کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێناسەی بۆ کرابێت.

## پێداگرتن لەسەر چالاکی ناوچەیی:


پارێزەرانی کۆتاییهێنانی توندوتیژیی دژی ژن دەیانەوێت کۆنترۆڵی تواناکانی حکوومەتە ناوچەیی، هەرێمی و شارەوانییەکانیش بکەن. رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی نەریتی جەختیان لە بەرپرسیار زانینی دەوڵەتەکان لە ئاستی نەتەوەیی کردووە لە کاتێکدا لە پاراستنی مافەکان و مسۆگەرکردنی دەستگەیشتن بە داد و دابینکردنی پارێزگاریی تەواو بۆ ئەو ژنانەی لە توندوتیژی هەڵدێن، سەرناکەون. هەرچەند لە زۆربەی وڵاتان حکوومەتە ناوچەیی و شارەوانییەکان کۆنترۆڵی خوێندن، مافی زەوجین و دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ژنانیان لەدەستدایە. ئەوان



هەروەها لە دابینکردنی پارێزگاری لە رێگەی پۆلیس، دادگەکان، پەناگە و نەخۆشخانەدا بەرپرسیارن. لەبەر رۆشنایی ئەمانەدا چالاکانی دژە توندوتیژی "مافەکانی مرۆڤ دەهێننە نێو ماڵەکانەوە"، پارێزگاری لەسەر ئاستی ناوچەیی لە ئەستۆ دەگرن بۆ ئەوەی حکوومەتەکان پتر بەرپرسیار بن، هەروەها بەرەنگاریی چاوپۆشی لە تاوانباران کە لە کۆنترۆڵ دەرچوون، بکەن.

هەندێك جار فەرمانی "هێنانی مافەکانی مرۆڤ بۆ نێو ماڵ" هەر بە واتای وشەکە وەرگیراوە. لە سانفرانسیسکۆ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گرووپەکانی ژنان خۆیان رێکخستووە بۆ دەرکردنی فەرمانێکی ناوچەیی بە مەبەستی تێکەڵکردنی بەشەکانی CEDAW لەگەڵ یاسای شارەوانی. یەکێك لە لایەنە سەرەکییەکانی پێداچوونەوەیەکی هەستیارانەی - ژێندەریی رەخنەگرانەیە لەسەر پرۆسەی بودجەی شار، بۆ گەرەنتیکردنی یەکسانی ژێندەر لە کاتی دابەشکردنی سەرچاوەکاندا. دەستپێشخەرییەکی وەکو ئەوەی سەرەوە بۆ تێکەڵکردنی CEDAW لەنێو یاسای ناوچەییدا لە بۆینس ئایرەس، ئەرژەنتین و چەند شارەوانییەکی دیکەی دونیا پەسندکرا.

لە بەرازیل بنکەی پۆلیس و پرسگەی تایبەتی ژنان دامەزراون و هەر لەزیادبوونیشدان لەوێدا رێگە بە ژنان دەدرێت کە سکاڵاکانیان بە شێوەی تایبەت رابگەیەنن. بیرۆکەکە بۆ ئەوەیە کە کارمەندگەلێکی بەتایبەت راهێنراو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژیی دژی ژنان هەبن. هەرچەند بە بۆچوونی زۆر کەس ئەم بنکەی پۆلیسی ژنانە بەو شێوەی کە پەیمانیان دابوو، نین. زۆربەی ئەو ئەفسەرە پۆلیسانەی کە کارمەندی ئەم بنکانەن ئەفسەری پلە نزمن و هەندێك جار ئەو هەستە دەکرێت کە بۆ سزادانیان بۆ ئەم بنکانە نێردراون.




هەولّدانی ریفۆرم لەنێو پۆلیسدا لە کاتێکدا گرنگنە بەڵام لایەنێکی کەمی ئەو گۆڕانە بنەڕەتییەی کە حکوومەتە ناوچەییەکان پێویستە بیکەن، دەگرنەوە. ئەوەی پێویستە سیستەمێکی دادپەروەرە کە ڕێگر بێت لەبەردەم توندوتیژیی دژ بە ژنان، خزمەتگوزاری گونجاو دابینبکات، پشتیوانی و ڕێگەچارە دابنێت، هەروەها لە تاونباران بپرسێتەوە بە شێوەیەك کە ئەنجامەکەی دیار بێت.

ژنان هەنگاوی گەلێك گەورەیان بۆ بردنە ژێر پرسیاری توندوتیژی و وەدەستهێنانی دادپەروەری و یەکسانی هەڵگرتووە. ئەوان خزمەتگوزاریی پشتیوانییان ڕێکخستووە - هەندێك جار بە یارمەتی و پشتیوانی حکوومەتەکانیان و زۆربەی جار بێ پشتیوانی ئەوان. ژنان دەستپێشخەری هەڵمەتگەلێکی ناوچەیی، نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە بەربڵاوی سروشتی توندوتیژیی دژی ژنان و بۆ شەرمەزارکردنی حکوومەتەکان کە ئەوانیش بەشدار بن، کردووە، کاریان بۆ لابردنی یاسا هەڵاواردنخوازەکان و پەسندکردنی ئەو یاسایانەی کە توندوتیژیی دژی ژنان ئاشکرا دەکەن کردووە، تۆڕی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییان کە بووە بە هۆی گۆڕانکاری لە ڕێکخراوە جیهانییەکاندا پەرەپێداوە، هەروەها یەك لەدوای یەك ڕووبەڕووی دەستدرێژیکەران بوونەتەوە، هەلومەرجی توندوتیژییان بەجێهێشتووە و داوای مافی خۆیان بۆ ژیانێکی بێ



توندوتیژیی کردووە. بەرامبەر هەستی شەرم و بوونی ناوزڕاندن کە ڕووبەڕووی ئەو ژنانەی لە بارەی ئەو توندوتیژییانەی دژیان ئەنجامدەدرێن و باسیاندەکەن، دەبێتەوە، دەڵێن "بێدەنگی بەسە".

**ئەجێندەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە *گۆڕانکاری*:**

*" هەموو مرۆڤێك لەدایکبووە بۆ ئەوەی ئازاد بێت و لە مافەکان و پلەوپایەدا یەکسان بێت."*

*جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ*

لە ماڵ و لەنێو کۆمەڵدا، لە کاتی شەڕ و ئاشتیدا، ژنان و کچان لێیاندەدرێ، لاقەدەکرێن، نوقسان دەکرێن و لە تاوانی کوشتنیان چاوپۆشی دەکرێت. توندوتیژی و هەڕەشەی توندوتیژی کاریگەریی لەسەر توانایی هەموو ژنێك بۆ سوودوەرگرتن لە مافە مەدەنی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتوورییەکانی هەیە و ژیانی هەمووومان دەشێوێنێت. هەتا توندوتیژیی دژی ژنان بەردەوام بێت، بەڵێن بۆ مرۆڤایەتییبوونی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ ناتەواو *دەبێت*.

*هەموو کەسێك مافی ژیان، ئازادی و ئاسایشیی کەسایەتی هەیە."*

*جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ*

ئەمە بۆ نکۆڵیکردن لەو دەستکەوتانەی کە بزووتنەوەکانی ژنان و مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی، نەتەوەیی و ناوچەیی وەدەستیانهێناوە نییە، بەڵکو بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە ژنانێکی لە ژمارە نەهاتوو ڕووبەڕووی ئازاری فیزیکی، سێکسی و دەروونی بەدەستی کەسوکاری نزیك و بێگانە دەبنەوە. گەلێك جار کۆمەڵ بەرامبەر توندوتیژیی دژی ژنان نەرمە و ژنان بێبەری دەکات لە ئازادیی هەڵبژاردنی چۆنیەتی ژیانکردن.

دەسەڵاتە ناوچەیی، هەرێمی و نەتەوەییەکان لە پێشگرتن و سزادانی کردەوەکانی توندوتیژیی سەرکەوتوو نین و ناتوانن ژینگەیەکی بێ توندوتیژی دابینبکەن. لە ناوچە پێکناکۆکەکاندا هەردوو هێزی حکوومەت و گرووپە چەکدارەکان بەبێ لێپرسینەوە کرداری دڕندانە دژ بە ژنان دەکەن. لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی، کاری کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان نایەکسانە و لە زۆربەی ناوچەکاندا کاتێك کە دەزگا ئابوورییە نێونەتەوەییەکان و هاوکارەکانیان لە تەواوکردنی بەرپرسیارییەتییان بەرامبەر ژنان دەبێت بە شێوەیەکی بەرچاو بخرێنە ژێر چاودێرییەوە.

توندوتیژیی دژی ژنان هەرگیز ئاسایی، یاسایی و پەسندکراو نییە و نابێت بەرامبەری نەرم بین و داکۆکی لێبکرێت. هەموو کەسێك، تاکەکەس، کۆمەڵ، حکوومەت و قەوارە نێونەتەوەییەکان ـ لە راگرتن و قەرەبووکردنەوەی ئەو ئازارەی بەهۆی توندوتیژییەوە دروستدەبێت، *بەرپرسیارن*.

*"ژنان و پیاوانی گەورەساڵ، بەبێ هیچ سنوورێکی رەگەزیی، نەتەوەیی یان ئایین، مافی خۆیان هەیە کە بزەوجن و خێزان پێکبهێنن. ئەوان مافی یەکسانیان بۆ زەوجین و لە کاتی ژنومێردایەتی و لە کۆتایی پێهێنانی ئەو پەیوەندیەدا هەیە."*

*جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ*

گۆڕانکارییەکان دەبێ لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی، نەتەوەیی و ناوچەییەوە بکرێن، لەلایەن حکوومەت، پشتیوانە تایبەتەکان، دامودەزگاکان و تاکەکەسەکانەوە سەرچاوە بگرێت. دەبێ رێز لە رێککەوتنامە نێونەتەوەییەکان بگیردرێ، یاساگەلێك پەسند بکرێن یان لابرێن، سیستەمەکانی پشتیوانی لە شوێنی گونجاودا دابنرێن و لە هەمووی گرنگتر دەبێ ئەو هەڵوێست و پێشداوەری و باوەڕە کۆمەڵایەتییانەی کە توندوتیژیی دژی ژنان بەهێز دەکەن،



بگۆڕدرێن.

**بۆ پێشگرتن لە توندوتیژی پێویستە ئێمە:**

ـ سەبارەت بە توندوتیژیی دژی ژنان بە ئاشکرا بدوێین، گوێ لە ژنان بگرین و باوەڕیان پێبکەین.

ـ توندوتیژیی دژی ژنان وەکو گەورەترین گەندەڵیی مافەکانی هاوچەرخ مەحکوم بکەین.

– رووبەڕووی دەسەڵاتداران ببینەوە ئەگەر لە پێشگرتن، سزادان و چاککردنەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان سەرکەوتوو نەبن،

– بەرەنگاری هەڵوێستی ئایینی، کۆمەڵایەتی، کولتوری و ئەو رەفتارە لەقاڵبدراوانەی کە لە مرۆڤایەتیی ژن کەم دەکەنەوە، ببینەوە.

– پەرەپێدانی دەستگەیشتنی یەکسانیی ژن بە هێزی سیاسی، بڕیاردان و سەرچاوەکان و .....

– پشتیوانی لە ئافرەتان بۆ رێکخستنی خۆیان بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە توندوتیژی بکرێت.

**هەڵمەتی جیهانیی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بۆ راگرتنی توندوتیژیی دژی *ئافرەتان*:**

*"هەموو کەسێك بەرامبەر یاسا یەکسانە و مافی بۆ پاراستنی یەکسان و بەبێ هەڵاواردن لە بەرامبەر یاسادا هەیە."*

*جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ*

رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی هاوکاریی چالاکڤانانی مافەکانی ژن و ئەو گرووپانە دەکات کە هەر ئێستا بۆ لەقاودان و چاککردنەوەی توندوتیژی کاردەکەن. رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لێکۆڵینەوە لەسەر کردەوەی

توندوتیژیی دژی ئافرەتان دەکات و لەقاویان دەدا. هەروەها پێدادەگرێت لەسەر ناسینەوە و مەحکومکردنی ئەم پێشێلکارییانە لەلایەن رای گشتییەوە.

**هەڵمەتی راگرتنی توندوتیژیی دژی ژن لەسەر ئاستی جیهانی:**

*"هەموو کەسێك مافی بەشداربوون لە حکوومەتی وڵاتەکەی {خۆیدا} هەیە، بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان لەرێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەوە بێت."*

*جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ*

- بانگهێشتنی رێبەرانی دونیا، رێکخراوەکان و تاکەکەسەکان دەکات بۆ ئەوەی بەرامبەر رای گشتی بەڵێن بدەن کە جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ – کە بەڵێنی مافی یەکسان و پارێزگاری بە هەموان دەدات، راستییەك بێت بۆ هەموو ژنێك.

**هەڵمەتی راگرتنی توندوتیژیی دژی ژن لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی**

گوشار دەخاتەسەر حکوومەتەکان بۆ:

- پەسەندکردن و بەئەنجام گەیاندنی رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی هەڵاواردن دژی ئافرەتان و پرۆتۆکۆلە هەڵبژێردراوەکانی بەبێ هیچ مەرجێك.
- پەسندکردنی یاسای رۆم لە بارەی دادگەی نێونەتەوەیی تاوان و رەزامەندی لە ئەنجامدانی یاسا نەتەوەییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە چاوپۆشی و پشتگوێخستنی توندوتیژیی دژی ژنان لە کاتی ناکۆکی چەکداریدا.
- رێککەوتن لەسەر پەیمانی نێونەتەوەیی بازرگانی چەك بۆ راگرتنی پەرەپێدانی چەك کە بۆ توندوتیژیی دژی ژنان بەکاردەهێنرێت.



**بانگهێشتنی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە ناوچەییەکان بۆ:**

*"نابێت هیچ کەسێك رووبەرووی ئەشکەنجە یان مامەڵەی بێبەزەییانە، نامرۆڤانە یان سووکایەتیپێکردن و سزادان بکرێت."*

*جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ*

- هاوکاریکردنی وڵاتان بۆ گەشەپێدانی پلانێکی کاریی بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی دژی ژنان، هەروەها دانانی میکانیزمێك بۆ چاودێریکردنی چۆنیەتی بەرێوەچوونی کارەکان.
- بەتەواوی و خێرایی ئەنجامدانی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی ژن، ئاشتی و ئاسایش، هەروەك لەو لێکۆڵینەوەی کە لەلایەن سکرتارییەتی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کراوە و ئەو پێشنیازانە دەگرێتەوە لەبارەی ژن و ئاشتی و ئاسایش.(١٥٠)

**راگرتنی توندوتیژیی دژی ژنان لەسەر ئاستی نەتەوەیی:**

- پێدادەگرێت لەسەر لابردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە رێگە بۆ چاوپۆشی لە لاقەکردن و کوشتنی ژنان خۆش دەکەن، پەیوەندی لەسەر بنەمای رەزامەندی دوولایەنە لە ژیانی تایبەتدا بە تاوان دەزانن، مافی ژن لە هەڵبژاردنی جووتەکەی سنووردار دەکات و رێگە لە ژنان دەگرێت کە دەستی بە تەندروستی زاوزێکردن و پیلانی منداڵبوون بگات.
- بانگەشە بۆ پەسندکردنی ئەو یاسایانەی کە جەخت لە پاراستنی ژن دەکەن، ژنان دڵنیا بکرێنەوە کە توندوتیژیی لەنێو خێزاندا هەروەکو هێرشکردن لە کاتی دیکەدا بەجیددی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەروەها لاقەکردن و توندوتیژییەکانی دیکەی دژی ژن بە تاوان دەژمێردرێت.
- بانگهێشتنی دەسەڵاتە نەتەوەیی و ناوچەییەکان دەکات بۆ

سەرمایەگوزاری و پشتیوانیکردنی ئەو کارانەی کە یارمەتی ژنان دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن بێ توندوتیژی بژین، وەکو پرۆگرامی فێرکردنی هاووڵاتییان، راهێنان و سیستەمگەلێك بۆ پشتیوانی و پارێزگاری لە قوربانییەکانی توندوتیژی و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤی ژن.

- گوشار هێنانەسەر حکوومەتەکان، ئەنستیتۆ ئابوورییەکان و ئەکتەرە یاریدەدەرەکان بۆ قەلاچۆکردنی هەژاریی ئافرەتان بە دڵنیاکردنەوەی دەستگەیشتنی یەکسان بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە خواردن، ئاو، موڵك، کار، هەروەها پلەی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، هەروەها بە پاراستنی تۆڕەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ دابینکردنی پەناگە، بەتایبەت لە کاتی گوشاری ئابووری و بێ ڕێگە و جێگەیدا.

**هەڵمەتی راگرتنی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لەسەر ئاستی ناوچەیی:**

- جەختکردنەسەر کۆمەڵەکان بۆ کارکردن لەسەر پێکهێنانی هەلومەرجێك کە پشتیوانی لە ئافرەتان بکات بۆ پیشاندانی توندوتیژیی لەڕێگەی دروستکردنی ساختار "بنیاد"گەلێکی کۆمەڵایەتی و پرۆسەگەلێك بۆ پارێزگاری لە ئافرەتان و دابینکردنی یارمەتی بە رزگاربووانی توندوتیژی، بەرزکردنەوەی رادەی هۆشیاری لە بارەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، هەروەها دڵنیاکردنەوەی داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤی ژن لەوەی کە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیاندا ئازادن.
- پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە ئافرەتان بە یەکسانی دەستیان بە شوێنە بڕیاردەرەکانی نێو حکوومەت و ساختاری کۆمەڵەکان بگات.
- بانگهێشتنی قەوارە ئایینییەکان و دەسەڵاتە نەریتی و نافەرمییەکان کە هەر کارێك هاندەری توندوتیژیی دژی ئافرەتان بێ یان ئەوانەی نەرمی لەبەرانبەر ئەو کردەوانەدا دەنوێنن، شەرمەزار بکەن و دەستی لێهەڵگرن، هەروەها رێز لە مافەکانی مرۆڤی ئافرەتان بگرن.
- پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە دەبێت گرووپە چەکدارەکان ئەوە بۆ



هێز و پشتیوانەکانیان روون بکەنەوە کە هەرگیز توندوتیژیی دژی ئافرەتان قەبووڵ ناکرێت و بە شێوەیەکی گونجاو ئەو کەسانەی کە لەژێر فەرمانی ئەواندان و کردەوەی لەم جۆرانە ئەنجامدەدەن تەمبێ بکەن. کاتێك ئەو گرووپانە کۆنترۆڵی ناوچەیەکیان بەدەستە هەیە، دەبێ پاراستنی ئافرەتان لە هەڵاواردن و توندوتیژی بگرنە ئەستۆ، هەروەها ئافرەتان دڵنیا بکەنەوە کە هەموو تاوانکارێکی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دەخرێنە بەردەم دادگە.

- جەختکردن لە هەر تاکەکەسێك کە بەرەنگاریی ئەو وێنا نێگەتیڤانەی لەسەر ئافرەتان هەن ببنەوە و بەرامبەر راگەیاندنە گشتییەکان، ریکلام و پرۆگرامی خوێندنی فێرگەکان راوەستن کە هەڵاواردنخوازانە بڵاودەکەنەوە و ڕێگە بەهێشتنەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دەدەن.
- بانگهێشتنی کۆمەڵەکان بۆ کارکردن لەگەڵ ئەوانەی کە زۆرترین کاریگەریی توندوتیژییان لەسەر بووە بە مەبەستی گەشەپێدان و جێبەجێکردنی ستراتیژییەکی ناوچەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان.